# ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

ئامادەکردن و وەرگێڕانی

کارزان عومەر

پیاچوونەوەی

نەورۆز حسێن

٢٠٠٧


مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)

سلێمانی ـ گەڕەکی ئەندازیاران ـ ١٠٥

کۆلانی ـ ٣٢

ژ.خانوو ـ ١٠



www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com



※ **ناوی کتێب:** ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

※ **ئامادەکردن و وەرگێڕانی:** کارزان عومەر

※ **نەخشەسازی و بەرگ:** فەهمی جەلال

※ **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

※ **چاپی یەکەم:** سلێمانی ٢٠٠٧

※ **ژمارەی سپاردن** (٦١٤) ی ٢٠٠٧

※ **ژمارەی زنجیرە:** (٢٢٩)

※ **چاپ:** دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک). ساڵی ٢٠٠٧

## پێڕست


پێشەکی........ ٧

یەکەم: ئامانج لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان........ ١١

دووەم: دروستبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ..... ١٣

ڕێکەوتننامەی ئەتلەنتیك ........ ١٦

سێیەم: پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان........ ٢١

١. کۆمەڵەی گشتی........ ٢٢

٢. ئەنجوومەنی ئاسایش........ ٢٤

٣. سکرتاریەت........ ٢٨

٣:أ ستافی سکرتاریەت........ ٢٨

٣:ب سکرتێری گشتی........ ٣٠

کوفی ئەنان، پوتروس غالی........ ٣٣

٤. ئەنجوومەنی ئابووری‌و کۆمەلأیەتی ........ ٣٦

٥. دادگای دادی نێودەوڵەتیی لاهای........ ٣٨

٦. ئەنجوومەنی ڕاسپاردن ........ ٣٨

چوارەم: ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان........ ٢٩

پێنجەم: سەرمایەی نەتەوە یەکگرتوەکان........ ٤٣

شەشەم: کاریگەریە نێودەوڵەتیەکانی ........ ٤٥

حەوتەم: هێزەکانی ئاشتیپارێز........ ٤٨

١. یەکەمین ئەرکی هێزە ئاشتی........ ٤٩

٢. ئەرکە یەك لەدوا یەکەکان........ ٥١

٣. هەڵوێستە گۆڕراوەکان لە بەرامبەر........ ٥٥

نمونەی ئەرکی ئاشتیپارێز: نەتەوە یەکگرتوە........ ٥٧

هەشتەم: گەشەکردنی ئابووری ........ ٦٨

نۆیەم: ژینگەی جیهانی ........ ٧٣

دەیەم: مافەکانی مرۆڤ........ ٧٧

یازدەیەم: کۆنترۆڵکردنی چەکەکان و داماڵینی........ ٨٣

دوازدەیەم: پەیوەندی لەگەڵ ولأتە یەکگرتوەکانی........ ٨٧

سیازدەیەم: قەیرانە داراییەکان و ئومێدەکانی........ ٩٢

کۆمەڵێك لە وەکالەتەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان

١. وەکالەتی ووزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی ........ ٩٦

٢. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی........ ١٠٠

٢:أ دروست بوونی دادگاکە........ ١٠٢

باکگراوندی مێژوویی دادگای ........ ١٠٢

٢:ب کۆنفرانسی ڕۆما........ ١٠٥

٢:ج دەسەلأتی دادگایی........ ١٠٨

٢:د سترەکچەرو بەرێوەبردن........ ١١٣

٢:ه بەدواداچوونە گشتیەکان........ ١١٦

٣. ڕێکخراوی لێبووردنی گشتی........ ١١٩

٣:أ سالأنی سەرەتا ........ ١٢٠

٣:ب ستراتیجیەتە نوێیەکان ........ ١٢٤

٣:ج ناکۆکیەکان لەسەر نیڵسۆن ماندێلا ........ ١٢٧

٣:د گەشەکردنە نوێیەکان........ ١٢٨

٤. ڕێکخراوی پەروەردەو زانست‌و ڕۆشنبیری........ ١٢٩

٥. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی........ ١٣٠

٦. زانکۆی نەتەوەیەکگرتوەکان ........ ١٣٢

٧. ئۆفیسی یارمەتیدانی کارەساتەکانی...................... ١٣٤
٨. پرۆگرامی خۆراکی جیهانی.................................. ١٣٥
٩. نەتەوە بێ نوێنەرەکانو رێکخراوە ....................... ١٣٦
١٠. ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای پەنابەرانی................. ١٣٨

## پێشەکی:

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیەو لەسەر ئەساسی هەماهەنگی و ئاشتی جیهانی، دروست بووە. ئەم ڕێکخراوە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دروست بوو، کە لە ساڵی ١٩٤٥ کۆتایی هات. پەیامی ئەم ڕێکخراوە بریتیە لە: پاراستنی ئەمنو ئاسایشی جیهان، گەشەپێدانی پەیوەندیە باشەکانی نێوان دەوڵەتان، هەماهەنگیکردنی هاوکاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهان و هاندانی زیاتر بۆ ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ.

نەتەوە یەکگرتوەکان بریتیە لە: یەکگرتنی کۆمەڵێك دەوڵەت کەوا ڕازین بە هاوکاریکردنی یەکتر. ئەم ڕێکخراوە کاردەکات بۆ هێنانی دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان و دەوڵەتە هەژارەکان، دەوڵەتە گەورەکان و دەوڵەتە بچووکەکان. ئەمە لەگەڵ بوونی جیاوازی لە ڕووی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسیەوە. دەوڵەتە ئەندامەکان، بۆ دامرکاندنەوەی ململانێیەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە،



پێکەوە ڕێکەوتون، بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێز یاخود هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی هێز، لە دژی دەوڵەتانی ترو هەروەها ڕەتکردنەوەی یارمەتیدانی ئەو دەوڵەتانەی کەوا بەرهەڵستکارن لە بەرامبەر ئیشوکارەکانی ئەم ڕێکخراوە.

بوونە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان کراوەیە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کەوا ئامادەن بۆ هاندانی پەیامی ئەم ڕێکخراوە و ملکەچن لە بەرامبەر بنەماکانی. هەموو دەوڵەتێك، گەورەبێت یان بچوك، خاوەنی یەك دەنگی یەکسانە لەم ڕێکخراوە. هەروەها هەموو دەوڵەتێك ئەوەی لێی داوادەکرێت لە بۆ گەشەپێدانی ئەم ڕێکخراوە، دەبێت بەپێی توانا جێبەجێی بکات. ژمارەی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان تا ساڵی ٢٠٠٣ سەدو نەوەدو یەك (١٩١) ئەندام بوو. بە شێوەیەکی نزیك هەموو دەوڵەتانی جیهانی لەخۆ گرتوە.

کاریگەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە کاروبارەکانی جیهان، بە درێژایی ساڵانی تەمەنی، بەرزو نزمی زۆری بە خۆوە دیوە، بەڵام ئەم ڕێکخراوە ناوبانگی نوێی بەدەستهێنا، کە لە ساڵانی نەوەدەکانەوە دەستی پێکرد. ئەم ڕێکخراوە بوو بە هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ لە ساڵی٢٠٠١ دا. تا ئێستاش ئەم ڕێکخراوە ڕووبەڕوی

ئاستەنگی بەردەوام دەبێتەوە. پێویستە بە شێوەیەکی بەردەوام هاوکاری نێوان دەوڵەتە ئەندامەکانی توند بکاتەوە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی ئەم ڕێکخراوە کەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدەستهێنانی ئەو هاوکاریانە هەر وا ئاسان نیە، چونکە زۆربەی دەوڵەتەکان حەز ناکەن دەسەڵاتەکانیان بخەنە لاوەو شوێن فرمانەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەون.

وەرگێرانی ئەم باسەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تائێستا کتێبخانەی کوردی بەم بابەتە ئاشنا نەبووە، بەنسبەت چینی خوێنەری کوردەوە پێویستە شارەزایی هەبێت لەبارەی پێکهاتەی ئەم ڕێکخراوەوە، ئامانجەکان لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە، ئەو کارانەی ئەم ڕێکخراوەی لەماوەی پەنجا ساڵی رابردوی خۆیدا کردونی بۆ مرۆڤایەتی. لەم دوایەشدا ڕێکخەری کاروبارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نەتەوەیەکگرتوەکان دامەزرا دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە. جێیخۆیەتی ئاماژە بەو روداوە مێژوویە بدەین کە ، یەکەم کوردێك کە بە زمانی شیرینی کوردی دایك لە بەردەم سەرۆك و نوێنەری چەندین دەولەت کە قسەی کردبێت، سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ بەڕێز (مام



جەلال) بوو، لە کۆبونەوەی ساڵانەی کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوەکە ساڵی ٢٠٠٦ لە نیۆرك.

بێگومان هیچ کارێك بیٚ کەموکوری نابێت بە تایبەتی کاری وەرگێران، بەو هێوایەی توانیبێتم کارێکی باشم ئەنجام دابێت.

کارزان عومەر

سلێمانی

٢٠٠٧

## یەکەم: ئامانج لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان:

نەتەوە یەکگرتوەکان هەمان ئەو ئامانج و هەیکەلە بنەرەتیەی هەیە کە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، لە ساڵی ١٩٤٥دا، هەیبووە. لە ئامانجە سەرەتاییەکانی و گەورەترین سوودیشی بۆ ئەندامەکانی بریتیە لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی جیهانی کە ئەوەش باشتر یارمەتی هاندانی ئابوری و بازرگانی نێودەوڵەتی دەدات. سەرەڕای ئەو ئەرکە سەرەتاییەی، ئەم ڕێکخراوە خزمەتی دەوڵەتە ئەندامەکانی خۆی دەکات لە ڕێگای جۆراوجۆری دیکەوە. نەتەوە یەکگرتوەکان مێزگرد ئامادە دەکات بۆ دەوڵەتان، بۆ خستنەڕووی دیدەکانیانو چارەسەرکردنی کێشەکانیان بۆ



ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی توندوتیژی. ڕێگەی داوە بە دەوڵەتان بۆ هاوکاریکردن لە چارەسەرکرنی کێشە جیهانیەکاندا، هەروەکو دیاردەی هەژاری، نەخۆشی، هەروەها تێکچونە ژینگەییەکان. نەتەوەیەکگرتوەکان وەکو ڕەمزێک لە سیستەمی نێودەوڵەتی، هەروەها وەکو کەسایەتیەکی جیهانی، کار دەکات. ئەم ڕێکخراوە یارمەتی گەشەپێدانی پێشکەوتنی هەردوو لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەدات لە دەوڵەتە هەژارەکان یان دەوڵەتانی جیهانی سێهەمدا، چونکە ئەو جۆرە کێشانە دەبنە سەرچاوەی ناکۆکی و ناکۆکیش دەشێت جەنگ بەرهەم بهێنێت.

نەتەوە یەکگرتوەکان یارمەتی ڕێکخستنی ئیشوکاری سەدان وەکالاتو پرۆگرام دەکات، ئەم دوانەش چ لە ناو ڕێکخراوەکە، یان لە دەرەوەی ڕێکخراوەکەدا بێت. هەروەها زانیاری (داتا) ی نێودەوڵەتی کۆدەکاتەوەو بڵاوی دەکاتەوە.

## دووەم: دروست بوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:

نەتەوە یەکگرتوەکان بریتیە لە دەرئەنجامی مێژوویەکی درێژ لە هەوڵدان بۆ باشترکردنی هاوکاریە نێودەوڵەتیەکان. لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئەمانوێل کانت) پێشبینی حکومەتێکی فیدراڵی، فیدراسیۆن federation یان کۆمەڵەleague ی بۆ نەتەوەکانی جیهان کرد. کانت باوەڕی وابوو ئەم حکومەتە یەکگرتوە ڕێگە بە دەوڵەتان دەدات کەوا یەکبگرن و سزای ئەو نەتەوانەش بدەن کەوا بە حەماسەوە کار دەکەن بۆ کاری دوژمنایەتی. ئەم جۆرە یەکگرتنانە لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە بۆ پارێزگاریکردنی یەکدی لە دژی هەر دەستدرێژکارێك هەندێکجار بە "ئاسایشی گشتی" ناو دەبرێت. کانت هەروەها هەستی بەوە کرد کە فیدراسیۆنەکە



مافی نەتەوە بچووکەکان دەپارێزێت کە بوونەتە گەمەی بەردەست نەتەوە گەورەکان.

بیرۆکەکەی کانت لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ١٩١٤-١٩١٨ بەدەرکەوت. ئەو ولاّتانەی کە لە کاولکاریەکانی جەنگ دەترسان، بیریان لەوە کردوە کەوا پێکەوە کار بکەن بەرەو بەدەستهێنانی ئاشتی و ئاسایش. ئەوان ڕێکخراوێکی نوێیان پێکهێنا، (کۆمەڵەی گەلان) بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە. کومەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٠-١٩٤٦ درێژەی کێشا. ئەم کۆمەڵەیە بە درێژایی ئەو مێژوویەی کە تۆماری کرد ٦٣ ئەندامی هەبوو، زۆرێك لەوانە لە دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمە بوون: وەکو فەرەنسا، دەوڵەتی بەریتانیای گەورە، ئیتاڵیا، ژاپۆن، ئەڵمانیاو یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو. بەلاّم کۆمەڵەکە دوو خەلەلی سەرەکی تیادا بوو. یەك: کۆمەڵێك لە دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمە ئەندام نەبوون تیایدا، لە سەرو هەموویانەوە وولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، دوو: ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی دیار ئارەزوویان لەوە نەبوو کە دژایەتی گێرەشێوێنیەکانی هەر یەك لە دەوڵەتانی ژاپۆن و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا بکەن لە دەیەی سییەکانی سەدەی بیستدا. ئەم سەرکێشیەی ئەم دەوڵەتانە کردیان، بە هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێهات لە

سالانی ١٩٣٩-١٩٤٥ ، لە کۆتاییدا کۆمەڵەی گەلان لە بنەڕەتریترین پەیامی خۆیدا، شکستی هێنا، لەوەی ڕێ لە هەڵگیرسادنی جەنگی جیهانی دووەم بگرێت.

لەگەڵ ئەم داڕووخانەشدا، بیرۆکەی ئەم جۆرە ڕێکخراوە کۆتایی پێنەهات. یەکەم کۆبوونەوە بۆ دروستکردنی ریکخراوێکی نوێ لە ساڵی ١٩٤١وە دەستی پێکرد، کاتێك سەرۆکی ئەو کاتەی ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (فرانکلین ڕۆزفێڵت) و سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی بەریتانیا (وینستۆن چەرچڵ) لەسەر ڕێککەوتنامەی ئەتلەنتیك ئیمزایان کرد. ئەوان ڕێککەوتن لەسەر ڕێڕەوێك بڕۆن و ئیش بکەن کە زۆر کاریگەر بێت، سیستەمێکی کاریگەر دروست بکەن بۆ پاراستنی ئاسایشی جیهان و زیادکردنی ئاستی هاوکاریکردن. لە ساڵی ١٩٤٢ نوێنەرانی هەر یەك لە دەوڵەتانی هاوپەیمان (هاوپەیمان لە جەنگی جیهانی دووەمدا، کۆیان بریتی بوو لە ٢٦ دەوڵەت، ئەم دەوڵەتانە دەجەنگان لە دژی دەولەتانی میحوەر وەك ژاپۆن و ئەڵمانیای نازی بە سەرکردایەتی ئەدۆڵف هیتللەر)، بەیاننامەیەکیان لە لایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە ئیمزاکرد بە ڕازیبوون لەسەر پرینسیپەکانی ڕێکەوتننامەی ئەتڵەنتیك.



## ڕێکەوتننامەی ئەتڵەنتیك
## Atlantic Charter:

بەیانێکی تێروتەسەلی هەر یەك لە ولاَتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بوو، لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەم، کە لە سیاسەتە نیشتمانیەکانیان کۆمەڵێك پرەنسیپی هاوبەشیان دەربڕی تاوەکو بەدواداچونی بۆ بکرێت لە فەترەی دوای جەنگدا. بەیانەکە پێکهات و لە ١٤-٨-١٩٤١ لە لایەن سەرۆك فرانکلین ڕۆزفێلت و وینستۆن چەرچڵ ئیمزای لەسەر کرا. دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوە لەسەر کەشتییەکی جەنگی لە باکووری ئەتلەنتیك، لە کەناری نیو فاولاند، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە هەموو کەسێك مافی هەیە بۆ هەڵبژاردنی پێکهاتە تایبەتەکانیان لە حکومەت ، نەك بوونی سنووره گۆڕاوەکان کە فەرز کراوە لەسەریان. ماف هەیە بۆ هەمو نەتەوە سەرکەوتوەکان و

شکستخواردوەکان(لەجەنگی جیهانی دووەم)، هەبوونی ڕێگا بۆ بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانی زەوی، هەروەك بوونی ئارەزووی هاوکاری ئابووری لە نێوان نەتەوەکان و چاکسازیکردن لە باردۆخەکانی ژیان بۆ خەڵکانی ئیشکەر.

میساقەکە هیواو ئارەزوی خۆی دەردەبڕێت، دوای تێکشکانی نازیەت، هەموو دەوڵەتێك بتوانێت هەست بە سەلامەتی خۆی بکات لە بەرامبەر کاری دەستدرێژی. خەڵکی جیهان سەربەست بن لە ترسەکان، لەوەی کە دەیانەوێت. هەروەها میساقەکە دانی نا بە پرنسیپی سەربەستی کاری دەریاییەوە. مرۆڤایەتی هۆشیارکردەوە بەوەی کەوا پێویستە خۆیان بەدوور بگرن لە بەکارهێنانی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا، هەروەها جەختی کردەوە لەسەر پێویستی بۆ داماڵینی چەکە کۆکوژەکان دوای سەرکەوتنی چاوەڕوانکراوی هاوپەیمانان. لە کۆنفرانسەکەدا کە لە (واشینتۆن دی سی) بەسترا لە ١-١-١٩٤٢. هاوپەیمانان پاڵپشتییان لە بەرنامەیەکی هاوبەش کرد لە مەبەستەکان و پرینسیپەکان، کە لە بەیانێکی تەواودا کۆکرایەوە و ناونرا " میساقی ئەتلەنیك". بەیانەکە ئەم پێکەوەلکانەی بەرجەستەکرد بۆ میساقەکە،



ڕاگەیاندنەکەش ناونرا "نەتەوە-یەکگرتوەکان"، کە دواتر ئیمزا کرا لە لایەن زۆربەی دەوڵەتە سەربەستەکانەوە.

بەیانەکە یەکەمین ناوی رەسمی بەکارهێنراوی "نەتەوە یەکگرتوەکان"ی لەخۆگرتبوو، (ناوەکەش پێشنیاری سەرۆك ڕۆزەفێڵت بوو). دوای ساڵێك، چوار لە دەوڵەتانی هاوپەیمان ، بەریتانیا، ئەمریکا، چین، سۆڤێت، ڕێککەوتن لە سەر دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی گشتگیر. ئەو چوار دەوڵەتە لە ١٩٤٤ لە (دومبارتن ئۆکس) لە واشینتۆنD.C. پێك گەیشتن و ڕەشنووسی ڕێککەوتنامەی ڕێکخراوە نوێیەکەیان نووسی. کۆمەڵە تازەکەیان ناو نا نەتەوە یەکگرتوەکان، بەڵام ئەوان هێشتا نەیانتوانیبوو لەسەر کۆمەڵێك تەفاصیل، ڕێکبکەون. وەك: مافی بوونە ئەندام و مافی دەنگدان. هەر چوار دەوڵەتەکە بۆ جارێکی تر لەسەر ئاستی باڵا لە ساڵی ١٩٤٥ لە (یاڵتا) بە یەك گەیشتنەوە. لەوێ، ئەو خاڵانەیان تاوو توێ کردو کۆتاییان پێ هێنا کە پێشتر لەسەری ناکۆك بوون، بانگەشەیان بۆ بەستنی کۆنفرانسێك لەسەر ئاستی دەوڵەتان کرد بۆ تەواوکردنی ئیشوکارەکان.

لە ٢٥ی ئەپرێلی ١٩٤٥ نەتەوە یەکگرتوەکان وەکو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لە سانفرانسیسکۆ بە بەشداریی نوێنەرایەتی نزیکەی ٥٠ دەوڵەت، کۆبۆوە. نوێنەرەکان

نزیکەی دوو مانگ کاریان بۆ تەواوکردنی میساقەکەکرد، کە ئامانج و پرەنسیپ و هەیکەلی ڕێکخراوەکەی لەخۆگرتبوو. میساقەکە ڕێکەوتنامەیەکی لەخۆ گرتبوو کە داوای لە دەوڵەتانی جیهان دەکرد بۆ دانانی بنەمایەکی ئەساسی هاوبەش تا ئەو پەیوەندیانە ببات بەرێوە.

نەتەوە یەکگرتووەکان وەك ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی فەرمی، لە ٢٤ ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٥، هاتە بوون. هەروەکو کۆمەڵەی گەلان، نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی و نەهێشتنی ڕوودانی جەنگێکی جیهانی دیکە، دامەزرا. نەتەوە یەکگرتوەکان دەیزانی ئەو کارە سەرکەوتوو نابێت ئەگەر پشتگیرییەکی بەردەوامی بەهێزترین وڵاتانی جیهانی نەبێت. ڕێکخراوەکەش چەندان هەنگاوی نا بۆ مسۆگەرکردنی ئەو پشتگیریە. بۆ هاندانی وڵاتە یەکگرتوەکان بۆ ئەوەی بەشداریەکی بەردەوامی هەبێت، نەتەوە یەکگرتوەکان بارەگای خۆی لە شاری نیویۆرك دامەزراند هەروەها تاوەکو وڵاتە بەهێزەکانی جیهان دڵنیا بن کە ئەم ڕێکخراوە هەڕەشە لە سەربەخۆییان ناکات، نەتەوە یەکگرتوەکان مافی ڤیتۆی بەسەر گرنگترین کارو چالاکیەکانیاندا پێبەخشین. پێنج وڵات ئەم مافی ڤیتۆیەیان وەرگرت: وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، یەکێتی سۆڤێتی جاران، چین.



(ڕوسیای ئەمڕۆش مافی ڤیتۆی یەکێتی سۆڤێتی پێشوی بۆ مایەوە لەدوای کۆتاییهاتنی ئەو دەوڵەتە لە ساڵی ١٩٩١دا).

لایەنێکی سەرەکیتر هەیە کە نەتەوە یەکگرتوەکانی، بە پێچەوانەی سەرەتاکانی کۆمەڵەی گەلانی پێشوو، بەهێز کردووە، ئەویش ئەوەیە بە گریمانەیی هەموو هەرێمێك یان ناوچەیەك یان کۆڵۆنێك لە جیهاندا ئەندامە تیایدا، بەدەر لە سویسرا، کە تەنها چاودێرە لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا. ئەمەش بەو واتایەی کەوا دەتوانێت بەشداری بکات لە تەوەرو گفتوگۆی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەڵام مافی دەنگدانی نیە. سویسرا ئەوەی ڕەچاو کردوە کە دەبێتە ئەندامێکی تەواوەتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان. بە درێژایی ساڵانی ڕابردو دەنگدەرانی ئەم دەوڵەتە دوو ریفراندۆمیان ڕەفز کردەوە کە پیشنیاری دەکرد سویسرا ببێتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان. سویسریەکان بە شێوەیەکی روون ئەوەیان پێ باش بوو کە پارێزگاری لە حاڵەتی چاودێریبوونی بێلایەنانەی خۆیان بکەن. هەندێك قەوارەی سیاسی نائەندامیش بوونی هەیە وەك: شاری ڤاتیکان و ریکخراوی ئازادی خوازی فەلەستینی(PLO)، کە لە نەتەوە یەکگرتوەکان ئەرکی چاودێری هەمیشەیی هەیە.

## سێیەم: پێکهاتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان:

میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان شەش هەیکەلی جیاوازی دامەزراندوە کە ئیش‌وکارە جیاوازەکان بەڕێوە دەبەن، کە بریتین لە:

١). کۆمەڵەی گشتی
٢). ئەنجوومەنی ئاسایشl
٣). سکرتاریەت
٤). ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلأیەتی
٥). دادگای دادی نێودەوڵەتی
٦). ئەنجوومەنی ڕاسپاردن



### ١. **کۆمەڵەی گشتی** General Assembly:

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان پێکهاتوە لە ١٩١ دەوڵەتە ئەندام، هەر یەك لەودەوڵەتانە یەك دەنگی هەیە. ئەم کۆمەڵەیە لە ئیش‌وکارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکاندا، پابەندە بە هەموو بڕیارو گفتوگۆ سەرەکیەکانەوە. ئەم ئەنجوومەنە وەکو هۆڵیکی جیهانی وایە، پێدانی ناوەندێکی بەهێزو شیاوە بۆ دەوڵەتان بۆ بەرەوپێشبردنی ئایدیاکانیان‌و گفتوگۆی مەسەلەکان. کۆمەڵەکە توانای هەیە گفتوگۆ دروست بکات‌و ئامۆژگاری بدات لەسەر هەر مەسەلەیەك کە لە میساقی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتوە. هەرچەندە ئەم ئامۆژگارییانە زۆرەملێی تێدانیە چونکە ئەم کۆمەڵە دەسەلأتی نیە بۆ ئەوەی ناچاریان بکات. بڕیاردان لەسەر مەسەلە ڕۆتینیەکان، دەنگی زۆرینە وەردەگیرێت، بەلأم بڕیارە گرنگەکان پێویستی بە دەنگی زۆرینە هەیە بە ڕێژەی ٢/٣.

کۆمەڵەی گشتی ساڵانە کۆدەبێتەوە لە دانیشتنە ڕێکەکاندا کە بە شێوەیەکی گشتی لە ناوەڕاستی مانگی نۆوە دەست پێدەکات تاوەکو ناوەراستی مانگی دوانزدە، لەم ساڵانەی دواییشدا کۆمەڵەی گشتی خولی ساڵانەی هەبوە. هەروەها بە لایەنی کەمەوە هەموو ساڵێك لەسەر

بابەتێكی دیاریكراو كۆ دەبێتەوە، بۆ نمونە یارمەتیدانی ئابووری یان مەسەلەی داماڵینی چەك، لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵەكە ئەتوانێت لە دانیشتنی كتوپڕدا كۆببێتەوە بۆ مامەڵەكردنی راستەوخۆ لەگەڵ هەر هەڕەشەو گوڕەشەیەك كە ڕووبەروی ئەمن‌و ئاسایشی جیهانی ببێتەوە. لەگەڵ دەستپێكردنی هەموو دانیشتنێكی ئاسایی كۆمەڵەدا، ئەندامانی كۆمەڵە سەرۆكێك هەڵدەبژێن بۆ سەرۆكایەتی كۆمەڵە. دانیشتنی كۆمەڵە هەروەكو دانیشتنەكانی تری ڕێكخراوەكە، بە شێوەیەكی هاوكات وەردەگێڕرێت بۆ كۆمەڵێك زمان، كەواتە كە ئەندامی دەوڵەتێك بە زمانی خۆی قسە دەكات، ئەندامی دەوڵەتانی تر دەتوانن تێی بگەن.

كۆمەڵە دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە ڕێگە بدات بە وەرگرتنی ئەندامی نوێ بۆ ناو ڕێكخراوەكە. ئەو ڕەزامەندی نیشاندەدات بۆ ئەو بودجەیەی كە بۆ كارو بەرنامەكانی نەتەوە یەكگرتوەكان دابین دەكرێت، كۆمەڵەكە وەكالات‌و پرۆگرامەكان بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانی، دادەمەزرێنێت. ئەو ئەندامەكان، بۆ خزمەتكردنی وەكالات‌و پرۆگرامەكان‌و ڕێكخستنی ئەو پرۆگرامانە لە ڕێگای لیژنە جیاوازەكانەوە هەڵدەبژێرێت.



## ٢. ئەنجومەنی ئاسایش Security Council :

ئەنجومەنی ئاسایش یەكێكە لە هەرە هەیكەلە بەهێزەكانی ڕێكخراوەی نەتەوە یەكگرتوەكان. ئەو بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەرپرسە لە گەڕاندنەوەی ئاشتی لە كاتی پەرەسەندنی ململانێ‌و پێكدادانەكان. بڕیارەكانی لەسەر هەموو ئەندامەكانی جێبەجێ دەكرێت. ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت یاخود دەسەڵاتی هەیە لە دەستنیشانكردنی ئەو هەڕەشەیەی كاریگەری هەیە بۆ سەر ئاسایش، بۆ دیاریكردنی ئەوەی نەتەوە یەكگرتوەكان چۆن وەڵامی ئەو هەرەشانە بداتەوەو بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانی، داوا لە ئەندامەكانی دەكات كەوا كۆمەلێك چالاكی یان ئیش وەربگرن، بۆ نمونە ئەنجومەن دەشێت سزا یان گەمارۆی ئابووری بسەپێنێ وەك وەستاندنی بازرگانی لەگەڵ وڵاتێكدا كە بە دەستدرێژكار بزانرێت. هەموو جارێك كە ئاشتی توشی هەڕەشە دەبێت، ئەنجومەن كۆدەبێتەوە.

نوێنەری هەر یەك لە دەوڵەتە ئەندامەكان كە خاوەنی كورسین لە ئەنجومەن، پێویستە ئەو كاتانەی كە ئەنجومەن كۆدەبێتەوە ئامادە بن. ئەنجومەنی ئاسایش زۆرجار كۆ دەبێتەوە لەسەر داوای ئەندامێكی UN، بە زۆری داوای

ئەو دەوڵەتانەی کە داوایەك بەرز دەکەنەوە دەربارەی چالاکی هەندێ دەوڵەتی تر.

ئەنجومەنی ئاسایش خاوەنی ١٥ ئەندامە، کە پێنجیان ئەندامی هەمیشەیین. دە ئەندامەکەی دیکە، بۆ ماوەی ٢ ساڵ هەڵدەبژێررێت. پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەش بریتین لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، ڕوسیا، فەرەنساو چین، کە زۆرترین هێزیان هەیە. ئەم دەوڵەتانە کە براوەی جەنگی جیهانی دووەمن، تا ئێستاش ئەوان نوێنەرایەتی هێزێکی گەورەی جیهانی دەکەن. لەم ئەنجومەنەدا بۆ ئەوەی بڕیارێك وەربگیرێت پێویستی بە بەدەستهێنانی نۆ دەنگە. بەڵام هەر یەك لەو پێنج ئەندامە هەمیشەییە مافی ڤیتۆی هەیە یان ئەتوانێت ڤیتۆ بەکار بهێنێ سەبارەت بە بڕیارە گرنگەکان، ئەم دەسەڵاتە بە مافی ڤیتۆی زلهێزەکان ناسراوە. لە ئەنجامدا ئەنجومەن تەنها کاتێك چالاك دەبێت کە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە دەگەنە ڕێکەوتنێك لەسەر ڕا-یەك. ئەمەش لە سەردەمی جەنگی ساردا کێشەی دروست کردبوو لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤیەتی جاران کە لە ١٩٤٥وە دەستی پێکرد بە ڕوخانی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لە ساڵی ١٩٩١ کۆتایی هات. لەو ماوەیەدا ئەنجومەن توشی حاڵەتێك بوو کە تیایدا پێشکەوتن گران



بوو، ئەوەش لەبەرئەوەی هەر یەك لە ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێت نەدەگەیشتنە ڕێککەوتننامەیەك، بەڵام لە سەرەتای نەوەدەکانەوە جۆرە هاوکاریەك لە نێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا دروست بوو وای کرد ئەنجومەن پێ بنێتە بارێکی باشترو چالاکترەوە.

ئەنجومەنی ئاسایش شێوازی جۆراو جۆری هەیە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانێت چارەسەری ململانێو ناکۆکیەکان لەنێوان دەوڵەتاندا بکات. بێگومان یەکەمین هەنگاو کە ئەنجومەن دەینێ هاندانی دەوڵەتانە بۆ دامرکاندنەوەی ناکۆکیەکان، پێشئەوەی پەنا ببەنە بەر بەکاهێنانی هێز، ئەنجومەن دەتوانێت ناوبژی ململانێ بکات، یان سنوورێك بۆ دامرکاندنەوەی هەر ناکۆکیەك پێشنیاز بکات، ئەو دەتوانێت هێزی سەربازی ئاشتیپارێز ڕەوانەی ئەو ناوچانە بکات کە ململانێی توندی تیایە، کە جەنگیش هەڵگیرسا ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت داوای ئاگربەست بکات. هەروەها ئەنجومەن دەتوانێت بڕیارەکانی خۆی بچەسپێنێت لە ڕێگای سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ئەو دەوڵەتەدا یان لە ڕێگای ناردنە ناوەوەی هێزی سەربازی هاوبەشەوە.

لە ساڵەکانی ١٩٩٠ەوە ، مشتومڕی گەورە هەیە سەبارەت بەو دەوڵەتانەی کە پێویستە ببنە ئەندامی

هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایش. هەندێك دەوڵەت بڕوای وایە لە پاڵ پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەدا، پێویستە کۆمەڵێك دەوڵەتی تر داخڵی ئەنجومەنی ئاسایش بکرێت، بۆ نمونە ژاپۆن و ئەڵمانیا کە دوو دەوڵەتی بەهێزن لە زۆر ڕووەوە دەتوانن ببنە پاڵپشتێکی بەهێزی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام تا ئێستا ئەم دوو دەوڵەتە نەبوونەتە ئەندامی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشدا. چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەش هەر وا ئاسان نیەو زیادکردنی ئەندامی هەمیشەیی لە ئەنجومەن، ئاڵۆزی دروست دەکات، کە تیایدا چۆن بڕیار بدرێت کامە دەوڵەت ببێتە خاوەنی کورسی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایش و کامەش نەبێت، بۆ نمونە ئەگەر ئەڵمانیا وەری بگرێت، سێ لە ئەندامە هەمیشەییەکە ئەوروپی دەبن، کە ئەمەش وا دەکات ئەفزەڵیەت بۆ ئەو ناوچانە بێت. کۆمەڵێك پرۆپۆزەڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە وای دانابوو کە هەردوو دەوڵەتی ئەڵمانیاو ژاپۆن بخرێنە ناو لیستی ئەندامی هەمیشەییەوە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا، بەڵام بێ ئەوەی مافی ڤیتۆیان بدرێتێ و ئەندامێتی ئەنجومەنیش سنوردار بکرێت بۆ ماوەی یەك ساڵ. هیچ کام لە پرۆپۆزەڵەکان جێبەجێنەکران، بە شێوەیەکی جوزئی لەبەرئەوەی ئەو پێکهاتەیەی کە ئێستا مەوجودە زۆر گونجاو و لەبارە بۆ



پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە هەر ئەوانیشن دەتوانن ڤیتۆ بەکار بهێنن بۆ هەر گۆڕانکاریەك لە ئەنجومەنەکەدا.

### ٣. سکرتاریەت Secretariat:

سکرتاریەت بریتیە لە بەشی جێبەجێکردن لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا. چاودێری ڕۆژانەی بەڕێوەبردنی پرۆگرام و سیاسەتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکات لەگەڵ جێبەجێکردنی ئیش و کارەکان. ئەم لقە لە لایەن سکرتێری گشتیەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، ئەو وەکو قسەکەری نەتەوە یەکگرتوەکان دەور دەبینێت.

### ٣:أ ستافی سکرتاریەت Secretariat Staff

ستافی سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بریتیە لە بەڕێوەبەری ئیدارە، کەسانی پسپۆر لە مەسەلە تەکنیکیەکاندا وەك پاراستنی ژینگە، مورشیدی ئابوری، ئیشکردن لە بەرنامەو پرۆژەی جیاواز لە وڵاتە ئەندامەکاندا. ئەو ئیشکەرانەش بەرپرسیارێتی جۆراوجۆریان هەیە، وەکو چاودێریکردنی چالاکیەکانی پەیامی پاراستنی ئاشتی، ئامادەکردنی توێژینەوەکان لەسەر مەسەلە جیهانیەکان، ڕێکخستنی کۆنفرانسی نێودەوڵەتی و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئابوری و

کۆمەڵایەتی. گەورەترین سەنتەری ئەم ستافە لە دەرەوەی شاری نیویۆرکە لە سویسرا لە شاری جێنیواGeneva ، کە کۆمەڵێك وەکالاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوێ بارەگای سەرەکیان هەیە.

یەکێك لە ئامانجەکانی سکرتاریەت بریتیە لە بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزاری مەدەنی نێودەوڵەتی بۆ کاری دیپلۆماتەکانو فەرمانبەری حکومی، کە دڵسۆزییان بە یەك وڵاتەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو بۆ هەموویانە. ستافەکەش سوێند دەخۆن کە ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی تر نەبن جگە لە دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان. میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا دەکات لە ئەندامەکانی کە ڕێزی سەربەستیو کەسایەتی نێودەوڵەتی ئەو ستافە بگرن، نەتەوە یەکگرتووەکان بە پلەی جیاواز سەرکەوتنی بۆ ئەم مەبەستە بەدەستهێناوە. سکرتێری گشتی بە شێوەیەکی گشتی وەکو دیپلۆماتێکی سەربەخۆ دەبینرێت. بەڵام دەوڵەتە ئەندامەکان هێشتا لە بەربەرەکانێدان بۆ لە شوێندانانی هاوڵاتیەکانیان بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەو ستافە بۆ خۆیان بکەن، کە پرۆگرامە گرنگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوە دەبات.

لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ەوە دەزگای ئیداری نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتە ژێر شاڵاوێکی زۆری ڕەخنەوە،



فەسادی ئیداریو نەبونی کەفائەت لە خەسڵەتەکانی ڕێکخراوەکە بوون. زۆربەی ئەو ڕەخنانەشی کە لێی دەگیرا لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بوو کە باوەڕی وابوو بەشداریەکی نایەکسانانەی تێچونەکانی پشتگیریکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی کردوە. لە ناوەراستی ساڵی ١٩٩٠ ئەو ڕەخنانە وای کرد زنجیرەیەك چاکسازی ڕیکخراوەکە بگرێتەوە، لەوانە میزانیەو کەمکردنەوەی ئەندامانی ستافەکە.

### ٣:ب. سکرتێری گشتی Secretary General

سکرتێری گشتی کەسایەتیەکی گشتی بەهێزە، چاودێری چالاکیە ڕۆژانەییەکانی ڕێکخراوەکە دەکاتو ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێت لە کاروباری ئەمنی دەولی لە دانانی ئەجێندای ڕێکخراوەکەدا. سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان توانای هێنانە ناوەوەی هەر دۆسیەیەکی مەترسیداری هەیە، بۆ لێکۆڵینەوەو باسلێکردن لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا، گەر ببێتە مایەی هەرەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی. سکرتێری گشتی دەسەڵاتی هەیە خزمەت بکات وەکو ناوبژیوانێکی بێلایەن لە ناکۆکیە نێودەوڵەتیەکان و هێنانی لایەنە ناکۆکەکان بۆ سەر مێزی گفتوگۆ. گرنگیدانی کەسی

سکرتێری گشتی بە کێشەکان، زۆرجار ئەتوانیٚ یارمەتی چارەسەرکردنی هۆکارەکەی بدات، بۆ نمونە لە ساڵانی ١٩٩٠، سکرتێری گشتی پێشووی نەتەوەیەکگرتوەکان پوتروس غالی (Boutros Ghali) بۆ خۆی ناوبژیوانی کرد لە ناکۆکی و ململانێکانی سۆماڵ، یوگوسلافیای پێشوو، هەروەها شوێنی دیکەش. لە ساڵی١٩٨٠سکرتێری گشتی ئەو کاتە(خاڤێر پرێز دیکیولار) ناوبژیوانی کرد لە ناکۆکی و ململانێیەکانی ئەمریکای ناوەڕاست. سکرتێری گشتی هەروەها کار بۆ بنیاتنانی رێکەوتنێك لە نێوان پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە لە ئەنجومەنی ئاسایش، دەکات، چونکە دەزانێت بە بیٚ ئەو ئەنجومەنە ناتوانێت کاربکات.

سکرتێری گشتی بە شێوەیەکی رەسمی لە لایەن کۆمەڵەی گشتیەوە هەڵدەبژێدرێت، بەڵام پێشتر پێویستە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دەستنیشان بکرێتو تا بتوانرێت ڕازیبونی دەنگی هەر پێنج ئەندامە هەمیشەییەکە مسۆگەر بکریٚ. سکرتێری گشتی بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەتوانیٚ خزمەت بکات وەکو سکرتێر، بەڵام یەکجار ئەتوانێت خۆی هەڵبژێرێتەوە ئەویش بەهەمان ڕێوشوێنی پێشووی. ئەنجومەنی ئاسایش دەتوانێت کاندیدێك هەڵبژێرێت کە لە هەر دەوڵەتێك بێت، بەڵام لەوەدا عورفێکی



نەنوسراوە هەیە کە ئەو پلەیە بە شێوەیەکی جوغرافییانە دەسوڕێتەوە، لەگەڵیدا سکرتێرێکی گشتی هەڵبژێرراو لە ناوچەیەکی تازە دەردەکەوێت.

لە ساڵی ١٩٩٧ کۆمەڵەی گشتی پۆستی جێگری سکرتێری گشتی دەستنیشان کرد بۆ یارمەتیدانو بەرێوەبردنی سکرتاریەت، ئاسانکردنی ئیشوکارەکانی رێکخراوەکە، بەڵام سکرتێری گشتی جێگری سکرتێری گشتی دیاری دەکات. سکرتێری گشتی، هەر وەکو ئەوانی دی لە ستافی نەتەوە یەککگرتوەکان پێویستە سەربەخۆ بێت. لە راستیدا، سکرتێری گشتی پێویستە پشت بە دەوڵەتە ئەندامەکان ببەستێت، بە تایبەتی پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش، تایبەت ئەو کاتەی کە سکرتێر سەرقاڵی کارەکانیەتی. لە دەرئەنجامدا سکرتێری گشتی بە زۆری لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایش تێدەکۆشێت بۆ گرتنەبەری ئەو ئاراستەیەی کە پێویستە نەتەوە یەککگرتوەکان وەری بگرێت. هەر لەو کاتەی ئەنجومەنی ئاسایش سکرتێری گشتی دەستنیشان دەکات، لەگەڵیشیدا سنورێك هەیە بۆ چەندێتی سەربەخۆیی سکرتێرو تا چەند دەتوانێت سەربەخۆ بێت.

## کوفی ئەنان

کوفی ئەنان لە ساڵی ١٩٣٨ لە دایك بووە خەڵکی وڵاتی غانایە، بەڵام لە وڵاتە یەکگرتەوەکانی ئەمریکا ژیاوەو هەر لەوێش پەروەردە بووە.کوفی ئەنان لە ساڵی١٩٩٧ وە لە لایەن کۆمەڵەی گشتیەوە هەڵبژێررا بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتەوەکان تا ساڵی ٢٠٠١، دوای ئەوەش کۆمەڵەی گشتی بە کۆی دەنگ هەڵیان بژاردەوە بۆ جاری دووەم واتا لە ٢٠٠٢-٢٠٠٦ . کوفی ئەنان یەکەمین سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانە کە خەڵکی وڵاتێکی ئەفریقی رەشپێست بێتو یەکەمینیشە کە لە لایەن ستافی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بەرز بکرێتەوە بۆ ئەو کارە گەورەیە. پێشئەوەی ببێت بە سکرتێری گشتی، کوفی ئەنان وەکو وەکیلی سکرتێری گشتی خزمەتی کردوە لە چالاکیەکانی پاراستنی ئاشتیدا. متمانەی پێدرا لە کارو چالاکیە گرانەکاندا ئەرکی پاراستنی ئاشتی بگرێتە ئەستۆ، بە تایبەتی لە سۆماڵ و بۆسنە لە سەرەتای نەوەدەکاندا. کوفی ئەنان وەك وتمان لە ئەمریکا پەروەردە بووە، بۆیە لە سیستەمی بیرۆکراسی نەتەوەیەکگرتوەکاندا، باش شارەزایە. وەکو سکرتێری گشتی، ئەنان چاکسازی لە دەستەی کارگێڕیو تەمویلی سکرتاریەتدا کرد، هەروەها بە بایەخەوە چاکسازی لە پەیوەندیەکانی نێوان نەتەوە



یەکگرتوەکان و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، کرد. هەروەها ئیشی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سەر ئاستی جیهان کردوە. لەوانە کارکردن بۆ نەهێشتنی نەخۆشی کوشندەی ئایدز، بە تایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا.

## پوتروس غالی

پوتروس غالی کە راستەوخۆ پێش کوفی ئەنان سکرتێری گشتی رێکخراوەکە بوو، خەڵکی وولاتی میسرە، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٦. پوتروس غالی هەوڵی دا بۆ فراوانکردنی رۆڵی ئەوانەی ئاشتی ئەپارێزن و ئاشتی دروست دەکەن. ئەو لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشدا زۆر بەرەورو بوو، ئەم سیفەتەشی وایکرد تووشی کێشە بێت لەگەڵ ئەندامەکانی ئەنجومەندا، بە تایبەتی لەگەڵ ئەمریکادا، بۆ نمونە ئەو سەرزەنشتی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد لە بەرامبەر پێدانی پرۆژەی گەورە پێی، بێئەوەی کە پارەی پێویستی بۆ تەرخان بکەن بۆ جیبەجێکردنی. لە ساڵی ١٩٩٦ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڤیتۆی بەکارهێنا لە بەرامبەر هەڵبژاردنەوەی ئەم پاڵێوراوە بۆ دەورەی دووەم، ئەویش لەبەرئەوەی کوفی ئەنان و پوتروس غالی، هەردوکیان، نوێنەرایەتی یەك

کیشوەریان دەکرد (کیشوەری ئەفریقا)، هەڵبژاردنی ئەنان نەریتی هێشتنەوەی پۆستی سکرتێری گشتی بۆ ئەفریقا بۆ دوو دەورە پاراست. سکرتێرەکانی پێشووی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ناوچەی جیاواز جیاوازەوە هاتبوون، بەڵام ئەوە پرۆسێسێکی نەنوسراوە کە پێویستە ئەوان لە یەکێ لە دەوڵەتە بەهێزەکانی جیهان نەبن. ئەمە وەڵامە بۆ گرنگیدان بەوەی کە هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی لە دەوڵەتێك نەبێ کە جێی تێبینی بێت لە لایەن دەوڵەتانی ترەوە، بەو واتایەی کە دەبێت لە دەوڵەتێکی بێلایەن بێت.

سکرتێرە گشتیەکانی (پێشووی) ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بریتین لە:

١). تریگڤ لای (نەرویج) ١٩٤٦-١٩٥٣
٢). داگ هامارسکولد (سوید) ١٩٥٣-١٩٦١
٣). یو زانت (بورما) ١٩٦١-١٩٧١
٤). کۆرت والدهیم (نەمسا) ١٩٧٢-١٩٨٢
٥). خاڤیر پیرێز دی کیولار (پیرۆ) ١٩٨٢-١٩٩١.
٦). پوتروس پوتروس غالی (میسر) ١٩٩٢-١٩٩٦.
٧). کوفی ئەنان (غانا) ١٩٩٧-٢٠٠٦.



شایەنی باسە ئێستا بەڕێز (پان کی مۆن) کە پێشتر وەزیری دەرەوەی کۆریای باشوور بووە سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

## ٤. ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی:

The Economic and Social Council

ئەنجومەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی (ECOSOC) لەژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەی گشتیدا کار بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئابوری‌و کۆمەڵایەتی لەناوUN دا، دەکات. ئیکۆسۆکECOSOC پەنجاو چوار (٥٤) دەوڵەتە ئەندامی هەیە کە لە لایەن کۆمەڵەی گشتیەوە هەڵدەبژێررێن بۆ ماوەی سێ ساڵ. ئیکۆسۆك لێکوڵینەوەکان‌و چالاکیە پێشنیازکراوەکان لەسەر بابەتە نێودەوڵەتیەکان ڕێکدەخات، وەك: لایەنی پزیشکی، پەروەردە، لایەنە ئابووریەکان، هەروەها پێویستیە کۆمەڵایەتیەکان. هەروەها چاودێری ئیشی ژمارەیەکی زۆر لە پرۆگرام‌و وەکالاتەکان دەکات، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای کۆمەڵێك لیژنەی جیاوازی بەردەوامەوە، وەك: لیژنە وەزیفیەکان و لیژنە ناوچەییەکان، کاردەکات. پێنج لیژنەی ناوچەییش هەیە کە چاودێری پرۆگرامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەن لە چۆنیەتی کارکردن لە ناوچەیەکی تایبەتیدا. نۆ لیژنەی لێکۆڵینەوەی وەزیفیش هەیە کە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی

وەك: گەشەی دانیشتوان، بازرگانیكردن بە مادەی بێهۆشكەری وەك موخەدەرات و ئەفیون و هتد، مافی مرۆڤ، وە ڕەوشی ئافرەتان، دەكات. لیژنەكانی دیكە، كار لەسەر ئەو بابەتانە دەكەن كە پەیوەندی بە كۆمەڵێك لە پرۆگرامەكانی نەتەوە یەكگرتوەكانەوە هەیە، وەكو نەهێشتنی تاوان، دارایی گشتی، سەرچاوە سروشتیەكان، زانست، ناوە جوغرافیەكان.

ئیكۆسۆك كۆمەڵێك وەكالاتی پسپۆڕ ڕێكدەخات تا بەرژوەندیە ئابووری و كۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەكان ئامادە بكات یاخود پەرەی پێبدات، ئەو وەكالاتانە بە شێوەیەكی سەربەخۆ كار دەكەن، بەڵام بە ئیشكردن لەگەڵ وەكالەتەكانی تری نەتەوە یەكگرتوەكان. پرۆگرامەكانیش یاخود وەكالاتەكانیش ئەمانەن:

ڕیكخراوی تەندرروستی جیهانی (WHO)، ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ پەروەردەو زانستو ڕۆشنبیری (UNESCO) ، ڕێكخراوی كرێكارانی نێودەوڵەتی(ILO) ، ڕێكخراوی كشتوكاڵ و خواردەمەنی(FAO).



## ٥. دادگای دادی نێودەوڵەتی لاهای

International Court of Justice

دادگای دادی نێودەوڵەتی لاهای، ناسراو بە دادگای جیهان، هێزێكی داوەریە لە نەتەوە یەكگرتوەكان، بارەگاكەشی لە وڵاتی هۆڵەندایە. دادگاكە گوێ بۆ ئەو مەسەلانە دەگرێ كە تیایدا مافەكانی مرۆڤ پێشێل دەكرێت، یان داوای گەلان دژ بە یەكتری. دادگاكە خاوەنی پازدە دادوەرە كە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشو كۆمەڵەی گشتیەوە هەڵدەبژێررێن. لە دەوڵەتان داوا ناكرێت بەشداری لە گەشەسەندنی دادگاكە بكەن، بەڵام هەچ دەوڵەتێك ڕازی بوو بەوەی كە بەشدار بێت، ئەوا پێویستە لەسەری كە پەیوەست بێت بە بڕیارەكانی دادگاكەوە.

## ٦. ئەنجومەنی ڕاسپاردن

Trusteeship Council

ئەنجومەنی ڕاسپاردن دامەزرا بۆ ئەوەی چاودێری قۆناغی گواستنەوەی ژێردەستەیەك لە موستەعمەراتەكان بكات بەرەو سەربەخۆیی. دواهەمین موستەعمەرە كە سەربەخۆیی وەرگرت لە ساڵی ١٩٩٤ بوو، بەمەش ئەنجومەنی ڕاسپاردن بێكار مایەوە چونكە ئەمە دوا موستەعمەرە بوو.

## چوارەم: ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان:

## Membership in the UN

نەتەوە یەکگرتوەکان سەرەتا کە دامەزرا لە ساڵی ١٩٤٥، پەنجاویەك (٥١) دەوڵەتی دامەزرێنەر کاریان بۆ کرد، کە پەنجایان (٥٠) لە ولایەتی سانفرانسیسکۆ بەشداری کۆنفرانسەکەی کردو پۆڵەنداش لە کۆنفرانسەکەدا نەبو، دواتر ئیمزای لەسەر میساقەکە کرد.

ئەندامانی نوێ، ڕێگایان پێ دەدرا بێنە ناو ڕێکخراوەکەوە لەسەر وەسیەتی ئەنجومەنی ئاسایش بە ڕێژەی٢/٣ ی دەنگەکان لە کۆمەڵەی گشتی. ئەندامێتی کراوەیە بۆ هەچ دەوڵەتێك گەر هاوکاری پەیامی نەتەوە یەکگرتوەکان بێتو ئامادە بێت کە بنەماو یاساکان و بەرپرسیارێتیە دیاریکراوەکانی میساقی نەتەوە



یەکگرتوەکان جێبەجێ بکات. لە ساڵەکانی سەرەتای ڕێکخراوەکەدا، دەوڵەتانی ڕۆژئاوا زۆرینەی کورسیەکانی ڕێکخراوەکەیان، قۆرخ کردبوو، بۆیە کۆمەڵەی گشتی ئاسایی چووبوە پاڵ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. یەکێتی سۆڤێت هەستا بە دەستنیشانکردنی هاوسەنگییەكbalance بۆ کاریگەریەکانی ڕۆژئاوا، ئەویش لە ڕێی بەکارهێنانی دەسەڵاتی ڤیتۆVeto وە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا.

هاوسەنگی هێزbalance of power دەستی بە گۆڕانکاریەکان کرد لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٦٠ وەك: دەست هەڵگرتن لە کۆمەڵێك لە ناوچە داگیرکراوەکانی ئاسیا و ئەفریقا تا سەربەخۆ بن و هەروەها ببنە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەندامێتی لە نەتەوە یەکگرتوەکان لەو سەردەمەدا زۆر زیاتر بوو، ئەندامە تازەکان پەیوەستیەکی جیاوازیان هەبوو لەچاو دەوڵەتە پیشەسازیە داگیرکارە ڕۆژئاواییەکان. زۆر لە ئەندامە نوێیەکانی ئەو کاتە گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زۆر بەهێزەو نەتەوە یەکگرتوەکانیش زۆرتر لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتەدایە. ئەو گەلانەی کە تازە سەربەخۆییان بەدەست هێنابوو، دەستیان کردبوو بە باڵادەستی خۆیان، ئەوان کاریان دەکرد لە چۆنیەتی شێوازی دەنگدانەکانی

ناو نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەمریکا لەو کاتەدا لەناو
کەمایەتیەکدا خۆی دەبینیەوە لەسەر کۆمەڵێك مەسەلە. لە
کۆتایی ساڵانی حەفتاکانەوە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
بەشێوەیەکی سەرەتایی دەستی بە بەکارهێنای مافی ڤیتۆ
کرد. گۆرانکاری تری بوونەئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان،
نوێنەرایەتیکردنی بۆ چینیەکان دەگرتەوە، لە ساڵی ١٩٤٥
چین پەیوەندی کرد بە نەتەوە یەکگرتوەکانەوە وەکو
ئەندامێکی دامەزرێنەر، نوێنەرایەتی حکومەتێکی
ناسیۆنالیستی دەکرد لە نانجینNanjing . لە ساڵی١٩٤٩
ناسیۆنالیستەکان جەنگی ناوخۆی چینیان دۆڕاند لە دژی
کۆمۆنیستەکان و پاشەکشێیان کرد بەرەو دورگەی تایوان.
بەهۆی پشتگیری ئەمریکاو وڵاتانی خۆرئاواوە، حکومەتی
نەتەوەیی لە تایوان، داوای کرد ببێتە حکومەتێکی شەرعی
جیاواز لە چین، بەردەوام بوو لە قۆرخکردنی کورسی چین
لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا هەتا ساڵی ١٩٧١. لەو ساڵەدا
کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کورسیەکەی تایوانی
ڕەت کردەوەو دایەوە بە حکومەتی کۆمۆنیستی لە پەکین،
ئەم کارە وای کرد تایوان بە بێ کورسی نوێنەرایەتی لە
نەتەوە یەکگرتوەکاندا بمێنێتەوە. تایوان ئەیویست ببێتە
ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان، تا ئێستاش لە هەوڵداندایە
بۆ بەدەستهێنانی ئەو پۆستە، بەڵام چین وا دادەنێت کە



تایوان وەکو هەرێمێکی ئەو وڵاتە وایە، ئەمە لەگەڵ بوونی
ئەو راسیتەی کە کاروباری تایوانیەکان وەکو گەلێکی
سەربەخۆ وایە لە زۆر مەسەلەی نێودەوڵەتیدا، کەچی چین
زۆر بە توندی بەرهەڵستکارە لە بەئەندامبوونی تایوان لە
نەتەوە یەکگرتوەکاندا، چونکە سەرۆکەکانیان بڕوایان وایە
گەر UN دانی نا بە تایوانداو کورسیی بۆ تەرخانکرد ئەو
کاتە ئەوە ئەبێتە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ تایوانیەکان کە
داوای سەربەخۆیی بکەن.

## پێنجەم: سەرمایەی نەتەوە یەکگرتوەکان

## UN Funding

سەرمایەی نەتەوە یەکگرتوەکان بریتیە لە پێدانی بڕی تەرخانکراو لە لایەن دەوڵەتە ئەندامەکانەوە. هەموو دەوڵەتێك ئەو بڕەی کە لێی داوا دەکرێت پشت دەبەستێت بە توانای ئەو دەوڵەتە لە ڕووی دەرامەتەکەیەوە. واتا تا دەوڵەتێك دەرامەتی باشتر بێت ئەو بڕەی کە لێی داوا دەکرێت زۆرترە. هەروەها نەتەوە یەکگرتوەکان داوا لە دەوڵەتان دەکات کە بەشداری لە پێدان و کۆکردنەوەی پارە بکەن‌و تێبکۆشن لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشدا، لەگەڵ ئەمانەشدا، ژمارەیەك لە دەوڵەتان خۆیان بەشداریەکی بەرچاویان کردوە لە پاڵپشتیکردن بۆ بەرنامەو



ئیش‌وکارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەمریکا لێرەدا بە پلەی یەکەم دێت، بۆ نمونە ڕێژەی نزیکەی ٢٢٪ی بودجەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکەو نزیکەی ٢٨٪ی بودجەی پاراستنی ئاشتی ساڵی ٢٠٠١ی دابین کردوە.

## شەشەم: کاریگەریە نێودەوڵەتیەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان:

## The UN’s International Influence:

کاریگەریەکانی UN بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشتی، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە درێژایی تەمەنی گۆڕانکاری زۆری بەخۆوە بینیوە. لە سەردەمی جەنگی سارد ململانێو ناکۆکی نێوان وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێتی جاران کاریگەری ئەم ڕێکخراوەی لە کاروبارە دەولیەکان لاواز کردبوو.

گرژی و ئاڵۆزیەکانی نێوان سۆڤێت و ئەمریکا ببوو بە کۆسپ لە نێوان دەوڵەتە ئەندامەکانی ڕێکخراوەکە تا بگەنە ڕێکەوتن یاخود کۆبونەوەیەك بکەن لە سەر مەسەلە گرنگەکان.



لەگەڵ ئەوەی کاریگەریەکانی لە مەسەلەکانی کاروباری ئەمنی دەولی بە شێوەیەکی سنوردار بوو لە ماوەی ساڵانی جەنگی سارد، نەتەوە یەکگرتوەکان هەوڵەکانی بۆ گرنگیدان بە دیاردە گرنگەکان چڕترکردەوە، وەکو لێکۆڵینەوەو بەستنی کۆنفرانس لەسەر کێشە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەتی لە جیهانی سێو پشتیوانیکردنی هەرێمە داگیرکراوەکانو یارمەتیدانیان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، هەروەها یارمەتیدانی ئەو گەلانەی کە تازە سەربەخۆییان بەدەست هێنابوو.

لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوەو لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی سارد، نەتەوە یەکگرتوەکان کاریگەریەکانی خۆی لەسەر مەسەلەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەست پێکرد، یەکێتی سۆڤێت لە ساڵی ١٩٩١ تێکشکا. ڕوسیا لەجیاتی یەکێتی سۆڤێت، کورسی هەمیشەیی وەرگرت لە ئەنجومەنی ئاسایشدا. دوای کۆتاییهاتنی گرژی و ئاڵۆزیەکانی نێوان ئەمریکاو سۆڤێت، ئەوجا هێزە باڵادەستەکان، لە زۆر باردا گونجاوتر توانیان چارەسەری مەسەلەکانی ئەمنی دەولی بکەن.

## حەوتەم: هێزەکانی ئاشتیپارێز:
## Peacekeeping Forces

هێزی ئاشتیپارێزی، بریتیە لە شێوە بەکارهێنانێکی ئاشتیانە لە هێزی سەربازی بۆ یارمەتیدانی ئەو دەوڵەتو نەتەوانەی کە لە گرژیو ئاڵۆزیدان، تاوەکو بگەنە بارێکی هێمنو ئارامو دور لە شەڕ. هێزەکانی ئاشتیپارێزی سەر بە نەتەوە یەککگرتوەکان دەورێکی بێلایەنانە دەگێڕن، کاردەکەن بۆ هێورکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە گژیو ئاڵۆزی تیایاندا بەربڵاوەو بە کۆمەڵێك شێواز، وەکو چاودێر، ئەتوانن بچنە ئەو ناوچانە، بۆ هێنانەکایەی رێکەوتننامەی باوەڕپێکراو لە نێوان لایەنە ناکۆکەکانو ئەوان دەتوانن بارە ئاڵۆزەکە هێوربکەنەوە لە نێوان لایەنە دژەکاندا لە ڕێگای داخڵکردنی هێزی چەکداری خودی خۆیان بۆناو شوێنی گرژیو ئاڵۆزیو پێکدادانەکان، هەروەها دەتوانن لەگەڵ ئەفسەرە سەربازییەکانی هەردوولا



دانوستان بکەنو کەناڵەکانی پەیوەندیکردنیان زیاد بکەن. هەروەها ئەوان دەتوانن ببنە چاودێر بەسەر ئاگربەستەکانەوە، جگە لە سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان و زیادکردنی یارمەتیە مرۆڤایەتیەکان.

هێزە ئاشتیپارێزەکان چەکداری سادەن، لە کردە سەربازیەکانیاندا تفەنگی ئۆتۆماتیکی بەکار دەهێنن، بەبێ تۆپو تانك، یان بەبێ بەکارهێنانی هەر جۆرە چەکێکی دیکەی قورس. کاری ئەم هێزە ئاشتیپارێزانە، زۆرجار مەترسی تێدەکەوێت، بە تایبەتی گەر یەکێك لە لایەنەکان گومانی لە بێلایەنی ئەم هێزانە هەبوو. بۆیە زۆرجار ئەم هێزانە دەکەونە مەترسیەوە کاتێك کە ئاگربەستەکان هەڵدەگیرێنو هەندێك جاریش هەر بە مەبەست هێرشیان دەکرێتە سەر. جێی باسە تا ئێستا نزیکەی هەزار و شەش سەد ١,٦٠٠ چەکداری هێزی ئاشتیپارێز کوژراوە.

ئەنجومەنی ئاسایش دەسەڵات بە ئەرکەکانی ئاشتیپارێز دەبەخشێت، بێگومان بۆ چەند مانگێك، هەرچەندە ئەنجومەنەکە دەتوانێت ئەم دەسەڵاتپێدانە بۆ ساڵانێکی زۆر درێژ بکاتەوە. نەتەوە یەککگرتوەکان بە تەنیا خاوەنی ئەو سوپایە نیە، چونکە ئەنجومەنی ئاسایش هێز لە دەوڵەتە ئەندامەکان وەردەگرێتو دەیداتە نەتەوە یەککگرتوەکان بۆ هەر ئەرکێك، هەروەها ئەنجومەنی

ئاسایش یەك فەرماندار دەستنیشان دەكات و چالاكیە سەربازیەکانیش لە ژێر فەرمانی UN دا دەبێت.

چالاكیە سەربازیەکانیش تەنها کاتێك دەستبەکار دەبن كە لایەنەکانی ناو ململانێیەکە ڕازیبون بە بوونی ئەو سوپا ئاشتیپارێزە، کەواتە سەرکەوتنی ئەرکی ئەو هێزە ئاشتیپارێزە پشت دەبەستێت بە هاوکاریەکانی هەردوو لایەنە ناکۆکە. بڕی ئەو پارانەی کەوا لەم هێزە ئاشتیپارێزانەدا سەرف دەکرێت پشت ئەستوورە بە هاوکاریەکانی دەوڵەتە ئەندامەکان، بەڵام کۆمەڵەی گشتی دەبێت رازیبوونی خۆی دەربڕێت لەسەر ئەو بڕە پارەیە. ئەمڕۆ، نەبوونی بڕی پارەی پێویست تاکە گەورەترین گرێیە لە بەردەم بەکارهێنانی هێزەکانی ئاشتیپارێز. لەبەرئەوەی کارەکانی هێزە ئاشتیپارێزەکان فراوان بوون، پێویستی بە پارەیەکی زیاترو زیاتر هەیە.

### ١. یەکەمین ئەرکی هێزە ئاشتیپارێزەکان:

The first Peace keeping mission:

شایەنی باسە میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان ئاماژەی نەکردوە بە هێزی ئاشتیپارێز، بەڵام ڕێنمایی دەردەکات کەوا تەنگەژەو ئاڵۆزیە نێودەوڵەتیەکان بە شێوەیەکی



ئاشتیانە چارەسەر بکرێن، بەڵام گەر بێت و ئەوەش سەرکەوتو نەبوو، ئەوا پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی هێز.

بیرۆکەی دروستکردنی ئەم هێزی ئاشتیپارێزانە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی تەنگژەی کەناڵی سوێسی میسر لە ساڵی ١٩٥٦، کاتێك هەر یەك لە بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل لە شەڕدا بوون دژی میسریەکان. لە ماوەی ئەو تەنگژەیەدا، لیستەر پیرسۆن دیپلۆماتی کەنەدا پێشنیاری پێویستبوونی هێزێکی نێودەوڵەتی گەورەی کرد بۆ پاراستنی ئاشتی و ئارامی لەو ناوچەیەدا هەتاوەکو کێشەو تەنگەژەکانی نێوان لایەنە بەشەڕهاتووەکان بڕەوێتەوە، کۆمەڵەی گشتی ئەم ئامۆژگارییەی بەهەند وەرگرت و بۆ یەکەمجار هێزی ئاشتیپارێزی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان دروست بوو. UN هێزە ئاشتیپارێزەکانی نارد بۆ ئەو ناوچەیە تاوەکو ببێتە چاودێر بەسەر گەڕاندنەوەی هێزە سەربازیەکانی بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل لە خاکی میسرداو هەروەها ئیشکردن وەکو هێور کەرەوەیەك لە نێوان لایەنە بەیەکداچوەکاندا، ئایدیای هێزی ئاشتیپارێز لەوێوە گەشەی کرد.

## ٢. ئەرکە یەك لەدوا یەکەکان

Subsequent Missions:

لە ١٩٨٠ وە تاوەکو سەرەتای سالآنی١٩٩٠ هێزە ئاشتیپارێزەکانی UN یارمەتی هەندێ ناوچەیان دا کە پڕبوو لە تەنگەژەو ململانێ. نەتەوە یەکگرتوەکان دانوستانی ئاگربەستی کرد لە ئەمریکای ناوەڕاست و جەنگی نێوان عێراق-ئێران١٩٨٠-١٩٨٨ ، هێزی ئاشتیپارێزی نارد بۆ چاودێری کردنی ناوچەکە. لە ئەفریقا هێزی ئاشتیپارێز چوو بۆ نامیبیا لە نۆڤەمبەری ساڵی١٩٨٩ تاوەکو ئازاری ١٩٩٠ بۆ چاودێریکردنی سەربەخۆیی ئەو دەوڵەتە لە جنوبی ئەفریقا و سەرپەرشتیکردنی یەکەمین هەڵبژاردنی سەربەستی ئەو گەلە. هێزەکانی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتوەکان خەلآتی ئاشتی نۆبڵی پێ بەخشرا لە ساڵی ١٩٨٨ لە بەرامبەر بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکانی لە پاراستنی ئاشتیدا.

نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ٤٤٠٠٠ هەزار سەربازی لە ٩٠ دەوڵەتی جیاواز لە ١٥ چالاکی ئاشتیپارێز بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لە باشوری ئاسیا، لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست، ئەوروپای ڕۆژهەلآت و ئەفەریقا بەکارهێنا.



ئەرکە نوێیەکان بە بێ موشکیلە نەبوون. هەوڵەکانی UN لاوازی پێوە دیار بوو بەهۆی کەمیی بڕی ئەو پارەیەی کە تەرخان کرابوو، هەروەها نەتەوە یەکگرتوەکان خەملاندنەکانی هەڵە بوون سەبارەت بەوەی کە ئەرکە نوێیەکان چی پێویستە، بۆ نمونەUN لە ساڵی ١٩٩١دا تەنها ٥٠٠ سەربازو پۆلیسی چاودێری نارد بۆ ئەنگۆلا، لە کاتێکدا ئاگربەستەکەیان زۆری نەخایاند جەنگی ناوخۆ هەڵگیرسایەوە لە نێوان لایەنگرانی حکومەت و یاخیبوەکان، ئەرکی UN لەوێ بریتی بوو لە پارێزگاریکردنی ئاشتی و چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان. دوای ئەوەی حکومەت لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ریکخراوە یاخی بوەکان چەکیان هەڵگرتەوەو جارێکی تر جەنگی ناوخۆ هەڵگیرسایەوە. نەتەوە یەکگرتوەکان لەم شکستەی پەندی وەرگرت. نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٩٢ هێزی چەندجار گەورەتری بۆ مۆزەمبیق بۆ هەمان ئەرك ناردەوە بە سەرکەوتنی گەورەتریشەوە. لە ساڵی ١٩٩١ UN هێزی ئاشتیپارێزی نارد بۆ کەمبۆدیا بۆ بەڕێوەبردنی حکومەت لە ژێر ڕێکەوتنامەیەکی هەستیاردا کە کۆتایی بەو جەنگە ناوخۆییە درێژخایەنە هێنا. ئەرکەکانی هێزی ئاشتیپارێز

لەوێ لە ساڵی ١٩٩٣ کۆتایی هات، کە حکومەتێکی نوێیان بۆ ئەو وڵاتە پێکهێنا.

نەتەوە یەکگرتوەکان لە چوونە ناو خاکی سۆماڵ توشی کێشەو دژکاریەکی گەورەتر بۆوە لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣، نەتەوە یەکگرتوەکان، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای سەرپشك کرد لە هەوڵەکانی بۆ پاراستنی ئاشتی بە بەخشینی یارمەتیە مرۆڤایەتیەکان بۆ ئەو دەوڵەتە کە توشی شەری ناوخۆ هاتبوو، کە دانیشتوانەکەی توشی نەهامەتی و برسێتیەکی تۆقێنەر کردبوو.

ئەرکەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە هەوڵەکانیان تارادەیەك گەشەسەندنی بەخۆوە بینی لە ڕەوینەوەی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان عەشیرەتەکان لەبۆ دەستبەسەرداگرتنی دەوڵەتەکە، دوای ئەوەی یەکێك لە عەشیرەتەکان هێرشی کردە سەر هێزە ئاشتیپارێزەکان، سکرتێری گشتی ئەو کاتەی نەتەوە یەکگرتوەکان پوتروس غالی هانی هێزەکانی ئەمریکای دا بۆ بەرپەچدانەوەو شوێنکەوتنی سەرکردەی بەهێزی عەشیرەتەکە (موحەمەد فەرەح ئایدید). چالاکیەکان لە جەنگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٣دا کۆتاییان پێهات، لەگەڵ ئەوەی ١٨ سەربازی ئەمریکی کوژران‌و کاتێك یەکێك لە لاشەی سەربازە ئەمریکیەکان لەسەر شەقامی مەقادیشۆ بە بەرچاوی



کامێراکانەوە ڕادەکێشرا، هێزەکانی ئەمریکا زۆر بە کتوپڕی لە سۆماڵ پاشەکشەیان کرد، دیسان جەنگی ناوخۆیی ئەو وڵاتە دەستی پێکردەوە.

نەتەوە یەکگرتوەکان پەیمانی دا کەوا گەورەترین ئەرکی ئاشتیپارێزی لە یوگۆسلافیای پێشوو لە ساڵی ١٩٩٢دا ئەنجام بدات. لە دەسپێکی هەوڵەکانیدا چل هەزار سەربازی بیانی بە بڕی تێچونی نزیکەی یەك بلیۆن دۆلاری ئەمریکی لە ساڵێکداتەرخان کرد. سەنتەری سەرەکی کارەکانیش لە بۆسنەو هێرزەگۆڤین بوو، ناکۆکی دوژمنایەتی نێوان ئەو نەتەوانە بە هۆی هەرەسی لە ناکاوی کۆماری یوگوسلافیاوە بوو. ئەرکی هێزە ئاشتیپارێزەکان هەر لە سەرەتای دەسپێکیەوە کەلێنی تێکەوتبوو، سەربازەکان ئامادە نەکرابوون بۆ ئەو ڕوبەڕوبونەوەیە. UN هێزی چەکداری ئاسایی ناردبوو کە ئامادە کرابوون بۆ کارە مرۆییەکان بۆ ناو جەنگێك کە یەك لایەنیان وەکو دەستدرێژکاری سەرەکی ناسرابوو. نەتەوە یەکگرتوەکان چاودێری زۆرێك لە ئاگربەستەکانی دەکرد کە بەردەوام دەشکێنران، هێزە ئاشتیپارێزەکان تەنها دەیانتوانی یارمەتی بگەیەننە شارە گەمارۆدراوەکان ئەویش لە ماوەی دیاریکراودا کە شەڕفرۆشەکان سەپاندبوویان‌و دیارییان دەکرد. لە ساڵی ١٩٩٥ هێزی صربەکان شارۆچکەی

سربرینیکای بۆسنەیان داگیرکرد کە ئەنجومەنی ئاسایش بەیانی دەرکردبوو ناوچەیەکی ئارامەو مەرجی ئەوەی ناوێ کەوا هێزی تەواوەتی بۆ بنێرێ، نزیکەی حەوت هەزار ژن و پیاو و منداڵ سەربڕران لە چەند مانگێکدا، هێزەکانی ئاشتیپارێز پەرت و بڵاو بوو، بۆیە لە لایەن هێزێکی سەربازی زۆر بەهێزی کۆکراوەوە شوێنی گیرایەوە کە ئەویش هێزی ڕێکخراوی هاوپەیمانی باکوری ئەتلەسی کۆی کردبۆوە(NATO) کە هەریەك لە وڵاتانی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسا بەشدارییان تیادا کرد.

## ٣. هەڵوێستە گۆڕراوەکان لە بەرامبەر هێزی ئاشتیپارێز:

Changing Attitudes toward Peacekeeping

ئەزمونی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سۆماڵ و یۆگوسلافیای پێشو وای لە ئەندامە بەهێزەکانی کرد کە ڕێگر بن لە ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی ئاشتیپارێزی نوێ. ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی ١٩٩٤دا داوای سکرتێری گشتی ڕەفز کردەوە بۆ ناردنی هێز بۆ خاکی ڕواندا، لە کاتێکدا کەسایەتی خێڵەکی شەڕفرۆش –هۆتۆ– نزیکەی نیو ملیۆنی لە ئەندامانی قەبیلەی توتسی لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا تەفرو توناکرد، تەنانەت ئەو کاتەیش کە



ڕووداوە هاوشێوەکان ببونە مایەی هەڕەشە لە دەوڵەتە دراوسێکانی بۆروندی لە ساڵی ١٩٩٥دا، ئەنجومەنی ئاسایش دوبارە ڕەتی وەڵامدانەوەی ئەو کردەوانەی دایەوە.

لەکۆتایی ساڵەکانی١٩٩٠ ئەنجومەنی ئاسایش هێزە ئاشتیپارێزەکانی سەرپشك کرد لە دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی لە کۆسۆڤۆ (بەشێك لە سربیا و مۆنتینیگرۆ، کە پێشتر کۆماری یوگوسلافیای فیدراڵ بوو)، هەروەها بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ تەیموری خۆرهەڵات، لە ماوەی گواستنەوەی بۆ سەربەخۆیی و بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمە لە ماوەی ئەو حکومەتە کاتیەدا. هەروەها یارمەتیدانی لە سەربەخۆبونیو ڕاپەراندنی پەیماننامەی ئاشتی سیرالیۆن.

لە ساڵی ٢٠٠١ دا ئەنجومەنی ئاسایش هێزە فرە ڕەگەزەکانی سەرپشك کرد بۆ هێنانەکایەی بارودۆخێکی ئاشتی و سەقامگیر لە خاکی ئەفغانستان، لە پاشان جەنگی ئەمریکا دژی تیرۆریستان. لەوێ، ئەم هێزی ئاسایشە زیاتر لە لایەن دەوڵەتە بەشداربوەکانەوە سەرکردایەتی دەکرێت، لەچاو ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتوەکان.

## نمونەیەك لە ئەرکەکانی هێزی ئاشتیپارێز:

### نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئەفریقیا:

United Nations in Africa

وەکالەتەکان‌و پرۆگرامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئەفریقا بۆ نەهێشتنی موستەعمەرات بەکارهێنراوە. پاراستنی ئاشتی، کۆمەککردن، مافەکانی مرۆڤ. هەروەها گەشەکردنی ئابووری. ئەفریقا بوە بە ناوچەیەك بۆ هەندێ لە گەورەترین سەرکەوتنەکان‌و لە بەرامبەریشیدا سەرنەکەوتنی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان. نەتەوە یەکگرتوەکان رۆلێکی گرنگی گێرا لە پاڵپشتیکردنی بۆ قۆناغی گواستنەوە بەرەو سەربەخۆیی بە شێوەیەکی ئاشتیانە بۆ هەندێ موستەعمەرەی ئەفریقی، وە لە دەمێکی زوەوە نەتەوە یەکگرتوەکان هەڵمەتە نێودەوڵەتیە سەرکەوتوەکانی رێکخستوە بۆ تەندروستی منداڵان‌و ریشەکێشکردنی نەخۆشیەکان. چاودێرەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، چاودێریە دیپلۆماتیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، یارمەتی چارەسەرکردنی ژمارەیەك لە ململانێیە ماوە-درێژەکانی داوە، بە تایبەتی لە باشووری ئەفریقا. لەگەڵ ئەوەشدا، چارەسەریە ماوە-درێژەکان بۆ هەژاریە درێژ-خایەنەکان، نایەکسانی کۆمەڵایەتی،



هەروەها ناجێگیری سیاسی لە ئەفریقیا، ئەندێشەی نەتەوە یەکگرتوەکانی داگیر کردوە، جگە لەوەی کە کاریگەری گوماناوی لەسەر هێزی چەکداری ئاشتیپارێز لە سۆماڵ و رواندا لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ رەخنە باوەکانی وروژاندوە، لە ئەفریقاو دەرەوەی ئەفریقا.

کاتێك کە نەتەوە یەکگرتوەکان دروست بوو لە ساڵی ١٩٤٥، تەنها ئەسیوپیا، لایبریا و باشووری ئەفریقیا دەوڵەتی سەربەخۆ بوون لە ئەفریقیا، بەلاّم بۆ هێزی کۆڵۆنیاڵی ئەوروپی، بڕی تێچونی حوکمی مانەوەی موستەعمەرەکان بە شێوەکی بەردەوام لەزیادبووندابوو، لەبەرئەوەی بزوتنەوە نەتەوەییەکان، بە شێوەیەکی جوزئی بە درێژایی زۆربەی ئەفریقیا وردە وردە گەشەیان کردبوو. سەربەخۆیی موستەعمەرەکان بەو شێوەیە یەکێك بوو لە گرنگیپێدانە یەکەمیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بە ئەفریقیا، هەروەها قۆناغی گواستنەوە بەرەو سەربەخۆیی، گرنگی پێدانێکی بنەڕەتی بوو لە ماوەی سەرەتای دوای جەنگ. بە پێی یەك لە چوار ڕێنماییە سەرەکیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان- گەشەپێدانی پەیوەندیە تەباییە نێودەوڵەتیەکان لەسەر ئەساسی یەکسانی‌و مافی چارەی خۆنوسین بنیات نراوە- کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لیژنەیەکی تایبەتی دروست کرد بۆ

چاودێریکردنی بارودۆخەکانی هەرێمە کۆلۆنیاڵیەکان لە ساڵی ١٩٤٧. لیژنەکە زانیاریەکانی لەسەر ئەو هەرێمانە کۆ دەکردوە و پاڵپشتی مافی چارەی خۆنوسینی دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، دوای جەنگی جیهانی دووەم، نەتەوە یەکگرتوەکان بەرپرسیارێتی لە کۆمەڵەی گەلان وەرگرت بۆ شەش کۆلۆنی ئەڵمانی و ئیتاڵی لە ئەفریقا، لە نێوانیاندا تانگانیانکا ( تانزانیای ئێستا)و تۆگۆ، هەروەك زۆربەی کۆلۆنە فەرەنسی، بەریتانیو بەلجیکیەکان لە ئەفریقیا، ئەو وەصیيانە هەمووی سەربەخۆ بوو لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠ لەگەڵ ئەوەشدا حوکمی کەمایەتی سپی-پێست بەردەوام بوو لە زۆربەی ئەفریقیا. لە ساڵی ١٩٦٥ نەتەوە یەکگرتوەکان سزاکانی بەسەر باشوری رۆدیسیا سەپاند، بەڵام تەنها دوای جەنگێکی سەربەخۆیی درێژ ئەو کارەی کردو رژێمەکەی (ئان سمیس)دەستی لەکار کێشایەوە، سەرکردایەتی سەربەخۆیی دەکرد بۆ ناونانەوەی زیمبابۆی لە ساڵی ١٩٨٠.

نەتەوە یەکگرتوەکان هەروەها پاڵپشتی کرد لە سەربەخۆبوون لە بەرامبەر حوکمی پورتوگالیەکان لە ئەنگۆلاو مۆزەمبیقو بەرەنگاری داگیرکردنی باشووری رۆژئاوای ئەفریقا (نامیبیای ئێستا) کرد لە لایەن باشووری ئەفریقاوە. لەوێ پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ



ڕینماییکردنی نامیبیا بۆ سەربەخۆبوون دامەزرا لە ساڵی ١٩٦٨. دوای ساڵێك لە بەرگریکردن، باشوری ئەفریقیا ڕازی بوو بۆ دەست هەڵگرتن لەسەر موڵکی نامیبیا بە مەرجێ کەوا هێزی سەربازی کوبا، دەوروبەری ئەنگۆلا جێبێڵن. نەتەوە یەکگرتوەکان چاودێری هەڵبژاردنەکانی کرد لە ساڵی ١٩٨٩، ساڵی دواتر سەربەخۆیی هەموو نامیبیەك راگەیەنرا. لە کۆتاییدا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان دوبارە ئیدانەی سیاسەتی جیاوازی چینایەتی کرد لە نەفسی باشوری ئەفریقیا. کاتێك سیاسەتی جیاوازی چینایەتی دواجار هەڵوەشایەوە لە ساڵی ١٩٩٠، چاودێرەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان چاودێری هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٤ کرد کە سەرکەوتنێکی گەورەی نێڵسن ماندێلای لێکەوتەوە، یەکەم سەرۆکی ڕەشپێستی باشووری ئەفریقیا.

هەر لە دوای یەکەم شەپۆلی سەربەخۆبوونی موستەعمەراتە ئەفریقیەکان لە سەرەتای ساڵانی ١٩٦٠، دیپلۆماسیەتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر ئەو کیشوەرە بە چالاکیو گرنگیپێدانەوە کاری کرد بۆ چارەسەرکردنی ململانێیەکانو پاراستنی ئاشتی، دەرئەنجامەکان جۆراوجۆر بوون. چالاکیەکانی ساڵی ١٩٦٠-١٩٦٤ ی نەتەوە یەکگرتوەکان لە کۆماری کۆنگۆ، بوو بە سەرەتای

کۆمەڵێك لەو هەوڵدانانە. هێزە سەربازیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بەزۆری ئەفریقی بوون، بانگکرابوون بۆ کۆماری کۆنگۆ، دوای هەوڵدانی جیابوونەوە لە لایەن هەرێمی کەتانگاوە کە بوو بە هۆی هاتنەناوەوەی هێزە سەربازیە بەلجیکیەکان، بە کورتیەکەی، بۆ پاراستنی هاولاٌتیە بەلجیکیەکان. "داگ هامەرسکۆلەر"، لەو کاتەدا سکرتێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو، لە ئەنجامی تەقینەوەی تەیارەکەی لەسەر رێگای کۆنگۆ، مرد. هێزە سەربازیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان شوێنەکەیان بەجێهێشت، دوای خۆبەدەستەوەدانی یاخیبوەکان، بەلاٌم بەردەوامی ململانێی ناوٌخۆیی بوو بە هۆی ڕوودانی کۆدەتا لە ساڵی ١٩٦٥ لەلایەن "مۆبۆتۆ سیس سیسکۆ"وە، کە دیکتاتۆریانە، بۆ ماوەی ده ساڵ بەشداری بۆ ناسەقامگیری سیاسی لە سەنتەری ئەفریقادا کرد. هێزە سەربازیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان‌و چاودێرەکانی لە کاتێکی زووەوە خزمەتیان دەکرد لە ئەفریقیادا، بەلاٌم دوو لەو تەداخولانەی کە بە زۆری بوو بەهۆی ئەوەی مشتومڕ هەڵبگرێ لە سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ ڕویدا.

چالاکیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سۆماڵ هیواکانی گەڕانەوە، ویستی دابەشکردنی کۆمەکە خۆراکیەکان بۆ



برسیەکان لە ژێر وەزعی جەنگی ناوخۆ توندتر بکات. چالاکیەکان بە شێوەیەکی فراوان ڕەخنەی دەگرت لە حاکمی عەسکەری سۆماڵی بە کۆنترۆڵکردنی سەرمایەی مەگەدیش، کە بوو بە هۆی مردنی ٨٣ سەربازی نەتەوە یەکگرتوەکان. کەناڵەکانی میدیا وێنەی سەربازێکی ئەمریکی مردویان پیشان دا کە بە درێژایی شەقامەکان ڕادەکێشرا، کاریگەریەکی خراپی لەسەر ئەمریکا بەجێهێشت. لە ساڵی ١٩٩٤، جینۆسایدی ڕواندای بەدوادا هات، زۆرێك لەناو ڕوانداو دەرەوەی ولاٌت هێزە ئاشتیپارێزەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانیان سەرزەنشت دەکرد کە نەیتوانیوە ڕێگر بێت لە کاولکاریەکانی ئەو دەوڵەتەدا. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە کاتێکی زووەوە بەرگری لە ڕۆڵەکانی خۆی دەکات، ناچوستیی هێزە سەربازیەکانیشی دەگەڕێنێتەوە بۆ بەرهەڵستیکردنی ولاٌتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

جینۆسایدی ڕوندایيەکان‌و ململانێیە ناوخۆییەکانی تر، کێشەی پەنابەری دروست کرد، کە یەك لە ڕاڕاییە سەرەکیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو لە ساڵی ١٩٩٠. لە ساڵی ١٩٩٥ کۆمیسیاری بالاٌی پەنابەران (UNHCR) ی سەر بە نەتەوە یەگگرتوەکان خەملاٌندنی کرد کەوا ٤,٥ چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار پەنابەری سی دەوڵەتی

ئەفریقی پێویستیان بە هاوکاریکردنە. نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئەفریقیا تا ڕادەیەکی گەورە بە سەلامەتی خواردەمەنیەوە مژوڵ بوو. ڕێکخراوی خۆراك‌و کشتوکاڵ (FAO) هەندێ پرۆگرام بەڕێوە دەبات بۆ باشکردنی خۆراك‌و کشتوکاڵ، بۆ نمونە، لە ساڵی ١٩٩٦ لە زیمبابۆی پرۆگرامێك پێشکەش کرا بۆ کەمکردنەوەی ئافاتکوژەکان کە بەکارهێنرا لە ڕێگای ناساندنی حەشەراتە زیانبەخشە سروشتیەکانەوەو جۆراوجۆرێتی بەرگریکردنی نەخۆشیەکانی ڕوەك. لە ساڵی ١٩٩٣ پلانی کۆنترۆڵکردنی داڕوتانەکان لە بۆروندی، یارمەتی، درەخت، نەمام و ڕوەکە گیاییەکانی دا. هەروەها پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان UNDP ٢٥٪ ی یارمەتیەکانی بۆ پرۆژەکانی پەیوەند بە خۆراکەوە تەرخان کرد لە ئەفریقیادا. لە ساڵی ١٩٦٠ وە تا ئێستا جەنگ‌و وشکەساڵی لە نێوان ئەو هۆکارانەن کە بونەتە هۆی دوبارەبونەوەی کەمی خۆراکە ناوچەییەکان لە ساهل(کۆدیڤوار) sahel و هۆرن horn لە ئەفریقیا لە ساڵی ١٩٧٠و ناوەراستی ساڵی ١٩٨٠، وە لە سۆدان لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠.



لە ساڵی ١٩٧٠، ڕێکخراوی FAO لە دابەشکردنی یارمەتیە خۆراکیەکان تووشی بارگرانیەکی زۆر هاتبو، هاوکاری پیتاکی فریاکەوتنی لەخۆ دەگرت لە ڕێگای پرۆگرامی خواردنی جیهانەوە WFP. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوەکە مەشغوڵ بوو بە لێکۆڵینەوەی دانەوێڵەو گەشەپێدانی پرۆژەکان‌و لە پرۆگرامەکانیشی بۆ باشترکردنی سیستەمی دابەشکردنی خواردەمەنیەکان لە دەوڵەتانی ئەفریقیا. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ بانکی نێودەوڵەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بیناکردنەوەو گەشەپێدان، بە شێوەیەکی گشتی بە بانکی جیهانی دەناسرێ، لە زۆربەی دەوڵەتانی ئەفریقیا مژوڵ بوو لە پرۆگرامە ساڵانەییەکانی بۆ کەمکردنەوەی قەرزە نەتەوەییە زۆرەکان‌و هاندان‌و پاڵپشتیکردنی گەشەکردنی ئابوری، کە بە پرۆگرامی هەموارکردنی بونیەوی دەناسرێت (Saps)، ئەوان قەرزە هەمە لایەنەکانیان پەیوەست کرد بە یەکەوە بۆ چاکسازیکردنی ئابوری، یاساو ڕێسای نرخ‌و دراوەکان‌و ڕێگەگرتن لە بەڕێوەبردنی ڕەوشی پرۆژە بازرگانیە قورس‌و نوێیەکان. هەروەها بانکی جیهانی پارە دابین دەکات بۆ گەشەپێدانی پرۆژەکان لە ئەفریقیا لەگەڵیشیدا یارمەتی تەکنیکی و هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان. لە ساڵی ١٩٩٠

بانکی جیهانی بوو بە گەورەترین سەرچاوەی دارایی ئەفریقیا.

یەکێکی تر لە ڕۆڵبینە گەورەکان لە ناوچەکانی ئەفریقیادا بریتییە لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیWHO. زۆرترین دەستکەوتە گەورەو نایابەکانی ئەم ڕێکخراوە بنەبڕکردنی نەخۆشی ئاوڵە بووە کە لە ساڵی ١٩٥٨وە دەستی پێکردوە. هەروەها WHO هەڵمەتێکی گەورەی نێودەوڵەتی بۆ دەرزی (گرانەتا) ڕێکخستووە، دواهەمین حاڵەتی نەخۆشی ئاوڵە لە ساڵی ١٩٧٧دا بوو، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٠ ڕاگەیەندرا کەوا نەخۆشیەکە لەسەر ئاستی جیهان بنەبڕکراوە. WHO هەروەها پێشکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە دژی (کوێربون)، ئەم نەخۆشیە مەترسیدارە ناوچە گەورەکانی ساهیلین (کۆ دی ڤوار)ی ڕۆژئاوای ئەفریقیای وا لێکردبوو کەوا تەندروست نەبێت بۆ دانیشتوان. پڕۆگرامی کۆنترۆڵکردنی ئەم دەردەی سەر بە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO لە ساڵی ١٩٧٤وە دەستی پێکرد، تا ڕادەیەکی باش نەخۆشیەکەی کۆتاپێهێنا. ئەم ڕێکخراوە هەروەها مەبەستی بوو کە هەریەک لە نەخۆشیەکانی ئیفلیجی منداڵو نەخۆشی فەسلەجی کەمی یۆد تا ساڵی ٢٠٠٠ کۆتایی پێ بێت. پڕۆگرامی جیهانی لەسەر نەخۆشی



کۆشندەی ئایدز کە لە ساڵی ١٩٨٥وە دەستی پێکردوە، لەگەڵ تووشبوونی ٢١ ملیۆنی ئەفریقی بەو ڤایرۆسە، نزیکەی٨٠٪ کۆی ژمارەی حاڵەتە جیهانیەکان، هەروەها لەناوبردنی نەخۆشی ئایدزو ڕیشەکێشکردنی، لە بەرنامە گەورەو لەپێشەکانی WHO بووە. هەروەها وەکالەتەکە سەرقاڵ بوو بە وەستاندنی بڵاوبونەوەی کۆمەڵێك نەخۆشی دیکە، بە تایبەت مەلاریا، کە یەکەمینە لەسەر ئاستی جیهان بۆ گواستنەوەی توشبوەکانی.

لە نێوان چالاکیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئەفریقا بریتییە لە، پارەی منداڵانی نەتەوە یەکگرتوەکان UNICEF و ڕێکخراوی پەروەردەو زانستو ڕۆشنبیری سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان UNESCO، هەروەها پڕۆگرامی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتوەکان. هەر یەك لە سکرتێری گشتی پێشووی نەتەوە یەکگرتوەکان کوفی ئەنان و سکرتێری ڕاستەوخۆی پێش خۆی پوتروس غالی ئەفریقین، کە ئەمەش ئاماژەدانە بە زیادبوونی هەبوی ئەفریقیەکان لە پلە باڵاکانی پۆستەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانو یارمەتیدان بۆ جەختکردن لەسەر بەرنامە لەپێشەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان بە ئەفریقیاو هەندێ ناوچەی جیهانی سێهەم. کوفی ئەنان هەندێ دەوڵەتی هان دا بۆ تەرخانکردنی گرنگیپێدانی زیاتر بۆ پێویستیەکانی

هەژاری‌و پێدانی داواکاریەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان (هەندێ دەوڵەت، بەتایبەتی ئەمریکا دورن لە پشت ئەو پێدانانەوە)، تاوەکو رێکخراوەکە بە شێوەیەکی زۆرترو کاریگەر بتوانێت کێشەو ململانێی ئەفریقیا ئاراستە بکات.



## هەشتەم: گەشەکردنی ئابووری
## Economic Development:

بێگومان ئەو چالاکیانەی کە وەکالەتەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان پێی هەڵدەستن هەمووی بە پێی مەبدەئی تایبەتیە کە هانی گەشەکردنی ئابووری کۆمەڵایەتی دەدات، ئەوەش هاندەرێکە بۆ هێنانەکایەی جیهانێکی پڕلە ئاشتی و ئاسایش. میساقەکە داوا لە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکات کە کاری تەواو بۆ هەموان مسۆگەر بکات‌و پێوەرە بالآکانی ژیان‌و گوزەران‌و گەشەکردنی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی دابین بکات. دەرئەنجام UN بەشێکی گەورەی لە ستاف‌و بودجەی تەرخان کرد بۆ گەشەکردنی پرۆگرامە ئابوریە جیهانیەکانی.

کۆمەڵەی گشتی دانی نا بەوەی کە پێویستە سترەکچەری پەیوەندیە ئابوریە نێو دەوڵەتیەکان

دابڕێژرێتەوە لەپێناو یارمەتیدانی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم و پێشنیاری زنجیرەك هەنگاوی یارمەتی کرد بۆ کەمکردنەوەی کەلێنەکانی نێوان دەوڵەتە هەژارەکان و دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان.

نەتەوە یەکگرتوەکان چەندین پرۆگرام و وەکالاتی تایبەتی دەخاتە کار لە پێناو بەرەوپێشبردنی گەشەی ئابوری و مسۆگەرکردنی یارمەتی و پسپۆڕی تەکنیکی بۆ وڵاتە تازە گەشەکردوەکان. یەکێك لەو پرۆگرامانە بریتیە لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بارەی بازرگانی و گەشەکردنەوە (UNCTAD).

زۆربەی وڵاتە تازە گەشەکردوەکان پشت بەو داهاتە دەبەستن کە لە بازرگانیدا دەستیان دەکەوێت بۆ بەهێزکردنی هەوڵەکانی گەشەکردنی ئابوریان لە نیشتمانی خۆیانداو بەتایبەتی دوچاری بەرزیونزمی نرخ دەبن لە بازاڕە نێو دەوڵەتیەکان و کێشەکانی دیکەی بازرگانیدا.

UNCTAD لە ساڵەکانی ١٩٦٠دا دامەزرا، بە ئومێدی یارمەتیدانی دانوستانی ڕێکەوتنامە بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان کە نرخەکان جێگیر دەکات و بازرگانی لە وڵاتە تازە گەشەکردوەکاندا گەشە پێدەدات.



لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٧٠، کۆمەڵەی گشتی لە بانگەشەکەیدا ئەو ئامانجانەی گرتبووەخۆ لە پێناوی بالادەستبونی ئابوری نێودەوڵەتیی نوێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەی وڵاتە تازە پێگەیشتوەکان. بەڵام وڵاتە تازە گەشەکردوەکان دەسەڵاتێکی کەمیان هەیە لە ئابوری نێودەوڵەتیدا، لە ئەنجامیشدا UNCTAD زۆر ناکاریگەر بووە لە بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیەکانیان لە بازرگانی نێودەوڵەتیدا. هەندێ وەکالەتی تر بۆ نمونە UNDP ، هەوڵەکانی بریتین لە پرۆگرامی گەشەسەندنی نەتەوە یەکگرتوەکان کە هەموو هەوڵەکانی UNیش لە نەتەوە تازە پێگەیشتوەکاندا ڕێکدەخات. سەرمایەکەشی لە ڕێگای یارمەتیە خۆبەخشەکانەوە دابین دەکرێت و هەزاران پرۆژەی هەیە لە سەرتاسەری جیهاندا. UNDP گەورەترین ئاژانسی نێودەوڵەتی جیهانە کە یارمەتی گەشەکردن لەسەر مەسەلە تەکنیکیەکان دابین دەکات بە هاوکاری دوو ئاژانسی پەیوەندیدار کە بریتین لە ڕێکخراوی گەشەپێدانی پیشەسازی نەتەوە یەکگرتوەکان و پەیمانگای دامەزراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ڕاهێنان و توێژینەوە.

وەکالەتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان شتگەلی بەسوودی جۆراوجۆر پێشکەش دەکات بۆ هاندانی گەشەکردنی

ئابوری، حکومەتەکانی دەوڵەتانی جیهانی سێهەم (تازە گەشەکردوەکان) ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان وەکو هاوڕێیەك دەبینن بۆ پێشکەوتنی جیهان نەك وەك غەوارەیەك کە هەڕەشە لە دەسەلاتەکانیان بکات، یان وەکو بیرخەرەوەیەکی حوکمی کۆلۆنیالی، ژمارەیەك لە کەسە پسپۆرەکانی UNو تاکە خۆبەخشەکانیشی سەر بە ژمارەیەك لە دەوڵەتانی جیهانی سێهەمن، بەلام ئەو کارمەندانەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لە دەوڵەتانی جیهانی سێهەمەوە هاتون، لەوانەیە هەستیارتر بن لە چاو هاوکارەکانیان کە سەر دەوڵەتانی خاوەن سەرمایەن، بە تایبەت لە بارە ناوخۆییەکان و هاوبەشیکردن لە بۆ یارمەتیدانی گەشەکردن.

هەروەها نەتەوە یەکگرتوەکان دەتوانێت یارمەتیەکانی خۆی لە سیستەمی دەولیدا ڕێکبخات، خۆلادانی لە هەڵە دوبارەوە- بوەکان. کۆمەڵێك دیاردەی وەکو نەهێشتن و چارەسەرکردنی نەخۆشی، پاراستنی ژینگە، بە شێوەیەکی تایبەتی سوود لە شێوازی نێودەوڵەتی UN وەردەگیرێت. زیانە گەورەکانی پرۆگرامەکانی گەشەکردنی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکانیش بریتیە لەوەی سەرمایەکان تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە بەشداریکردنە خۆبەخشەکانی دەوڵەتە سامان-زۆرەکان دەبەستێت. هەموو وەکالەتەکان



پێویستە لە سەریان کەوا هانی خۆبەخشەکانیان بدەن، بۆ تەواوکردنی کارەکانیان، خۆبەخشەکانیش، ئەگەر پرۆگرامەکە حکومەتێکی بەخشەری بەدڵ نەبوو، دەتوانرێ دابڕرێن لە کارەکانیان بە شێوەیەکی کتوپڕ. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێجار وەکالەتەکان چالاکیان نیە کە حکومەتەکان و بزاڤی بازرگانی دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان ڕێگەیان پێداون، ئەمەش وا دەکات ئەو وەکالەتانە سومعەیان نەمێنێت بۆ ئەو بێتواناییەیان. هەروەها UN یارمەتی گەشەکردنی دارایی داوە لە ڕێگەی بانکی جیهانییەوە. ئەم بانکە جیهانیە لە ساڵی ١٩٤٤ دروست بوو، بۆ یارمەتیدانی گەلانی دواکەتوو و یارمەتیدانیان بە پارە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانیان. بانکەکە ڕازیە بە پێدانی پارە بە دەوڵەتە ئەندامەکان بۆ دارایی پرۆژە تایبەتیەکان کە ئەوەش پەیتا پەیتا هانی بەرهەمهێنەری دەرەکی دەدا. وەکالەتێکی پەیوەندیدار کە ئەویش صندوقی نەقدی دەولییەIMF لەهەمانکاتدا دروست بوە بۆ هاندانی هاوکاری نێودەوڵەتی لە مەسەلە داراییەکاندا. ئەم سندوقە هانی شێوازێکی جێگیرو ڕێكوپێکی ڕێژەکانی ئاڵوگۆڕی دراوی دەدات.

## نۆیەم: ژینگەی  جیهانی
## Global Environment

پرۆگرامی ژینگەیی نەتەوە یەکگرتوەکان(UNEP)، پاڵپشتی لە ژینگەیەکی ساغ و سەلامەت دەکات لە هەموو شوێنێکی دنیادا. ئەو ڕێگەیەك دەگرێتە بەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی ژینگە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کە ئەویش زیادکردنی کەسانی پسپۆرە بۆ دەوڵەتانی ئەندام، چاودێریکردنی وەزعی ژینگەی دەولی، گەشەکردنی پێوەرە ژینگەییەکان، پێشنیارکردنی سەرچاوەی وزەی ئەڵتەرناتیڤ. کاریUNEP بە پێی ئەو پرینسیپانە رابەری دەکرێت کە لە کۆنفرانسی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ژینگەو ئاوەدانکردنەوە دروست بوو کە بە لوتکەی زەوی ناسرا ، لوتکەکەش لە شاری "ریۆ دی جانیرۆ" کۆبونەوە لە وڵاتی بەرازیل، کۆنفرانسی ئەوەندە گەورە لەو شێوەیە نەبەستراوە کە تیایدا زیاتر لە سەد سەرکردە بەشداری تیادا بکا، ئەوەش سێهەم کۆنفرانسی ژینگەیی نێودەوڵەتی



بوو کە لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ئەنجام درابێت. یەکەمین کۆنفرانسی ژینگەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە شاری ستۆکهۆڵم بوو لە وڵاتی سوید لە ساڵی ١٩٧٢ کە پرنسیپی گشتی ژینگەیی بنیات نرا، لەسەر ئەو بنەڕەتەی کەوا چالاکیەکانی تاکە دەوڵەتیك نابێت ببێتە مایەی زەرەر بۆ دەوڵەتێکی تر، ئەو کۆنفرانسە هەروەها هۆشیاری دا لە بارەی ڕوخساری نێودەڵەتیەوە سەبارەت بە زەرەرو زیانە ژینگەییەکان. کۆنفرانسی دووەم لە نایرۆبی بەسترا لە وڵاتی کینیا لە ساڵی ١٩٨٢، نایرۆبی بارەگای سەرەکی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکانە بۆ پرۆگرامە ژینگەییەکان.

لە ساڵی ١٩٩٢ لوتکەی زەوی کە فراوانتربوو و تموحیشی زۆرتربوو لەوانەی پێشخۆی. بابەتی باسی سەرەکی، بەردەوامبوونی گەشەپێدانی ئابوری بوو، مەبەست لە گەشەپێدانیش واتا سەرچاوە سروشتیەکانی جیهان بە خەسار نەبرێن یان لەناو نەبرێن. دەرئەنجامی کۆبونەوەکەش پیلانێك بوو بە شێوەیەکی گشتی پێی دەگوترا ئەجێندا ٢١، کە دەوڵەتە گەورە تازە پێشکەوتوەکان پەیمانیان دا کە بە شێوەیەکی زۆر باش ئاگایان لە ژینگە بێت، دەوڵەتە پیشەسازیەکان پەیمانیان

دا کە یارمەتییان بدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە. لیژنەی تایبەت دروستکرا بۆ دڵنیاکردنی دەوڵەتان سەبارەت بەو بەڵێنانەی کە دایان، بەڵام لیژنەکە دەسەڵاتی نەبوو بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکان، هەر لە یەکەم کۆبونەوەوە لە ساڵی ١٩٩٤ لیژنەکە دانی نا بەوەی کە دەوڵەتە پیشەسازیەکان لە هەوڵەکانیاندا تەنها نیوەی ئەو بڕە پارەیەیان سەرف کردەوە کە بەڵێنیان دابو سەرفی بکەن.

کۆنفرانسی لوتکەی زەوی هەروەها پەیماننامەیەکی پێکهێنا لەسەر بەرزبونەوەی پلەی گەرمی گۆی زەوی، دیاردەیەکی ژینگەییە،کە پلەی گەرمی گۆی زەوی بەردەوام لە بەرزبونەوەدایە لە ئەنجامی سوتانی ئاژەڵە (بەبەردبوەکان) و سامانە کانزاییە سروشتیەکان و کارگە پیشەسازیەکان. بەڵام پەیماننامەکە ئاگاداری ئەو دەوڵەتانەی نەکرد کە ئیمزای پەیماننامەکەیان کردبوو بۆ کۆبوونەوە لەسەر مەبەستەکان لە هەندێك ڕۆژانی تایبەتدا. پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری ژینگەیی کار دەکات لەگەڵ ڕێکخراوی میترۆپۆلۆجی جیهانی(WMO) لەسەر ئەم مەسەلەیە. دوو ڕێکخراو هەڵدەستن بە پێوانی گۆڕانکاریەکان لە ئاووهەوای گۆی زەوی لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە. نەتەوە یەکگرتوەکان هەروەها هۆشیاری دا



بە لیژنە پسپۆڕییە حکومییەکان سەبارەت بە گۆڕانکاریەکانی ئاووهەوا. لە ساڵی ١٩٨٩ ئەو لیژنانە کە وەکو تیمێکی دەولی خزمەتیان دەکرد، سەبارەت بە بەرزبوونەوەی گەرمیی گۆی زەوی، دانوستانیان کرد.

پەیماننامەیەکی دیکە کە لوتکەی زەوی لە ساڵی ١٩٩٢ پێکی هێنا، مامەڵەکردنە لەگەڵ مەسەلەی جۆربەجۆری ژیان کە بریتی لە هەمەڕەنگیی ژیانی زیندەوەر، جیاوازی بونەوەرەکان لە نیشتمانێکی تایبەت یان لە شوێنە جوگرافیەکاندا. لە ژێر پەیماننامەکەدا، دەوڵەتەکان رازی بوون بە پاراستنی ئەو ناوچانەی کە ئاژەڵانی لێ دەژیو هەروەها ئەو ناوچانەش کە تایبەتە بە روەکەکان. دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان رازی بون بە پێدانی ماف بۆ دەرهێنانی مادە بەسوودە بازرگانیەکان لە جۆرە دەگمەنەکانی ئاژەڵانی ناوچە پارێزراوەکانی جیهانی سێهەم. ئەمریکا هەستا بە دواخستنی ئیمزاکردنی ئەو پەیماننامەیە لەبەرئەوەی دەترسا کە پێدانی ئەو مافە ئەستۆپاکیی داهێنان سنوردار بکات لە بایۆتەکنۆلۆجیدا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان خاڵی سەرەکیە بۆ هاوکاریە نێو دەوڵەتیەکان بۆ هەر یەکێك لە مەسەلە ژینگەییەکان. بەڵام نەبونی دەسەڵات لە چالاکیەکانیدا بەسەر دەوڵەتە ئەندامەکاندا، ڕێگرێکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتن.

## دەیەم: مافەکانی مرۆڤ
## Human Rights

یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژێر چەتری میساقەکەدا بریتیە لە پاڵپشتیکردنو هاندانی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و سەربەستیە ئەساسیەکان بۆ هەموو بونەوەرێك، بەبێ پلەدانانی ڕەگەزی، ژن یان پیاو، زمان یان دین. بەڵام جارێکی تریش کاریگەریەکانی UN لە هاندانی ئەجێنداکەیدا سنوردار کراوە بەهۆی نەبوونی دەسەڵات بەسەر دەوڵەتە ئەندامەکاندا.

دوای ئەو کاروکردەوە دڕندانەیەی کە نازیەکان بە حەماسەوە لە هۆلۆکۆستدا بەرپایان کرد، (کوشتو بڕی گشتیی جولەکەکان، کە لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا بوو) تیایدا نزیکەی ٢٥٠٠٠٠ جولەکەیان لەناو برد، UN بەیانێکی جیهانیی دەرکرد بۆ مافەکانی مرۆڤ. بەیانەکەش



لە ١٠-١٢ ساڵی ١٩٤٨ دابوو، لە ئێستادا ساڵانە وەکو ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ یاد دەکرێتەوە.

بەیانەکە بانگەشە دەکات کە "هەموو مرۆڤێك بە یەکسانی و بە سەربەستی لە دایك دەبێت" و دامەزراندنی مافە سەرەکیەکان بۆ هەموو خەڵکێكو دانانی پێوەرێك بۆ کارو کردوەکانی حکومەتانی هەندێك ناوچە بۆ نمونە، دەڵێ کە هەموو کەسێ مافی سەربەستی هەیە، سەربەستی دینو سەربەستی سیاسی، پەروەردەو ڕەفاهیەتی ئابوری. هەروەها بەیانەکە بە هەموو شێوەیەك ئەشکەنجەدانی مرۆڤی قەدەغە کردوەو دەوڵەت دەبێت بانگەشەی ئەوە بکات کە هەموو مرۆڤەکان دەتوانن بە شێوەیەکی یەکسان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی حکومەت، بەشداری بکەن.

بەیانەکە هێزی یاسایی نیە. لەگەڵ ئەوەشدا، وا دەردەکەوێت کەمتر کاریگەرە لەسەر دەوڵەتە ئەندامەکانی. ئەو حکومەتانەی کە کەمتر مافی مرۆڤ ڕەچاو دەکەن، بۆ نمونە چین، ڕەخنەی توند لە هەوڵەکانی UN دەگرێت بۆ بەرقەرارکردنی مافەکانی مرۆڤ، دەڵێت ئەو جۆرە کردارانە دەست دەخاتە کاروبارەکانی ناوخۆیانەوە. نەتەوە یەکگرتوەکان لیژنەیەك لەسەر مافەکانی مرۆڤ بەڕێوە دەبات، چاودێری مافەکانی مرۆڤ دەکات لەو دەوڵەتانەی کە بە شێوەیەکی خراپ مامەڵە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا

دەکەن و مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن. نەتەوە یەکگرتوەکان کۆبونەوەی نێودەوڵەتی ئەبەستێ بۆ ئەم بابەتە گرنگە. لە ساڵی ١٩٩٣ کۆمەڵەی گشتی مەرکەزی گوتیار (مفەوەز)ی باڵای دروست کرد بۆ مافەکانی مرۆڤ. ئەم گوتیارگە (مفەوەزیە) باڵایە چاودێری هەموو وەکالەتەکانی (پرۆگرامەکان)ی UN دەکات کە تایبەتە بە بەمافەکانی مرۆڤ. ئەم سەنتەرە لە دژی توندوتیییەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و لێکۆڵینەوەو لێپێچینەوە لە خراپ بەکارهێنانی مافەکانی مرۆڤدا ئیش دەکات. ئەم کۆمیسیارە دەسەڵاتی هەیە هەچ روداوێکی خراپ لە هەچ دەوڵەتێکدا بێت بڵاو بکاتەوەو بیخاتە بەرچاوی کامێراکان، بەڵام دەسەڵاتی نیە کە بیوەستێنێت، هەرچەندە ئەوەشی کە بڵاودەکرێتەوە سەبارەت بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ، لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە نیە، بەڵکو لە لایەن دەوڵەتە پێشڕکێکارەکانەوەیە یان لە لایەن رێکخراوە ناحکومیەکانەوەیە هەروەکو رێکخراوی لێبوردنی گشتی نێودەوڵەتی.

UN چوار کۆبونەوەی نێودەوڵەتی لەسەر مافەکانی مرۆڤ بەستوە، کە یاساییانە کۆت کراون، بەڵام جێبەجێکردنی گران بوەو هەر وا ئاسان نەبوە.



کۆبونەوەکانیش باسی لە کێشەکانی جینۆساید، جیاوازیە رەگەزیەکان، مافە سیاسیی و مەدەنیەکان، هەروەها مافە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان دەکات. پەیماننامەکان تەنها لە لایەن نیوەی دەوڵەتانی دونیاوە رەزامەندی لەسەرکرا، ئەمریکا تەنها لە سەر کۆبونەوەی جینۆساید رەزامەندی دەربڕی و ئەوانی تری رەفز کردەوە. کۆمەڵێك لە دەوڵەتانی دیکەش هەمانشێوە رەفزی ئەوەیان کردەوە کە ئیمزا لەسەر کۆبونەوەکان بکەن و هەروەها داننان بە زاراوە تایبەتیەکانی کۆبونەوەکانیان رەت کردوەو ئەم پەیماننامانە نەمانی دەسەڵات دەگەیێنن.

لەسەردەمی جەنگی سارددا دەوڵەتانی رۆژئاوا بەردەوام رەخنەیان لە حکومەتەکانی ژێردەستی حوکمی سۆڤێت دەگرت لەبارەی ئەو پێشێلکاریانەی کە دژ بە مافەکانی مرۆڤ دەیانکرد، وەکو سەربەستی رادەربرین، هەڵبژاردنی ئازادانە، بەڵام نەتەوە یەکگرتوەکان رۆڵێکی بچوکی بینی لەو ناکۆکیانەدا لەبەرئەوەی یەکێتی سۆڤێتی پێشو دەسەڵاتی ڤیتۆی هەبو ، لەبەرئەوەی هەندێ لەو حکومەتە نەتەوەییانە زەمانەتی مافەکانی مرۆڤیان نەدەکرد لەو شێوازە سیاسیە ناوخۆییەی کە پەیرەویان دەکرد. گرنگترین رێکەوتننامەی سەردەمی جەنگی سارد کە مافەکانی مرۆڤی بە نەزەری اعتبار وەرگرت، رێکەوتننامەی

هلسنکی بوو لە ساڵی ١٩٧٥دا کە هاوپەیمانییەکی دیپلۆماتی لە نێوان سی وپێنج دەوڵەت پێکهات کە پاڵپشتی مافەکانی مرۆڤیان دەکردو دانوستانیان لە دەرەوەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد.

لە نێوان چالاکیە هەرە هاوچەرخە دیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، بریتی بوو لە دوو دادگاییکردنی تایبەتی نێو دەوڵەتی بۆ هێنانی گەورە تاوانبارانی جەنگ بۆ بەردەم دادگا لە بەرامبەر ئەو کارە دڕندانەو قێزەونانەی کە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامیان دابون لە سەردەمی جەنگی ناوخۆیی یوگوسلافیای پێشو و ڕواندا. ئەو دادگایەش بۆ دادگاییکردنی تاوانەکانی تاوانبارانی یوگوسلافیای پێشوو لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دروستکرا لە ساڵی١٩٩٣. ئەنجومەن لە ساڵی ١٩٩٤دەستی کرد بە دادگاییکردنی تاوانبارانی ڕواندا، ئەوانە یەکەمین دادگاییکردنەکانی تاوانەکانی جەنگی نێودەوڵەتی بوون لە دوای دادگاییکردنەکانی نۆرەمبێرگەوە کە لە دوای جەنگی جیهانی دوەمەوە کرابون. لەگەڵ ئەوەی دادگاکە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دروست کرا، ئەوان بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاریان دەکرد، دادگاییکردنەکان پشت دەبەستن بە هاوکاریکردنی دەوڵەتان بۆ بەردەوامیی کارەکان. کێشەی



ترسناک بریتیە لە بێتوانایی بۆ بەدەستخستنی زانیاری لەو وڵاتانەدا یان ئەو ناوچانەدا کە پشتگیری هەوڵەکانی دادگاکان ناکەن.

## یازدەیەم: کۆنترۆڵکردنی چەکەکان و داماڵینی چەك:

Arms Control and Disarmament

میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەنجومەنی ئاسایشی سەرپشك کرد بۆ دانانی پلان بۆ داماڵینی چەکی کۆمەڵکوژو کۆنترۆڵکردنی. بۆ یارمەتیدانی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەUN چاودێری دانوستانی کۆنترۆڵکردنی چەکی کرد لە شاری جێنیوا لە وڵاتی سویسرا بۆ دەیان ساڵ، هەروەها کۆمەڵەی گشتی دانیشتنێکی تایبەتی لەمەڕ بابەتی داماڵینی چەك بەست لە مانگی حوزەیرانی ساڵی١٩٨٢. هیچ کام لە چالاکیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان کاریگەریەکی وایان لەسەر ئەو کارگانە دروست نەکرد کە چەکیان دروست دەکرد. لەبری ئەوە، لە ماوەی ساڵانی جەنگی سارد گرنگترین ڕێکەوتننامەی کۆنترۆڵکردنی چەك



گەیشتە کۆتایی بە دانوستانی ڕاستەوخۆی دەوڵەتان لەگەڵ یەکتریدا، بەتایبەتی لە لایەن وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێتی پێشوەوە. لەو کاتەدا، کۆنترۆڵکردنی چەك، هەیمەنەی کرابوە سەر بەهۆی پێشبڕکێ لە سەر چەکی ناوکیی لە نێوان زلهێزەکاندا. ئەمریکاو سۆڤێت گەیشتنە زنجیرەیەك ڕێکەوتننامەی گرنگ لە ساڵانی ١٩٦٣،١٩٦٧،١٩٦٨،١٩٩٠و دەوڵەتانی دیکەش ئیمزایان کرد، لە هەندێ لە پێشنیارەکاندا کۆمەڵەی گشتی لەسەر ئەم ڕێکەوتنانە، ڕازی بوو، بەڵام هیچ کام لەو دۆسییانەی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕۆڵێکی سەرەکی نەبوو.

یەکێك لە وەکالەتەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان وەکالەتی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتیەIAEA ، کارەکانی ئەم وەکالەتە بریتیە لە داماڵینی چەکی ئەتۆمی ئەو دەوڵەتەی کە هەوڵ دەدات ببێتە خاوەنی ئەم چەکە کۆکوژە. ئەم وەکالەتە کە بارەگا سەرەکیەکەی لە ڤییەنایە لە وڵاتی نەمسا کارەکانی سەربەخۆیە لە کاری UN، وەکالەتەکە دەتوانێ کەشفی ئەو کارگانە بکات کە چەکی کۆمەڵکوژ بەرهەم دەهێنن تەنانەت ئاسانکاریش بۆ ئەو وڵاتانە بکات کە ئیمزای پەیماننامەی بڵاونەبوونەوەی چەکی ئەتۆمییان کردوە، بەوەی کە ئەو دەوڵەتانە هەوڵی ئەوە نەدەن مادە

**کیمیاویە ترسناکەکانی وەکو یۆرانیۆم بپیتێنن و لە بواری سەربازیدا بەکاری بهێنن. لە دوای جەنگی کەنداوی فارس لە ساڵی ١٩٩١، وەکالەتەکانی UN پێویست بوو ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پاکردنەوەی وڵاتی عێراق لە چەکی کۆمەڵکوژ. چاودێرەکانی وەکالەتی وزەی ئەتۆم پرۆگرامە ناوەکیە نهێنیەکانی عێراقی هەڵوەشاندەوەو کەشفی کرد و هەندێ لە چاودێرەکانی UN چاودێری لەناوبردنی مەخزەنەکانی چەکی بایەلۆجی و کیمیاییان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ١٩٩٨ عێراق بەیانی کرد کەوا هاوکاریەکانی لەگەڵ تیمە پشکنرەکان درێژە پێنادات.**

**لە ساڵی ٢٠٠٢دا، لە وەڵامی هەوڵە نوێیەکانی ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی داماڵینی چەکی عێراق، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ١٤٤١ی بەیانکرد، ئاگاداری عێراق کرا لە دەرئەنجامە ترسناکەکان بەوەی گەر عێراق و ڕژێمەکەی صەدام حسێن چەکەکانیان لەناو نەبەن ئەوا چاودێرەکان یاخود تیمە پشکنرەکان پیای هەڵدەچنەوە. حکومەتی ئەمریکی عێراقی بەوە تاوانبارکرد کەوا هاوکاری تیمە پشکنەرەکان ناکات و چەکە قەدەغەکراوەکان دەشارێتەوە، دەرئەنجام لە مانگی سێی ساڵی٢٠٠٣و دوای ئەوەی گفتوگۆی دیپلۆماسی کۆتایی هات، ئەمریکا سەرکردایەتی**



**هێزێکی یەککگرتوی کرد لەگەڵ هاوپەیمانی گەورەی بەریتانی و چەند وڵاتێکی تر هێرشیان کردە سەر حکومەتەکە دیکتاتۆریەکەی صەدام حسێن و لە ماوەیەکی زۆر کورتی مێژوویدا کۆتاییان بەو ڕژێمە خوێنڕێژە هێنا.**

## دوازدەیەم: پەیوەندی لەگەڵ ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا

## Relationship with the United States

گرژیو ئاڵۆزی بۆ ماوەیەکی درێژ لە نێوان نەتەوە یەکگرتوەکانو ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (گەورە زلهێزی جیهان)دا هەیە. نەتەوە یەکگرتوەکان ئەمریکای (حصر) کردوە بە دروستکردنی هاوپەیمانێتیەك کە لە زۆربەی دەوڵەتان پێکهاتوەو پێشبڕکێ دەکات لەگەڵ هێزی ئەمریکادا. لەکەڵ ئەمانەشدا ئەمریکا دورەپەرێزی (ئینعزال)ی هەیە لە سیاسەتە دەرەکییەکەی، دژایەتی ئەو بیرۆکەیەی نەتەوە یەکگرتوەکان، دەکات. بەلاّم نەتەوە یەکگرتوەکان لەزۆر ڕووەوە سوودی لە ئەمریکا وەرگرتوە. نەتەوە یەکگرتوەکان دەسەلاّتی ئەمریکا گەورە دەکات لەبەرئەوەی ئەمریکا هەمیشە سەرکردایەتی هاوپەیمانێتیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی کردوە، نەتەوە یەکگرتوەکان یارمەتی پاراستنی ئاشتی دەدات کە ئەمریکا



ئەوەندە بەهێزو دەوڵەمەند نیە بتوانێت خۆی ئەو کارە بکاتو هەروەها یارمەتی پاراستنی جیهانێکی ئارام دەکاتو پاڵپشتی باردۆخێکی گونجاو دەکات بۆ بازرگانی دەولی.

لە دەستپێکی ناوەڕاستی هەشتاکان ئەمریکا بوە پاڵێوراو دەربارەی ئەوەی کەوا چەند بدرێ بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بە هەردو شێوازی ئیلزامی و خۆبەخشی. هەندێ لە سەرکردە سیاسیەکانی ئەمریکا ڕەخنەیان لە نەتەوە یەکگرتوەکان گرت لە بەرامبەر ئەو فراوانبونەیو ئەو بێتواناییەی سکالاّیان کرد کەوا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگراوەکان تەگەرەی تێکەوتوە بەهۆی پێشبڕکێی نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە هاولاّتیەکانیان بەشێك بوون لە ستافی نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەمریکا زیاتر بێهیوا بوو بەرامبەر بە دۆڕاندنێکی ئابڕوبەری ئاشتیپارێز لە سۆماڵ و بۆسنە لە سەرەتای سالاّنی ١٩٩٠، ئەو ناڕازیبوونەش لە دوای جەنگی ساردەوە هات کاتێ کە ئەمریکا دەستی کرد بە ئاوڕدانەوە بۆ ناوەوەی خۆیو بە کەمکردنەوەی یارمەتیە دەرەکیەکانیو چالاکیە دیپلۆماتیەکانیو هێزە سەربازیە جیهانیەکانی. لەهەمانکاتدا، ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ڕوی داراییەوە گوشرابوو بە ڕێژەیەکی زۆرو کاتێ هەست دەکات

کە دواکەوتوە لە دانی داواکاریەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و لە هەوڵەکانی بۆ هاوکاریکردنی پاراستنی ئەمن و ئاسایش.

لە ناوەراستی ساڵانی ١٩٩٠ ئەمریکا نزیکەی ١,٥ بلیۆن دۆلاری بە قەرز دا بە نەتەوە یەکگرتوەکان، سەرەرای ئەوەش پەیمانی جۆراوجۆرو پلاندانان بۆ پێگەیاندنی. لەو کاتەدا کۆنگرێسی ئەمریکی دەنگی دا بە پێدانی پارەیەکی کەمتر بۆ چالاکیەکانی ئاشتیپارێز. هەرچەندە دەنگدانەکان پاڵپشتیەکی گشتی بەهێزی ئەمریکی پیشان دا بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان، هیچ گروپێك هەنگاوی نەنا بۆ ڕازیکردنی کۆنگرێس تاوەکو هاوکاریەکان زیاتر بکات.

حکومەتی ئەمریکی لە سەرەتای مەبەستەکانیدا ڕەخنەکانی خۆی لەسەر سکرتێری گشتی ئەوکاتەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان(پوتروس غالی) زیاتر کرد. لە ساڵی ١٩٩٦ وڵاتە یەکگرتوەکان بانگەشەی کرد کە پیلانی وایە مافی ڤیتۆ بەکاربهێنێ لە بەرامبەر خۆکاندیدکردنەوەی پوتروس غالی بۆ جاری دووەم. لە پیشاندانی یەکێتیەکی دەگمەندا، نزیکەی هەمو دەوڵەتە ئەندامەکان دژی ئەو بریارە ڕاوەستانەوە، گفتگۆیان بوو دەربارەی ئەوەی کە ئەمریکا مافی سەپاندنی بڕیاری نیە بەسەر نەتەوە یەکگرتوەکاندا هەتاوەکو باجەکانی



ئەندامێتی خۆی دا. هەرچۆنێ بوو ئەمریکا مافی ڤیتۆی بەکارهێنا دژی هەڵبژاردنی پوتروس غالی بۆ جاری دوەم، پاشان هەر چواردە دەنگەکەی تری ئەنجومەنی ئاسایشی هەڵوەشاندەوە. دوای چەند مانگێك لە گرژی و نارەحەتی، کوفی ئەنان بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا هەڵبژێررا بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان. دەرفەتەکان بۆ چاکبونەوەی پەیوەندیەکان لە ساڵی ٢٠٠٠وە دەستی پێکرد، کاتێك کۆمەڵەی گشتی سیستەمی دارایی و چاودێری خۆی گۆڕی، ئەوەی کە لەسەر ئەمریکا داواکراو بوو کەمی کردوە، لە جیاتی ئەوە ئەمریکا پەیمانی دا کە قەرزێکی زۆری ڕابردوی خۆی بدات بە نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەم چارەسەرە ناوەنجیە سەرچاوەی گرژی و ئالۆزیەکانی نێوان ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتوەکانی دور خستەوە.

بەڵام پەیوەندی نێوان ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان بە شێوەیەکی زۆرخراپ گرژ بوو لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، لە کاتێکدا ئەمریکا جەنگی دژی عێراق هەڵگیرساند دوای ئەوەی هەوڵەکان سەرکەوتو نەبوو سەبارەت بەوەی کە عێراق چەکە کۆمەڵکوژەکانی لەناو ببات. ئەم بریارە ئەمریکیە دوای تێکشکانی هەوڵە دیپلۆماسیەکان و سەرپشکنەکردنی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ پێدانی

دەسەڵاتێکی دیار بۆ ئەو کارە سەربازیە دێت، ئەمریکای خستە ژێر کۆمەڵێك گلەیی و گازندەی دەوڵەتانی ئەندامەوە لە ئەنجومەنی ئاسایشدا لەوانەش فەرەنسا، ئەڵمانیا، رووسیا، و چین، تەنانەت هەندێك لە دیپلۆماتەکان هۆشیاریان دا کە ئەم چالاکیە سەربازیە ئەمریکیە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لاواز دەکات، لاوازبوونی ئەو باوەڕەی کە پێی دراوە لەگەڵ دەسەڵاتە سەرو دەوڵەتیەکەی.



## سیازدەیەم: قەیرانە

## داراییەکان و ئومێدەکانی داهاتوو:

Crisis of Funding and Future Prospects:

ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بە تەنها نەبوو لە شکستەکانی بۆ بەردەوامبوونی ئەوەی کە لێی داوا دەکرا لەگەڵ هاوکاریەکانی بۆ رێکخراوی نەتەوە کگرتوەکان. لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٧ ئەندامەکان زیاتر لە سێ بلیۆن دۆلاریان وەکو قەرز بەخشیە نەتەوە یەکگرتوەکان، بە نزیکی نیوەی ئەو پارەیە بەتەنها لە لایەن ئەمریکاوە درا. ئەزمە داراییەکان لە ڕاستیدا لەم چەند ساڵەی پێشودا دەستی پێکرد، لە ساڵانی ١٩٨٠ دا کاتێ دەوڵەتان شکستیان خوارد لە پشتەوەی ئەو پارانەی کە دەیانداو زۆربەی هۆکارەکان سیاسی بوون، ئەمانەش ڕەنگدانەوەی گرژی ولایەتە یەکگرتوەکان و ولاتە خۆرئاواییەکانی دیکە

بوو لەسەر ئەوەی چۆن نەتەوە یەکگرتوەکان پرۆگرامەکانی خۆی ببات بەڕێوەو ئەرکەکانی هێزی ئاشتیپارێز چۆن بەڕێوەی بەرێت هەر لەوکاتەدا یارمەتیە داراییەکان تووشی تێکشکان هاتبوو، خەرجییەکانی ڕێکخراوەکە گەشەی کردبوو.

لەم چەند ساڵەی پێشودا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان چالاکیەکانی هێزە ئاشتیپارێزەکانی بە شێوەیەکی گەورە فراوان ببوو و هەروەها هەندێ پرۆگرامی تری ڕێکخراوەکەش زیادی کربوو. لە ساڵی ١٩٩٦ UN ڕوبەڕوی مەترسی بۆوە کە پێویست بوو چالاکیەکانی بوەستێنێت. هەروەها UN لەسەری بوو بە پێی بارودۆخەکە بگەڕێتەوە یان کۆتایی بە چالاکیەکانی هێزە ئاشتیپارێزەکانی بهێنێت. پێکهێنانی ئەرکی ئاشتیپارێزی نوێ ببوە شتێکی مەحاڵ. نەتەوە یەکگرتوەکان لەو دەمەدا گەیشتە گەورەترین ئەزمەی دارایی لە مێژووی خۆیدا.

لەو کاتەی کوفی ئەنان پۆستی سکرتێری گشتی وەرگرت لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٧، ڕوبەڕوی ڕێکخراوێك بۆوە کە لەسەر لێواری قەرز بوو، ببوە ئامانجی ڕەخنە توندەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان. سکرتێری گشتی نوێ تێکۆشا بە ئاراستەی زنجیرەیەك چاکسازی بۆ پاڵپشتیکردنی هەندێ لە نوسینگە سەرەکیەکانی UN.



سەرلەنوێ بە شێوەیەکی جوزئی هانی ئەمریکای دایەوە بە پێدانی داواکراوەکان. لە کۆتایی ساڵانی ١٩٩٠ باری دارایی نەتەوە یەکگرتوەکان باشتربوو چونکە حساباتی ئەرکی ئاشتیپارێزەکان کەمتر بوو و پێدانی پارەش لە لایەن ئەمریکاوە زۆرتر بوو، لە ساڵی ١٩٩٩ کۆنگرێسی ئەمریکی ڕازی بوو بە پێدانی نزیکەی یەك بلیۆن دۆلار بەڵام بە مەرجێ کەوا UN سەهمی ماڵی ئەمریکا لە بودجەی بەڕێوبەری بە ڕێژەی ٢٥٪ بهێنێتە خوارەوە بۆ ٢٢٪ و سەهمیشی لە میزانیەی ئاشتیپارێزیدا بە ڕێژەی ٣١٪ دابەزێنێت بۆ ٢٥٪.

لە ساڵی ٢٠٠٠ دا کۆمەڵەی گشتی ڕازی بوو بە پشکنینی سیستەمی دارایی. ئەو سەقفەی کە داینا ٢٢٪ بوو وەکو بەرزترین ئاست کە هەر دەوڵەتێك دەیەوێت بیدات بۆ بودجەی بەڕێوبەریی. هەروەها نەتەوە یەکگرتوەکان سیستەمە بێ سەرو بەرەکەی پارەدانی چالاکیە ئاشتیپارێزەکانی گۆڕی بۆ پێوانەی باجەکان لەسەر بنەمای داهاتی تاکەکەسی هەر وڵاتێك. لە ئەنجامدا، هاوکاریەکانی ئەمریکا بۆ چالاکی ئاشتیپارێزەکان چاوەڕێدەکرا بە شێوەیەکی تەدریجی دابەزێت بۆ نزیکەی٢٥٪. لە ساڵی ٢٠٠٤ دا زیاتر لە بیستوچوار دەوڵەت ڕازیبوون بە زیادکردنی هاوکاریکردنی

ئاشتیپارێزەكان. لە كاتی دروستبونیەوە لە ساڵی ١٩٤٥، نەتەوە یەكگرتوەكان هاوكاریە نێودەوڵەتیەكانی زیاتركردوە لە ئامانجە ئابووری و كۆمەڵایەتیەكانداو تا ڕادەیەكی كەمیش ئاشتی جیهانی. تەواوبونی جەنگی ساردو شیانە نوێیەكان بۆ یارمەتیدان لە نێوان هێزە سەرەكیە جیهانیەكاندا دەرفەتی دا بە نەتەوە یەكگرتوەكان بینینی نوێی دامەزرێنەكانی بێنێتە دی. ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان ئێستا چانسی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە ڕێكخراوێكی نێودەوڵەتی بەهێزو بە شێوەیەكی چالاك ئاشتی جیهانی بپارێزێت لە چوارچێوەی سیستەمێكدا. هەر نەتەوەیەك دەسەڵات و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت سەرەڕای ئەوەی كە ئەم ڕێكخراوە ڕوبەڕوی تەحەدیات بۆتەوە. ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان دەتوانێت ڕۆڵە مەركەزیەكانی خۆی بە زیادەوە ببینێت لە سیاسەتی دەولیدا لە دەیان ساڵی داهاتودا.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەپێی توانا كۆمەڵێك لە ڕێكخراو و پرۆگرامەكانی سەر بە ڕێكخراوەی نەتەوە یەكگرتوەكانتان بناسێنین:



### ١. وەكالەتی ووزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی:

لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٥٣، سەرۆك ئایزنهاوەر، لە كۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەكگرتوەكان داوای دروستكردنی ڕێكخراوێكی جیهانی كرد بۆ پاڵپشتیكردنی بەكارهێنانە ئاشتیەكانی وزەی ئەتۆمی. لە ساڵی ١٩٥٤ نەتەوە بەرژەوەندخوازەكان دەستیان بە ئیشكردن كرد لەسەر دەستورێكی سەرەتایی بۆ وەكالەتەكە كە خرایە ڕوو لە كۆنفرانسێكدا لە كۆبونەوەیەكی شاری نیۆرك لە سێپتەمبەری ١٩٥٦. بۆ ئەوە، هەموو دەوڵەتە ئەندامەكانی نەتەوە یەكگرتوەكان و وەكالەتە تایبەتەكان بانگهێشتكرابوون، ٨١ دەوڵەت ئامادەی كۆنفرانسەكە بوون، دوای تاوتوێكردنی ژمارەیەك پرۆپۆزەڵ بۆ هەمواركردن، بە كۆی دەنگ ڕێساو یاسای وەكالەتەكەیان لە ٢٦-١٠-١٩٥٦ پەسەند كرد. لەو ماوەیەدا ڕێگە درا بە ئیمزاكردن، ٨٠ حكومەت ئیمزایان كرد. یاساكەش كاری پێكرا لەسەر ئەو بڕە پارانەی كە پەسەند كرابوون بۆ دانانیان لە بانك لە لایەن ١٨ دەوڵەتەوە كە بە لایەنی كەمەوە ٣ دەوڵەتی لەمانەی لای خوارەوە لەخۆ دەگرت، كەنەدا، فەرەنسا، یەكێتی سۆڤێت، بەریتانیا، ئەمریكا. لیژنەیەكی ئامادەیی دروستكرا بۆ ڕێكخستنی یەكەم

کۆنفرانسی گشتی. ڤییەننا وەك بارەگای سەرەکی وەکالەتەکە دەستنیشانکرا. یاساکەش لە ٢٩-٧-١٩٥٧وە کاری پێکرا.

ئامانج لە وەکالەتەش بۆ "خێراکردن و زیاترکردنی ئاسانکاری وزەی ئەتۆمی بوو بۆ ئاشتی، سەقامگیری و ئارامی لە سەرانسەری دونیادا". بۆ ئەو ئەنجامە ئەم وەکالەتە دەتوانێت وەك نێوەندێك خزمەت بکات لە خزمەتگوزاریە شارستانیەکاندا یان دابینکردنی مادەکان، کەلوپەلەکان یان ئاسانکاریەکان، دەتوانێت مادەکانی خۆی هەبێت و خزمەتگوزارییەکانی، کەلوپەلەکانی و ئاسانکاریەکانی بەرەوپێش ببات، دەتوانێت بانگەشەی ئاڵوگۆڕی زانیاری بکات و هانی مەشقکردن بە کەسە شارەزاکان بدات. دەتوانێ پاسەوانان پێش بخات بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە پرۆگرامەکانی بۆ هیچی تر بەکار نایەت جگە لە ئامانجە ئاشتیەکان و دەتوانێ پێوەرەکان یەکبخات و بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیری. لەگەڵ ئەوەشدا وەکالەتەکە دەتوانێ پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەبێت بۆ لێکۆڵینەوە و بەرهەم. دەتوانێ وەك بانکێکی جیهانی لە سوتەمەنی ناوکی بنچینەیی کار بکات بە هۆکارەکانی خەزنکردن بە شێوەیەکی ڕێکخراو بۆ ڕێگەگرتن لە بڕە هەڵگیراوە گەورەکان لە هەر ناوچەیەك لە



ناوچەکانی جیهان. دەتوانێت چاودێرەکانی تایبەت بە خۆی هەبێت لەگەڵ دەروازەکان بۆ هەموو کەسەکان، شوێنەکان و داتاکان کە بەشدارییان کردوە لە پرۆژەکان بە هاوکاری وەکالەتەکە. وەکالەتەکە کۆنفرانسێکی گشتی و ئەنجومەنی پارێگارانی هەیە. کۆنفرانسی گشتی پێکهاتوە لە سەرجەم ئەندامەکان، هەر یەکەیان بە یەك دەنگ و پێك دەگەن لە دانیشتنە ئاساییە ساڵانەییەکان.

لیژنەکە هەڵبژێردراوە لەلایەن داڕشتەیەکی زۆر ئاڵۆز کە دانراوە لەسەر ئەساسی دابەشبوونی جیهان بۆ هەشت ناوچەی جوغرافی. پێنج ئەندام لەخۆ دەگرێت کە زۆر پێشکەوتون لە تەکنەلۆجیای وزەی ئەتۆمی و پێشکەوتوترین ئەندام لە هەموو ناوچەکان نوێنەرایەتیان نەکردوە لە نێوان پێنجەکە، دوو ئەندام لەلایەن ئەنجومەنی پێشووەوە هەڵبژێردران لە لیستێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنەرانی مادە سەرچاوەییەکان و یەکێك هەڵبژێردراوە کە نوێنەرایەتی دابینکەری هاوکاری تەکنیکی دەکات، دە ئەندامیان لە لایەن کۆنفرانسی گشتیەوە هەڵبژێرراون، هەموو پێنج ساڵێك بۆ ماوەی دوو ساڵ، لەگەڵ پێویستبوونی ئەوەی هەموو هەرێمەکان دەبێت لەو گروپەدا نوێنەر بن بێجگە لە باکوری ئەمریکا. هەروەها لیژنەکە لە ئێستادا ٢٣ ئەندامی هەیە، هەر

یەکەیان بە دەنگێک، کاتی تایبەتی خۆی بۆ کۆبوونەوە دەستنیشاندەکات. بریارەکان بە هەردوو دیوەکەدا لە لایەن زۆرینە بە ڕێژەی ٣\٢ی ئامادەبوانەو و ئەوەی پەیوەندی بە دەنگدانی کۆمەڵێك لە حاڵەتە دیاریکراوەکانەوە هەیەو بە زۆرینەی ئەو ئامادەبوانەو دەنگدان لە هەموو حاڵەتەکاندا لە چوارچێوەی زیادەکاریەکاندایە بۆ دەستە (فئە)ی پێشوو. ئەندامانی نوێی وەکالەتەکە دەکرێت لەلایەن کۆنفرانسی گشتیەوە ڕێگەیان پێ بدرێت لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی پارێزگاران ئەگەر باوەڕیان وابوو دەتوانن و ئارەزوودارن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەندامێتیدا. ستافێکی هەمیشەیی لە فەرمانبەرانی کارامە گرنگن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان و کارەکانی وەکالەتەکە لەلایەن بەڕێوبەرێکی گشتی دەستنیشانکراوە، لەلایەن لیژنەکەوە، سەرۆکایەتی دەکرێت بۆ ماوەیەکی کاتی کە چوار ساڵە.

یەکەم کۆنفرانسی گشتی لە جێنیوا کۆبونەوە لە ١-٢٣ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٧ کە W.Sterling Cloe ی ئەمریکی ناونرا بە یەکەم بەڕێوبەری گشتی. ئەندامێکی کۆنگرێسی ئەمریکی کە بۆ ماوەی ٢٣ ساڵ لە لیژنەیەکی هاوبەشی سەر بە کۆنگرێس لەسەر وزەی ئەتۆمی هەر لە سەردەمی دامەزراندنیەوە ئەندام بوو، ئەندامی شاندێکی



ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو بۆ کۆنفرانسەکە، یاساکەی پەسەندکرد. ئەمریکا ٥٠٠٠ کگم لە مادەی ئەتۆمی دا بە وەکالەتەکە، لەگەڵ بەڵێنێکی ئیزافی بۆ گونجاندنی هاوکاریەکانی دەوڵەتانی تر هەتا تەموزی ١٩٦٠. ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەوڵە ڕوسیەکان بۆ بەدەستهێنانی هەندێك یاسا بۆ حکومەتە کۆمۆنیستەکانی چین و ئەڵمانیای ڕۆژهەلات سەرکەوتو نەبوو.

## ٢. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی:

International Criminal Court:

پێناسە: دادگای تاوانی نێودەوڵەتی یان (ICC)، دەزگایەکی دادگایی سەبەخۆیە لەگەڵ بوونی دەسەلات بۆ سەیرکردنی تاوانێك یان سزادانی تاکەکان، لەو تاوانانەی کە جدییانە گرنگی پێدەدرێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، وەك: جینۆساید، تاوان دژی مرۆڤایەتی، تاوانی گێرەشێوێنی و تاوانی جەنگ. یەکەمجار کە دادگاکە پەسەندکرا ساڵی ١٩٩٨ بوو کە ئەویش بە پێی پەیماننامەیەك بوو کە بە یاسای ڕۆما، ناسرا. بە شێوەیەکی فەرمی لە ١-٦-٢٠٠٢ دروست بوو دوای ئەوەی کە شەست دەوڵەت پەیماننامەکەیان ئیمزا کرد.

دادگاکە بارەگای سەرەکی هەیە کە لە هاگە Hague، لە ولاتی هۆڵەندا.

بە پێچەوانەی دادگاکانی تاوانی جەنگی پێشوترو لەگەڵ دەسەڵاتە داوەریە دیاریکراوەکان بۆ ململانێیە تایبەتەکان، دادگاکە دەزگایەکی بەردەوامە کەوا صەلاحیاتی دادگایی فراوان دەکات لە سەر ئاستی جیهان. تەنانەت ئەو تاکانەش کەوا بەشێك نین لە یاسای رۆما پێویستە ملکەچ بن بۆ دەسەڵاتی داوەریی دادگاکە لە ژێر کۆمەڵێك بارودۆخدا. هەرچەندە ICC بریتیە لە تەواوکەر بۆ بەدواداچونی تاوانە نەتەوەییەکان، بە واتای ئەوەی ناتوانێت دەسەڵاتی دادگایی بەکار بهێنێت ئەگەر نەتەوەکان گونجاوانە داوایەك بەرز بکەنەوە لە دژی تاوانبارە تۆمەتبارکراوەکان.

دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی جیاوازە لە دادگای دادی نێودەوڵەتی لە بوارە گرنگەکاندا، چونکە ICC ئۆرگانێك نیە لە نەتەوە یەکگرتوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارێزگاری پەیوەندیەکانی خۆی دەکات لەگەڵ رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکانو ICC مامەڵە لەگەڵ هەندێ مەسەلەی وەکو بەرپرسیارێتی لە تاوانە فەردیەکان دەکات، لە کاتێکدا دادگای دادی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی سەرەکی ململانێی نێوان نەتەوەکان یەکالا دەکاتەوە.



## ٢:أ دروست بوونی دادگاکە:

### باکگراوندە مێژووییەکەی:

حکومکردنی یاساو تەقلیدەکانی ئیدارەی کاتەکانی شەڕ، هەر لە زەمانی کۆنەوە هەبوە، بەڵام بە شێوەیەکی مێژویی، ژمارەیەکی کەمی خەڵك داوایان لەدژ بەرزکراوەتەوە یان سزادراون بۆ تاوانەکانی جەنگ، جینۆساید، تاوان دژی مرۆڤایەتی. یەکەم دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ڕاستەقینە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٤٧٤، کاتێك peter von hagenbach، کە ئەفسەرێکی سەربازی بوو، لە لایەن پاشا چارلسەوە دەسنیشانکرابوو بە پاڵەوانی بۆروندی، دادگایی کراو بڕیاری مردنی لەسەر درا لە بەردەم ٢٧ دادوەردا لە لایەن ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆزەوە لە بەرامبەر ئەو کارە دڕندانانەی کردبوی بەهۆی چەکدارەکانیەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، هاولاتیانی زۆربەی نەتەوەکان داوایان لەدژ بەرز کراوەتەوەو سزاش دراون لە بەرامبەر تاوانە نێو دەوڵەتیەکانیان. داوا لەسەر تۆمارکردنە نەتەوەییەکان بە گرانی سەلمێنراوە، هەرچەندە، کاتێك کە بکوژەکان سەرکردە سیاسیەکان بن یان لە ئەفسەرە پلە بالا کان بن، یان ئەگەر تاوانەکان گەورە بن و ژمارەیەك بکوژ

تووش بکات. ڕەخنەگرتن لە کەمتەرخەمیەکانی ئەڵمان لە بەرزکردنەوەی داوا داوەریەکانو سزادانەکانی تاوانەکانی جەنگ لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨)، ئاسانکاری کرد بۆ دامەزراندنی دادگاکانی نۆرەمبێرگ و تۆکیۆ بۆ سەیرکردنی گەورە تاوانبارانی جەنگی هەر یەك لە ولأتانی ئەڵمان و ژاپۆن. بزوتنەوەی پشتیوانی بۆ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەوە دەستی پێکردو گەشەی کردوە لەگەڵ هەر یەك لە ڕوداوی ململانێ چەکداریەکان. شیمانەی دادگاکەش لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، بەلأم بەرهەڵستکاری لە لایەن (بێلایەنەکان)مونعەزیلەکانەوە ڕێگری لە زۆربوونی چالاکیەکان کرد.

دوابەدوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەزمونەکانی دادگاکانی نۆرەمبێرگو تۆکیۆ دەوڵەتە ئەندامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی وا لێکرد کەوا دوبارە پێشنیاری دادگایەکی تاوانی نێودەولەتی هەمیشەیی بکەن بۆ تاوانە نێودەوڵەتیەکان، لەپێناو بنبڕکردنی ئەو تاوانانەداو بۆ کەمکردنەوەی وێنەی دادگای تاوانەکانی جەنگ وەك "سەرکەوتنەکان، عەدالەت". لە ساڵی ١٩٤٨ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان داوای لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی کرد بۆ لێکۆڵینەوەی بیرۆکەی هەیکەلێکی



داوەریی نێو دەوڵەتی بۆ سەیرکردنی تاوانی ئەو کەسانەی کە تۆمەتبار کراون بە جینۆساید. لە ساڵی ١٩٥٠، دوای ئەوەی کە لیژنەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کەوا هەندێ هەیکەلی گونجاو و سەرنج راکێشن، کۆمەڵەی گشتی لیژنەی خۆی دروست کرد بۆ نوسینەوەی یاسایەك بۆ دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتی. لیژنەکە لە دوای ساڵێك کارەکەی خۆی تەواوکرد، لە ساڵی ١٩٥٣ تێکستەکەی هەموار کرد. لەبەر هۆکارە سیاسیو یاساییەکان، ڕەشنوسەکە خرایە سەر مێزو بابەتەکەش بە نەگۆڕی مایەوە تا ساڵی ١٩٨٩، کاتێك کە تریدیناد و تۆباگۆ، لە ماوەی خولێکی تایبەتی کۆمەڵەی گشتیدا پێشنیاری پێکهێنانی دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتیان کرد بۆ یارمەتیدانی کەمکردنەوەی بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکانەوە. لە وەڵامدا، کۆمەڵەی گشتی، جارێکی تر داوای لە لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی کرد کە ئیش بە ئاراستەی دامەزراندنی نمونەی ئەو دادگایە، بکات.

سەرباری ئەوەی کارەکە بەردەوام بوو، ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەرێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان وەڵامی ڕەشەکوژیەکانی ڕوانداو یوگوسلافیای پێشوی دایەوە بە دروستکردنی دادگایەکی تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتی بۆ هەمو دەوڵەتان لە ساڵی ١٩٩٣ و ١٩٩٤، یەك لە دوای یەك.

## ٢:ب کۆنفرانسی ڕۆما:

## The Rome Conference

لە کۆنفرانسی دیپلۆماتیی ساڵی ١٩٩٨ کە لە شاری ڕۆما بوو لە وڵاتی ئیتاڵیا، کۆتایی بەو هەوڵە یەك سەدەییە هێنرا سەبارەت بە دامەزراندنی دادگایەکی هەمیشەیی، بۆ تەنها مەبەستێك کۆبونەوە کە کۆتاییهێنان بوو بە دارشتنی یاسایەك بۆ بنیاتنانی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. ڕوداوە جیهانیەکان نوێنەری ١٦٠ دەوڵەتی بە لای خۆیدا ڕاکێشا، ١٧ ڕێکخراوی حکومی، ١٤ وەکالەتی تایبەتمەندی نەتەوە یەکگرتوەکان، وە زیاتر لە ٢٥٠ ڕێکخراوی ناحکومی.

یاسای ڕۆما بە ١٢٠ دەنگی ڕازی-بوو، ٧ دەنگی پێچەوانە، وە ٢١ دەنگ نەدەر پێکهات. ناوی ئەو دەوڵەتانەی کە دەنگیان دا تۆمار و نەکرا، سێ دەوڵەت بوون، ئەوانیش، ئەمریکا، ئیسرائیل، و چین، بە شێوەیەکی ئاشکرا هۆکارەکانی دەنگدانیان لە دژی ئەو یاسایە بەیان کرد. وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرهەڵستی لە سەربەخۆبونی دەسەڵاتی دادگاکە کرد بۆ دەستکردن بە داوا لەسەر تۆمارکردنو گەران بە دوای ڕۆڵێکی گەورەتر لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان. بۆ نمونە، وتەبێژە ئەمریکیەکان، زۆر لەوە دەترسان کەوا سەربازە ئەمریکیەکانو ئاشتیپارێزە دورەکانیان بتوانرێت بهێنرێنە



بەردەمی دادگا لەسەر تۆمەتە وروژاوە سیاسیەکان، ئەوان هەوڵیان دا بۆ دارشتنەوەی یاسایەك بە پێدانی دەسەڵاتێکی تایبەتی بە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ دەستپێکردنی داوا لەسەر تۆمارکردنەکان. ئەوەش ڕێگەی دا بە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، وەکو ئەندامێکی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایش، مافی ڤیتۆ لە دژی هەندێك لە داواکان، بەکار بهێنێ. هەرچەندە ئەو پرۆپۆزەڵە لەلایەن ڕێژەیەکی نیگەرانی زۆرینەوە تێکشکێنرا لەبارەی بڕیاری داواکارە گشتیەکان کەوا چارەنوسیان بکەوێتە ژێردەستی هەیکەلە سیاسیەکەوە. هەروەها ئەمریکا و چین، بەرهەڵستیان لە دەسەڵاتی دادگاکە کرد، لە بارودۆخە دڵنیاییەکان، بۆ گرتنو دادگاییکردنی هاوڵاتیانی ئەو دەوڵەتانەی کەوا ئیمزایان لەسەر یاساکە نەکرد، گفتگۆی ئەوەیان دەکرد کەوا داوا لەسەر تۆمارکردنەکان پێوستە داوای ڕازیبون لە کەسە تۆمەتبارە حکومیەکان بکات. ئیسرائیل بەرهەڵستی لیستی ئەو یاسایەی کرد بۆ تاوانی جەنگ، لەبەرئەوەی ئەو یاسایە بڕیاری جوڵانی هەستی دانیشتوانەکانی لەخۆ گرتبوو بۆ داگیرکردنی هەرێمەکان. هەندێك لەو دەوڵەتە بێبەشانە بەرهەڵستیان لەو یاسایە دەکرد بۆ لەباربردنی خستنە ناوی تیرۆریزم یان بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی وەکو تاوان. هەندێکی تریان

دژی ئەو بریارە وەستانەوە بۆ کۆتایی پێهێنانی سزای مردن لە بڕیارەکاندا. هەرچەندە ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەنگی لە دژی ئەو پەیماننامەیە دا، فەرمانبەرە فەرمیە ئەمریکیەکان ڕازیبونی خۆیان بۆ زۆر لە یاساکان دەربڕی. سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمریکا بیلْ کلینتۆن دواجار ئیمزای لەسەر یاساکە کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ملکەچی کۆنگرێسی ئەمریکی نەبوو بۆ ئەو ڕازیبونە.

لە مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٢ دا سەرۆکی ئەمریکی "جۆرج دەبلیو بۆش" بانگەشەی بۆ هەمان بەرهەڵستی کرد کە لە لایەن فەرمانبەرە فەرمیە ئەمریکیەکانەوە بەرز کرابۆوە لە ماوەی یاسای رۆمادا. نەتەوە یەکگرتوەکانی ئاگادارکردوە کەوا ئەمریکا ڕێکەوتننامەکە ئیمزا ناکات، کاریگەری ئیمزاکەی بیل کلینتۆنی کۆتایی پێهێنا. بەشدارینەکردنی ولاّتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هەندێ زلهێزی تری جیهانی، ئەو دادگایەی لاواز کرد بە بەرزکردنەوەی پرسیارەکان دەربارەی شەرعیەت. هەروەها بەشداری نەکردنەکەیان سەرچاوەی دارایی دادگاکەی گەمارۆ دابوو، چونکە سەرچاوەی سەرمایەکان تەنها لە لایەن ئەو دەوڵەتانەوە ئامادە دەکرا کە بەشێکن لە یاسای رۆما.



لە لایەکی ترەوە، ئەگەر دەسەلاّتە زۆر بەهێزەکان یاسای ڕۆما پەسەند بکەن، کاریگەری بەشدارنەبوەکان لەسەر دادگای دادی نێودەوڵەتی کەمتر ئەبۆوە. لە ڕاستیدا، بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو هەندێ لە نەیارەکانی تری ICC زەرەرمەند دەبوون بەو بەشداری‌نەکردنەیان، لەبەرئەوەی حکومەتەکانیان نەیاندەتوانی لە داهاتوودا بەشداری لە هەڵبژاردنی حاکمەکاندا بکەن، یا لە دەستنیشانکردنی داواکارە گشتیەکاندا (المدعی العام)، هەروەها گەشەپێدانی بنکەکانی بەدواداچون و کۆکردنەوەی بەڵگەکان. هەموو ئەوانە کاریگەریان ئەبێت لەسەر پێشکەوتنی داهاتوی دادگاکەو کاریگەریەکانی.

### ٢:ج دەسەلاّتی دادگایی Jurisdiction :

یاسای رۆما دەسەلاّتی دادگایی دایە دادگاکە لەسەر تاوانە قورسەکان، لە گرنگیپێدانە نێودەوڵەتیەکان گەر ئەو تاوانانە لەدوای ١-٦-٢٠٠٢، کرابێتن، هەرکام لە

(١) هاولاّتیانی ئەو دەوڵەتانەی کە یاساکە پەسەند دەکەن،

(٢) یان کەسێك کە هەڵگری هەر رەگەزنامەیەك لەسەر هەرێمی هەر دەوڵەتێك بێ کە ئەو یاسایەی پەسەند کردوە.

جۆری دووەم لە نمونەی دەسەڵاتی دادگایی، واتای ئەوەیە کە ئەو هاوڵاتیانەی ئەو دەوڵەتانەی کە ئەو پەیمانامەیەیان پەسەند کردوە دەتوانرێت بگیرێن یان لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی سەیری مەسەلەکەیان بکرێت گەر چالاکیەکانیان لە هەرێمی ئەو دەوڵەتانەدا ڕویدابێ کە پابەندن بە یاساکەوە. ئەو دەوڵەتانەی کە بەشێك نین لە یاساکە خۆبەخشانە یاخود بە ویستی خۆیان دەتوانن دەسەڵاتی داوەری دادگاکە پەسەند بکەن لەسەر بنەڕەتی مەسەلە بە مەسەلە. لەسەرو ئەوەشەوە، ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان دەتوانێت دەسەڵاتی دادگایی بدات بە دادگاکە لە حاڵەتە تایبەتیەکاندا تەنانەت لە کاتێکدا دەوڵەتەکە کە تاوانەکە رووی داوە تیایدا بەشێك نەبوو لە یاساکە.

لە هەندێ مەسەلەی تاوانکاریدا، ICC تەنها دەتوانێت دەسەڵاتی داوەری خۆی تاقی بکاتەوە لە کاتێکدا گەر دادگای نیشتمانی نەیتوانی یان ڕەفزی کردەوە بۆ جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوەکان یان داوا لەسەر تۆمارکردنەکان. بۆ نمونە، ICC دەتوانێت هەڵوێست وەربگرێت بە دەستوەردان کاتێ کە سیستەمی دادگایی حکومەت تێکشکابوو یان بە شێوەیەکی چالاکانە کەسێك لە بەرپرسیارێتی ئیجرامی بپارێزێت، دادگاکە دەتوانێت



لەهەر کەسێك بپێچێتەوە گەر ئەو کەسە تەمەنی هەژدە ساڵ یان پترە لە کاتی تاوانەکاندا بەبێ گرنگیدان بە ئەرك یان ئەرکە فەرمیە فەردیەکان. لەبەرئەوە، سەرۆکی دەوڵەتان، یاسادانەران و هەر فەرمانبەرێکی پلە باڵای تری حکومەت لە بەرامبەر بەرپرسیارێتی تاوانکاری نابەخشرێن. تاوانەکان لە دەسەڵاتی داوەری دادگادا نابێتە مادەیەك لە یاسا دیاریکراوەکان، واتا کات نیە بۆ دیاریکردنیان یان ئامادەکردنی تۆمەتەکان.

بەرزکردنەوەی داواکان لەدژی تاوانەکان لە لایەن دادگاوە: Crimse Prosecuted By The Court

چوار بەش لە تاوانەکان دەکەونە چوارچێوەی دەسەڵاتی دادگاییICC ئەوانیش: جینۆساید، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ، تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر دەوڵەتان. بەڵام دەستدرێژیکردنە سەر دەوڵەتان، ناتوانرێت بکرێتە بابەتێك بۆ هەر داوا بەرزکردنەوەیەك، تەنانەت بۆ کۆبونەوەی پارتە ڕەسمیەکان، دەستەیەك دروستکراوە لە یەك نوێنەر بۆ هەر دەوڵەتێك کەوا یاساکەی پەسەند کردوە، هەموارکردنی یاساکە بۆ پێناسەکردنی تاوان و پێشاندانی مەرجەکان بۆ بەرزکردنەوەی داوا یاساییەکان. بەڵام مەسەلەی دەستدرێژیکردنە سەر دەوڵەتان، بە شێوەیەکی سیاسی تاوانبارکراو و بەشداریکەرەکان لە

کۆنفرانسی رۆما نەیانتوانی لەسەر پێناسەکەی رێک بکەون. پێناسە پێشنیارکراوەکان لە چوارچێوەی بیرۆکەیەکەوە مەدلولی وەرگرتبو: ئەویش داگیرکردنی سەربازی یان هێرشکردنە لەلایەن دەوڵەتێکەوە لە دژی دەوڵەتی تر لەگەڵ ئارەزووی لەناوبردنی هەرێمە یەکگرتوەکان یان سەربەخۆییە سیاسیەکان.

یاسای رۆما پێناسەی جینۆساید دەکات بەوەی کە هەستانە بە تاوانێك لە چوارچێوەی کۆمەڵێك چالاکیدا لەگەڵ مەبەستی لەناوبردن، چ بەشێك لە گشت، چ گشت هەموی، بۆ نەتەوەیەك، ئەتنیکێك، رەگەزێك، یان گروپێکی دینی. چالاکیەکان بە شێوەیەکی نەخشە بۆ دارێژراو ئەندامی ئەو گروپانە دەکوژێت یان ئازاری دەرونی یان جەستەییان تووش دەکات، سەپاندنی هێز بەسەر گروپەکەدا بۆ ئەوەی لە بارێکی تایبەتدا بژین، بۆ دوزینەوەی تێکشکاندنی فیزیکی گروپەکە، چ بەش چ گشت، هەروەها بەکارهێنانی پێوەرە توندەکان بۆ نەهێشتنی لەدایکبوون لە ناو ئەو گروپەدا یان گواستنەوەی منداڵانی گروپێك بۆ گروپێکی تر.

تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، کە یاساکە دیاری کردوە، کۆمەڵێك چالاکیە وەك ئەوەی بە شێوەیەکی رەمەکی یان بە پێی بەرنامە لە دژی خەڵکی سیڤیل دەکرێت. کردەی تاوان



یان لەناوبردن، کۆیلایەتی، نەفیکردن یان گواستنەوەی زۆرەملێی دانیشتوان، زیندانیکردن و بێبەشکردن لە سەربەستیە سروشتیەکان بە شێوەیەکی دڵرەقانە، ئەشکەنجەدان، دەستدرێژیی سێکسیی توندوتیژ، وەکو هۆمۆسێکسی، کۆیلایەتی سێکسی، بەزۆر بەسۆزانیکردن، شاردنەوەی بەزۆر، یا سیاسەتی جوداکاریی رەگەز.

لیستی یاساکە بۆ تاوانەکانی جەنگ فراوانە، بریارەکانی قەدەغەکردنی لەخۆ گرتوە لەلایەن کۆنفرانسی جینیوای ساڵی ١٩٤٩ لەسەر یاساکانی جەنگ: کوشتنی قەستی، ئەشکەنجەدان، هەستان بە ئازاردانی گەورە بە ئەنقەست، بەبارمتە گرتن، لەناوبردنی ئەنقەست، تالآنکردنی زەوی‌و زار، بێبەشکردنی زیندانیانی جەنگ لە دادگاییکردنێکی راستگۆیانە یاخود ناچارکردنیان بەکارکردن لە ناو سوپای هێزی دوژمندا، یا گواستنەوەی نائاسایی‌و حەپس کردنیان. یاساکە هەروەها پێناسەی ٢٦ تاوانی تری جەنگ دەکات لە نێوان پێشێلکاریە بەمەبەستەکان لە عورف و یاسای جەنگ وەکو، تالآنکردن، هێرشە بەئەنقەستە راستەوخۆکان لە دژی سیڤیلەکان، بەکارهێنانی چەك‌و گازی کوشندەو ناچارکردنی تاکەکان بە برینی دەم و لوت یا شێواندنی لاشە یاخود بەکارهێنانیان لە تاقیکردنەوە زانستیەکاندا.

لە کۆتاییدا، یاساکە یاسای تایبەتی تیادایە کە دەسەڵاتی داوەری دادگا بۆ تاوانەکانی جەنگ درێژ دەکاتەوە، یاخود بۆ جەنگە ناوخۆییەکان، فراوانی دەکات، کە بە شێوەیەکی مێژوویی لە یاسای نێودەوڵەتیدا رێك نەخراوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵاتی داوەری دادگاکە تێکدانە ناوخۆییەکانی وەکو، کاری ئاژاوەگێری و یاخود کاری توندوتیژیی بەربلاو یان جیاواز جیاواز، قەدەغە دەکات.

## ٢:د سترەکچەرو بەرێوەبردن:

Structure and Administration

ICC سیٚ بەشی وەزیفی سەرەکی هەیە: حاکمەکان، تۆمارکەرو داواکارە گشتیەکان. دادگاکە لە هەژدە حاکم پێك دێت، ئەوان لە لایەن ئەنجومەنی پارتە ڕەسمیەکانەوە هەڵدەبژێردرێن لە دەنگدانێکی نهێنیدا.لە ماوەی هەڵبژاردنە گشتیەکانەوە هەمو دەوڵەتێك دەتوانێت یەك کاندید هەڵبژێریٚ. کاندیدەکانیش پێویستە شارەزا بن بۆ هەرکام لە یاسای سزادانو بەدواداچوون یان لە بوارە هاوپەیوەندەکان بە یاسای نێودەوڵەتیەوە، وەك یاسای مافە مرۆڤایەتیەکان یان یاسای ململانێیە چەکداریەکان. دادوەرەکان تەنها یەك خول دەتوانن خزمەت بکەن، کە



ئەویش بۆ ماوەی نۆ ساڵە. لەگەڵ ئەوەشدا تەنها لە یەکەم هەڵبژاردندا، کە ساڵی ٢٠٠٣دا کرا، دادوەرەکان بە شێوەیەکی رەمەکی ماوەکەیان دیاری کرابوو، سیٚ، شەش، یان نۆ ساڵە. بۆ دڵنیاکردنەوەی جۆراوجۆرێتی جوغرافی، نابێت دوو حاکم هەمان رەگەزنامەیان هەبێت. دادوەرەکان بە هۆی سەرۆکایەتیەکەوە بەڕێوە دەبرێن، سەرۆکایەتیەکەش، گروپێکە لە سیٚ دادوەر پێکدێت کە بەرپرسیارن لە بەردەم بەڕێوەبردنی یاسایی دادگاکە. سەرۆکایەتیش پێك دێت لە سەرۆکێك، یەکەم جێگری سەرۆك، دووەم جێگری سەرۆك.

دادوەرەکانی ناو سەرۆکایەتی بەهۆی دادوەرەکانی دادگاکەوە، هەڵدەبژێررێنو بۆ ماوەی سیٚ ساڵ خزمەت دەکەن. دادوەرەکان بۆ ئەرکی پێش دادگاییکردن دەستنیشان دەکرێن. دادگاییکردن و ژورەکانی پێداچوونەوەی تاوانەکان. ژورەکانی پێش دادگاییکردن دەسەڵاتیان هەیە بۆ سەپاندنی لێپێچینەوەکان لەلایەن داواکارە گشتیەکانەوە، هەروەها دەتوانیٚ فەرمان دەربکات، دەرکردنی داوایەکی یاسایی بەوەی کە ڕێگە بدات بە پیاوانی ئاسایش کەوا هەستن بە کاری گرتن و تەفتیش کردن، یا بانگکردنی کەسانی گومانلێکراو لە کاتی لێپێچینەوەکاندا، هەروەها بەرپرسیارێتی هەیە بۆ

پاراستنی مافی قوربانیەکان و شایەتحاڵەکان لە ماوەی کارکردنەکانی پێش دادگاییکردنەکە، هەروەها دڵنیابون لە ئیجرائاتی رەسمی بۆ تاوانباران. بۆ بەرێوەبردنی دادوەریکردنەکە، ئەرکی ژوری دادگاییکردنە کە دادگاییکردنی خێرا ئەنجام بدات، بۆ گرتن یان بێبەریکردنی تاوانباران، یا بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی گیراوەکان.

ژووری تێهەڵچونەوەکان دەسەلاتی هەیە بۆ پێچەوانەکردنەوە یان هەموارکردنی بریارە یاساییەکانی حکومدراوەکان و داواکردنی دادگایکردنەوەی سەرلەنوێ. تۆماریش بریتیە لە باڵێکی کارگێریی لە دادگاکەو چاودێری حاڵەتە نائاساییەکان دەکات، ئەمەش سەرۆکایەتی دەکرێت لەلایەن بەرێوبەری تۆمارەوە کە ئەمیش بەرێوبەری فەرمانبەرە رەسمیەکانی کارگێرییە لە دادگاکەدا. بەرێوبەری تۆمار لە لایەن حاکمەکانەوە بۆ ماوەی پینج ساڵ، هەڵدەبژێررێت. ئۆفیسی داواکاری گشتی بەرپرسە لە ئیدارەکردنی لێپێچینەوەکان و داوا لەسەرتۆمارکردن، ئەمیش پێکهاتوە لە سەرۆکێك کە لەلایەن ئەنجومەنی پارتە رەسمیەکانەوە لە دەنگدانێکی نهێنیدا، هەڵدەبژێردرێت، لەگەڵ دانانی جێگرێك یا زیاتر. جێگری داواکاری گشتی لە لایەن سەرۆکی داواکارە



گشتیەکانەوە کە بۆ ماوەی نۆ ساڵ خزمەت دەکەن ، ئەپاڵێورێت، ناشێت جارێکی تر هەڵبژێررێتەوە.

خەرجیی بنەرەتی ICC ئەو برە پارە داواکراوانەیە لەو دەوڵەتانەی کە بەشێکن لە یاسای رۆما، خەرجییەکانی تریش گەر کۆمەڵەی گشتی پەسەندی بکات، دەکرێت لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ئامادە بکرێت، یا لە خەرجیە خۆبەخشەکانی حکومەتەکان، رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بازرگانیەکان و تەنانەت تاکەکانیش. یاساکە سالآنە بەشێوەیەکی سەربەخۆ پێویستی بە وردبینیکردنی ژمێرەیی هەموو داراییە تۆمارکراوەکانی دادگاکە هەیە. لە پێناو پارێزگاریکردنی سەربەخۆیی دادگاکە، موچەی داوەرەکان و هەندێ فەرمانبەری فەرمی دادگاکە ناکرێت کەم بکرێنەوە لەو کاتانەی ئەوان ئیشەکان دەگرنە دەست.

### ٢:ه بەدواداچوونە گشتیەکان:

General Proceduers:

سەرۆکی داواکاری گشتی ICC دەست دەکات بە لێکۆڵینەوەی سەربەستانەو بەپێی ئەو زانیاریانەی کە بەدەستی هێناوە لەبارەی تاوانەکانەوە لە چوارچێوەی دەسەلاتی قەزایی دادگاکە. لە جیاتی ئەوە، مەسەلەکان

دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ داواکاری گشتی بە هۆی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان یان بەهۆی ئەو دەوڵەتانەوە کەوا بەشێکن لە یاساکەی رۆما. داواکاری گشتی زانیاریەکان هەڵدەسەنگێنێ و لێپێچینەوەیان بۆ دەکات بۆ وەرگرتنی بڕیارە بەوەی گەر ئەساسێکی تەواوی هەبێ یان نا تاوەکو داوا لەدژیان بەرز بکاتەوە. ئەگەر داواکاری گشتی بریاری بەردەوامیی لێکۆڵینەوەکان بدات، ئەوا ئەو سەرەتا پێویستە ڕەزامەندی ژووری پێش دادگاییکردن بەدەست بهێنێت. داوا لەسەر تۆمارکردنە فەرمیەکان کاتێ دەست پێدەکات کە ژوری پێش دادگاییکردن فەرمانی گرتن یان هێنانی تاوانبارەکەی دەرکردبێت ئەویش لە پێناوی دەرخستنی ئەساسی تۆمەتەکانی کە لە لایەن داواکاری گشتیەوە لە دۆسیەدا دانراوە. وەرگرتنی بەدواداچونی رەسمی کاتێ دەست پێدەکات کە ژوری پێش دادگایی کردن ئاگاداری کەسی تۆمەتبار دەکات یان داوای لێدەکات لەبەردەم هۆلی دادگادا ئامادەبێت ، ئەمەش بەپشت بەستن بەو داوایانەی لەلایەن داواکاری گشتیەوە لەدژی تۆمەت بار بەرزکراونەتەوە.

کاتێك کە تاوانبارەکە دەردەکەوێت، گوێلێگرتنێك بەرێوەدەچێ بۆ وەرگرتنی بریارێك ئەگەر بەڵگەی تەواوو بوونی هەبێت بۆ تەواوکردنی دادگایی کردنەکە.



دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەسەڵاتی یاساییان هەیە لەسەر ئەو تاوانانەی کە دەکرێت، کە پێدەچێت بۆ بەرەنگاریکردنی دەسەڵاتی یاسایی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیە ICC، یانپەسەندکردنی قەزیەکەیە. یەکەمجار ژوری پێش دادگاییکردنەکە تۆمەتەکانی داواکاری گشتی دوپات کردۆتەوە، سێ حاکم لە ژوری دادوەریکردن، دادوەریکردنەکە بەرێوە دەبەن، لەگەڵ دادگاییکردنێکی ئاشکرا لەگەڵ تۆمەتبارە ئامادەبوەکەدا. دادگاکە دەتوانێت تاوانەکە لەسەر تۆمەتبارەکە ساغ بکاتەوە گەر بە لایەنی کەمەوە دوو لە سێی داوەرەکان باوەڕداربوون بە تاوانە گوماناویەکان لەپشت گومانە ماقوڵەکانەوە، بریارەکە پێویستی بە سەرجەمیی نیە. دادگاکە دەتوانێت تۆمەتبارەکە بەر بدات یاخود زیندانی بکات یا فەرمان دەربکات بۆ قەرەبوکردنەوەی قوربانیەکان. ئەو ناتوانێت سزای مردن بسەپێنێت. قورسترین سزا کە دادگاکە دەتوانێت دەریبکات ،زیندانی هەتاهەتاییە بۆ تاوانباران.

ماوەی زیندانیی لە وڵاتی هۆڵەندا بەسەردەبرێ یان هەر وڵاتێکی تر کە خۆبەخشانە ئەو زیندانیە وەربگرێت. هەردوو دەستەی داواکاری گشتی و بەرگری دەتوانن تێهەڵچونەوەی بریارەکە بکەن. هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە

بەشدارن لە یاسای رۆما پێویستە هاوکاری دادگاکە بکەن لە کاتی لێکۆڵینەوەکاندا، داوالەسەرتۆمارکردن، هەروەها بەهێزکردنی دەسەڵاتی داوەری دادگاکە.

### ٣. ڕێکخراوی لێبووردنی گشتی نێودەوڵەتی:

Amnesty International Organization

پێناسە: ڕێکخراوێکی ناحکومیە کار دەکات بۆ گەشەکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو شوێنێکی دنیادا. کار دەکات بۆ ئازادکردنی ئەو کەسانەی کە بە هۆی چالاکی سیاسی یان کۆمەڵایەتیەوە زیندانی کراون، یا ئەوانەی زیدانی کراون بە هۆی ڕەگەز، ئەتنیك، جنس، حاڵەتی ئابووری، دین، نەتەوە، یان بەهۆی دەربڕینی ئاشتیخوازیانە لە بیروباوەرە سیاسیەکانیاندا. هەروەها ڕێکخراوەکە هەوڵدەدات بۆ توندکردنی دادوەری و دادگاییکردنی زیندانیە سیاسیەکان بە شێوەیەکی خێرا، کارتێکردنە سەر ئەندامانی دەستەی تەشریعی بۆ سوککردنی سزای مردن، ئەشکەنجەدان و مامەڵە توندەکان لەگەڵ هەمو زیندانیەکدا، لەو بریارە دادگاییانەی کە حوکمی لەسێدارەدان دەدەن بە شێوەیەکی نهێنی، هەروەها ئەو کەسانەی کە چالاکی سیاسی دەکەن و دیارنامێنن لێیان دەکۆڵێتەوەو لێپێچینەوە دەکات و بەرهەڵستکاری



مامەڵە خراپەکان دەکات کە لە لایەن گروپە ئەنتی حکومیەکانەوە دەکرێن، هەروەکو بەبارمتەگرتن و کوشتنی زیندانی.

ڕێکخراوی گشتی نێودەوڵەتی کاردەکات بۆ کۆکردنەوەی پارمەتیە گشتیەکان و فشارخستنە سەر فەرمانبەرە حکومیەکان بۆ دانپیادانانی مافەکانی مرۆڤ لە ڕێگەی پەروەردەی گەلەوە، خۆپیشاندان، هەڵمەتی نامەنوسین و کۆنگرەی ڕۆژنامەنوسی. بۆ ئەو هەوڵ و تێکۆشانە جیهانیەی کە ئەم ڕێکخراوە گرتبویە بەر، گروپەکە خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی پێ بەخشرا لە ساڵی ١٩٧٧. ئەم ڕێکخراوە بە نزیکی یەك ملیۆن ئەندامی هەیە لە زیاتر لە ١٦٠ دەوڵەت. بنکەی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە کەوتۆتە شاری لەندەن لە وڵاتی بەریتانیا.

### ٣:أ ساڵانی سەرەتا:

بیرۆکەی ڕێکخراوی لێبووردنی گشتی نێودەوڵەتی کاتێك دروست بوو کە پارێزەری بەریتانی "پیتەر بێنەنسۆن"و هەندێك کەسانی سیاسی تری چالاك دەستیان بە تکاکرنی لێبوردنێکی گشتی لە ساڵی ١٩٦١،کرد. بۆ ماوەی ساڵێك هەستا بە کەمپینێکی جیهانی، داوای بەردانی هەموو ئەو زیندانیانەی کرد کە بەهۆی کاری سیاسیەوە یان کۆمەڵایەتیەوە گیراون. بێنەنسۆن دەستی

کرد بە هەڵمەتەکان بۆ وەڵامدانەوەی دوو خوێندکاری زیندانی لە پورتوگال کە ئەوان نانیان دروست دەکرد بۆ ئازادی لە ڕێستورانتێکی گشتیدا. ئەو نانە وا لە قەڵەم درا کە وێنەیەکە لە بەرامبەر سیاسیەتە دیکتاتۆرییەکانی "ئەنتۆنیۆ سەلازار"ی سەرۆکی پورتوگال، وەکو دو خوێندکار هەردووکیان، لە ساڵی ١٩٦٠، حەوت ساڵ حوکمی زیندانی دران. بینەنسۆن وتارێکی لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٦١ لە ژێر ناونیشانی "زیندانییە لەبیرکراوەکان"، چاپ کرد. لەویا هانی خەڵکی دەدا بە نوسینی نامە بۆ فەرمانبەرەکانی حکومەت لە هەموو جیهاندا بۆ بەرهەڵستیکردنی گرتنی ئەو کەسانەی کە بە هۆی کاری سیاسی یا کۆمەڵایەتیەوە گیراون. هەڵمەتەکە گرنگیەکی زۆری پێدرا و وتارەکە دوبارە چاپکرایەوە لە ڕۆژنامە گەورەکانی زۆربەی دەوڵەتاندا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١، زیاتر لە هەزار کەس پەیمانیان دا کەوا پاڵپشتی لەو هەڵمەتە بکەن. ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی نێودەوڵەتی لەو ساڵەدا دامەزرا.

بەیاننامەی کاری سەرەکی ڕێکخراوەکەش لەسەر ئەساسی بانگەشەکردنێکی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ بنیات نرا، ئەم پرنسیپە سیاسیە لە لایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە ساڵی ١٩٤٨ تەبەنی کرا بۆ



دانپیادانانی مافە بنچینەییەکان بۆ هەموو خەڵك بێ گرنگیدان بە "ڕەگەز، ڕەنگ، جنس، زمان، دین، سیاسەت یان ڕای جیاوازو بنەڕەتی کۆمەڵایەتی یان نەتەوەیی، تایبەتمەندی، لەدایکبوون یان هەر حاڵەتێکی تر.

لە نێوان دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی، "سین ماکبێرد"هەیە، کە کەسێکی ئێرلەندییەو لایەنگری پاراستنی مافەکانی مرۆڤەو لە ساڵی ١٩٧٤ خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی وەرگرت. ئەم پیاوە وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی لێبوردنی گشتی نێودەوڵەتی لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١ بۆ ١٩٧٤، خزمەتی کرد. لە سەرەتادا ڕێکخراوەکە بە پلەی یەکەم مژۆڵ بوو بە نوسینی هەڵمەتی نامەنوسین بۆ ئازادکردنی زیندانیان. ئەندامەکان نامەیان دەنارد بۆ سەرۆکی حکومەتەکان، زیندانیە ڕەسمیەکان، هەروەها هۆکانی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی تێکشکاندنی بەها مرۆڤایەتیەکان. ئەوان هەروەها نامەیان نارد بۆ زیندانیەکانو کەسوکاریان بۆ پیشاندانی پاڵپشتیو ڕێکخستنی ئەرکە زۆر کاریگەرەکان. بۆیە لە ساڵی ١٩٦٤ هەندێك لە زیندانیی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە دەوڵەتانی وەك ئێرلەندا، ڕۆمانیا، یۆنانو میسر بەهۆی ئەوەی کە بەشێك بوون لە هەڵمەتەکانی ڕێکخراوەکە، ئازاد کران.

لە ماوەی کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ ڕێکخراوی لێبووردنی گشتی نێودەوڵەتی زنجیرەیەك ڕەخنەی هاتەسەر لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە لە ڕێکخراوە حکومیەکان و گوایە بۆ نەهێڵانی بلاوبونەوەی راپۆرتەکانیان لە بارەی سوکایەتیکردن بە مافەکانی مرۆڤەوە. ڕۆژنامەکانی بەریتانیاو هەندێك دەوڵەتی تر ڕێکخراوە ناحزبیەکانیان بەوە تاوانبارکرد کە چونەتە پاڵ کۆمەڵێك لە پارتە سیاسیەکان. هەندێك لە ڕەخنەگرەکان بانگەشەیان کرد کەوا (ماکبێرد) کە ئەفسەری پێشووی سوپای کۆماری ئێرلەندا بوو (IRA) ، ڕێگری لە ڕێکخراوەکە کرد لە لێکۆڵینەوەی هەندێ ڕاگەیاندنی مامەڵەی خراپ لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ لە باکوری ئێرلەندا. هەروەها بانگەشەی کرا کەوا ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی نێودەوڵەتی سەرچاوەی مادی لە وەکالەتی ئیستخباراتی ناوەندی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا CIA، وەرگرتوە، هەرچەندە ڕێکخراوەکە ویستی ئەو سەرچاوە داراییانە ڕەت بکاتەوە کە لە ڕێکخراوە حکومیەکانەوەیە. لە ئەنجامی ئەو ناوبانگە خراپەدا، خەرجی-بەخشین بۆ گروپەکە کەم بۆوەو ئەندامێتیش توشی دارمان بوو.



### ٣:ب ستراتیجیەتە نوێیەکان New Strategies:

لە ساڵی ١٩٦٨ لایەنگری سەربەستیە مەدەنیەکان (مارتن ئنیالس)، وەك سکرتێری گشتی پەیوەندی بە ستافی ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی نێودەوڵەتییەوە کردو یارمەتی ڕاپەڕاندنی سیاسەتە نوێیەکانی دا وەك هەوڵدانێك بۆ گەراندنەوەی پلەو پایەی ڕێکخراوەکە. سەرکردەی گروپەکان یاسایەکیان پەسەندکرد بەوەی کە تەنها ڕێگەی ئەوە بە ئەندامەکانی دەدا کە لێکۆڵینەوە لەو تۆمەتە پێشێلکاریەکانەی مافەکانی مرۆڤ بکەن کەوا لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان ڕو دەدا. هەروەها چاپتەرەکانی ڕێکخراوەکە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی فەرمانبەری نوێ بۆ پاڵپشتیکردنی کەنیسە، خوێندنگەکان، بازرگانیەکان و نەقابەی کرێکاران. ئەو گروپە دەستی بە هەڵمەتەکانی کرد بۆ زۆر لە سیاسەتە جیهانیەکان لە سەر مافەکانی مرۆڤ، لە جیاتی ئەوەی کە بە تەنها بکرێت لەسەر مافی زیندانیان.

لە ساڵی ١٩٧٢ ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی نێو دەوڵەتی هەڵمەتێکی جیهانی ڕێکخست بۆ کەمکردنەوەی ئەشکەنجەدانی مرۆڤەکان (کە خراپ مامەڵکردنی جنسی و دەستدرێژیی سێکسی لە خۆگرتبوو) کە لە لایەن بەرپرسانی جێبەجێکردنی یاساوە ڕێکخرابوو.

ڕێکخراوەکە دوانزە پرۆگرامی پێکەوە پلە بە پلە دانا کە ڕێگاکانی لەناوبردنی ئەشکەنجەدانی زیندانیان پوختە دەکرد. ئامۆژگاری تیادابوو بۆ یاساغکردنی دەستبەسەراگرتنە نهێنییەکان بۆ دڵنیا کردنەوەی زیاندانیان بە لێکۆڵینەوە لە هەر ئەشکەنجەدانێکیان و دانانی یاسای تەشریعی بۆ سزادانی ئەوانەی کە بەرپرسن لە ئەشکەنجەدانی زیندانیەکان بەوەی کە سزا بدرێن بە پێی یاساکانی تاوان.

لە ساڵی ١٩٧٤ ڕێکخراوەکە دەستی کرد بە تۆڕی چالاکی خێرا the urgent action network ئەویش بە تەلەفۆنکردن یان ناردنی نامە لە جیاتی زیندانیەکان کەوا پێویستییان بە فریاگوزاریە خێراکان یان یارمەتیە یاساییەکانە. تۆڕە خۆبەخشەکە توانی هەزاران جار داوا بکات یان تکا بکات، بە زۆریش لە ماوەی ٢٤-٤٨ سەعات دا ئەمەی دەکرد. لە ناوەراستی ساڵی ١٩٧٠ دا، ڕێکخراوەکە ئیشی لەسەر زیاتر لە هەزار لێکۆڵینەوەدا کردو هەندێ لە زیندانیە سیاسیەکان یان کۆمەڵایەتیەکان یا ئازاد کران یان لای کەم وەزعێکی باشتریان بۆ دابین کراو موحاکەمەیەکی دادپەروەریانە کران. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٧ ڕێکخراوەکە هەڵمەتێکی جیهانی دەست پێکرد بۆ کەمکردنەوەو سوککردنی بڕیارە دادگاییەکانی وەك بڕیاری



لەسێدارەدان. ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند کەوا سزای مردن هەرگیز بۆ ڕێگەگرتن لە تاوان سودبەخش نەبوەو ڕووبەڕوی خەڵکی بێتاوان کراوەتەوەو زۆرینەی مافە مرۆڤایەتیە بنچینەییەکانی تیا پێشێل کراوە. هەرچەندە هەڵوێستی گروپەکە لەمەڕ سزای مردن بوو بە مایەی گفتوگۆو جیاوازی بیروڕا لە نێوان ئەندامەکاندا. نوسەری پارێزگار "ئێف. بوکلی جی ئاڕ"، ئەندامی ئەنجومەنی ڕێنماییکەری نەتەوەیی سەر بە ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی نێودەوڵەتی، وازی هێنا لە یاخیبوونەکەی لە ساڵی ١٩٧٨. بوکلی، باسی لەوە دەکرد کە پاڵپشتیکردنی کەمکردنەوەی سزای مردن، پەیامی ڕێکخراوەکەی لە پارێزگاریکردنی مافی ناتوندوتیژی زیندانیە سیاسیەکانەوە گۆڕیوە بۆ پارێزگاریکردن لە بکوژەکان. ئەو هەروەها وتی هەڵمەتەکە متمانەی ڕێکخراوەکەی توشی زەرەرو زیان کردوە. لە ١٩٨٦ ڕێکخراوەکە حەملەیەکی بەستنی کۆنسێرتی ڕێکخست لە ئەمریکا کە تیایدا کۆمەڵێك مۆزیکیاری میللیی بەناوبانگی ئەمریکی تیادابو، لەوانەش، بروس سپرینگستین، ترەیسی چاپمان، پیتەر گابریێل،و ستینگ، بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ ڕێکخراوەکەو ڕاکێشانی ئەندامی نوێ.

## ٣:ج ناکۆکیەکان لەسەر نیڵسۆن ماندێلا:

Controversy over Mandela

بۆ چەند ساڵێك ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی نێودەوڵەتی ڕەخنەی هاتە سەر سەبارەت بەوەی کە هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ بەردانی سەرۆکی کۆمەڵەی نەتەوەیی ئەفریقی "نێڵسۆن ماندێلا". ماندێلا تێکۆشا بۆ کۆتاییهێنان بە سیاسەتی ڕەگەزجیایی، کە ئەمە سیاسەتی سەرەکی حکومەتی ئەفریقای باشور بو لە جیاکردنەوەی ڕەگەزەکاندا. لە ساڵی ١٩٦٤دا بڕیاری گرتنی درا لە بەرامبەر چالاکی و پلانە توندەکانی لەپێناو لەناوبردنی حکومەت. ڕێکخراوەکە ماندێلای وەکو کەسایەتیەکی چالاکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی وەرنەگرت بۆ ئازادکردن، چونکە ئەو مەیلی بە لای بەکارهێنانی توندوتیژیدا هەبوە لە دژی حکومەتی ئەفریقای باشور. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوەکە بەرهەڵستی کرد لە دژی ئەو مامەڵە خراپەی کە لە زینداندا لەدژی ماندێلا دەکراو کاری بۆ ئەوە ئەکرد دادگایکردنێکی دروست و ڕاستگۆیانە بکرێت. حکومەتی ئەفریقای باشور لە ژێر فشارێکی زۆری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩٠ نێڵسن ماندێلای ئازاد کرد.



## ٣:د گەشەکردنە نوێیەکان

Recent Developments

تا ساڵی ١٩٩٠ ڕێکخراوی لێبوردنی گشتی نێودەوڵەتی زیاتر لە چل هەزار مەسەلەی کۆڵیوەتەوە کە پەیوەست بوە بەو کەسانەی کە بە هۆی کاری سیاسی یان کۆمەڵایەتیەوە گیراون. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٠ ئەرکی ڕێکخراوەکە بە شێوەیەکی گەورە گەشەی کرد، جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی مافە مرۆڤایەتیە تایبەتمەندیەکان پێشێل دەکرێن، بۆ نمونە تۆڕی تەندروستی ڕێکخراوەکە کە پێکهاتبوو لە دکتۆرو خۆبەخش، هەرچی پەیوەندی بە لایەنی تەندروستیەوە هەبوو لێیان دەپێچیەوە، کە ئەوەش لە زیاتر لە سی دەوڵەتدا بوو. گروپەکە زانی کەوا دکتۆرەکان و یاریدەدەرەکانیان هەندێجار لە لایەن فەرمانبەرە حکومیەکانەوە داوایان لێ کراوە هەڵسەنگاندنی تەندروستیی هەڵە یا پێچەوانە سەبارەت بە زیندانیەکان، پێشکەش بکەن، بە تایبەت ئەو زیندانیانەی کە بە هۆی کاری سیاسیەوە یان کۆمەڵایەتیەوە گیراون، ئەمەش لە پێناوی پەردەپۆشکردنی کارە خراپەکانی حکومەتدا، وەك ئەشکەنجەدان.

هەندێ لە ڕاپۆرتەکان ئاماژەیان بەوە دا کەوا هەندێ لە فەرمانبەرە تەندروستیە خۆبەخشەکان یارمەتی حکومەتەکانیان داوە لە پەردەپۆشکردنی خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا. لە ساڵی ١٩٩٦ گروپەکە یەکەمین راپۆرتی ساڵانەی خۆی بەچاپ گەیاند، وەك راچێتەیەك بۆ گۆڕان. لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە ڕوبەڕوی زۆرترین راگەیاندنی جێی سەرنج بونەوە سەبارەت بە خراپ مامەڵەکردن لە گەڵ باردۆخی تەندروستیدا، وڵاتانی بەرازیل، ئیسرائیل، کینیا و تورکیا بون. هەروەها ڕێکخراوەکە هەڵمەتی دەست پێکرد بۆ پاراستنی مافی ئافرەتان، پەنابەران، منداڵان، هۆمۆسێکسی.

**٤. ڕێکخراوی پەروەردەو زانستو ڕۆشنبیری نەتەوە یەکگرتوەکان:**

United Nations educational ،Scientific ، Cultural Organization:

ئەم وەکالەتە سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانە، ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا بۆ هاندان و پەرەپێدانی هاوکاریکردن و یارمەتیدان لە نێوان گەلاندا، لە بوارەکانی پەروەردە، زانست، ڕۆشنبیری و پەیوەندیەکان. لە ڕێگای هەندێ هەوڵی



هاوکاریکردنەوە، ئەم وەکالەتە یارمەتی پێشکەش دەکات تا لەسەر ئاستی جیهان ڕێزی یاسا، دادگا، مافی مرۆڤ و سەربەستیە بنەڕەتیەکان بگیرێت. زیاتر لە ١٨٠ دەوڵەت مەیلیان بە لای ئەم ڕێکخراوەدا هەیە، ئەم وەکالەتە بارەگای سەرەکی لە پاریسە لە وڵاتی فەرەنسا. ئەو کارانەی کە ئەم وەکالەتە لە ئەستۆی خۆی گرتوە بریتین لە پرۆگرامەکانی زانست، پەروەردە، ڕۆشنبیری. ئەم وەکالەتە ٦٠ ئۆفیسی جیهانی هەیە کە ئاڵوگۆڕیان پێدەکات. پرۆژەکان لە لایەن UNESCO خۆیەوە سەرپەرشتی دەکرێت کە بریتین لە پرۆگرامە زانستیە نێو دەوڵەتیەکان، زانیاری هونەریو تەکنیکی، پرۆگرامی کۆششپێکردنی مامۆستایان ، پرۆژە ڕۆشنبیریە مێژوییەکانو ناوچەییەکانو ڕێکەوتننامەی هاوکاریکردنی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ڕۆشنبیری جیهانیو بۆماوە سروشتیەکانو پاراستنی مافی مرۆڤ.

**٥. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی:**

World Health Organization:

وەکالەتێکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکانە، بارەگا سەرەکیەکەی لە جێنیوایە لە وڵاتی سویسرا. ئەم وەکالەتە لە ساڵی ١٩٤٨ دامەزراوە. ئەم وەکالەتە بەپێی پێکهاتەکەی بریتیە لە کاری بەڕێوەبردنو ڕێکخستنی

دەسەڵات لە بواری تەندروستی نێودەوڵەتیداو بەرپرسیارە بۆ یارمەتیدانی هەمو خەڵکی بۆ دەستکەوتنی بەرزترین ئاستی گونجاو لە تەندروستی. لە ساڵی ١٩٨٧ ڕێکخراوەکە ١٦٦ دەوڵەتە ئەندامی هەبوو. خزمەتەکانی وەکالەتەکە هونەری یان ڕاوێژکارییە، خزمەتی ڕاوێژکاری بریتیە لە یارمەتیدانی فەرمانبەری تەندروستی بە مەشق پێکردنیان و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی ڕاستودروستو زانیاری لەسەر نەخۆشی وەك: نەخۆشی، ئەنفلۆنزا، مەلاریا، ئاوڵە، سیل، نەخۆشیەکانی زاوزێ–جووتبوون، ئایدز، گرنگیدان بە تەندروستی دایك و کۆرپە، خۆراك. هەروەها ڕێکخستنی دانیشتوان و ئاوەڕۆی بنکەیی.

ئەم وەکالەتە بەڵگەی لایەنی تەندروستی ناوچەکان دەپارێزێت بۆ پاڵپشتیکردنی بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ بۆ باشترکردنی ڕەوشی تەندروستی گشتی و تێکۆشان لە دژی نەخۆشی تایبەت کە دەچنە ناو بەرهەمە کشتوکاڵیەکانەوەو گەشەپێدانی ئابوری بەگشتی. لە خزمەتە تەکنیکیەکان، یەکگرتنی بایلۆجی، یەکێتی دەرمانسازی، کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی بیرو ئاستی زانیاری لە بارەی زانستی ئیپیدیمۆلۆجیکاڵ epidemiological ، پرۆژەی لێکۆڵینەوەی تایبەت



لەسەر زیندەوەرە مشەخۆرەکان و نەخۆشیە ڤایرۆسییەکان، بڵاوکردنەوەی زنجیرە کاری تەکنیکی و زانستی.

پێکهاتەی ناوەندی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، بریتیە لە هەیکەلی دانانی سیاسەت کە بە ئەنجومەنی تەندروستی جیهانی، ناونراوەو پێکهاتوە لە نێردراوی هەموو دەوڵەتە ئەندامەکان و ساڵانە پێك دەگەن، لەگەڵ لیژنەیەکی جێبەجێکردنی ٣١ کەسی کە بە هۆی ئەنجومەنەوە هەڵبژێرراون. سکرتاریەتیش، کە پێکهاتوە لە بەڕێوەبەری گشتی و ستافێکی بەڕێوەبەرو تەکنیکی. وەکالەتەکە ڕێکخراوە هەرێمیەکان دەنێرێت بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەراست، ئەوروپا، ئەفریقا، ڕۆژئاوای ناوچەی ئۆقیانوسی هادی.

### ٦. زانکۆی نەتەوەیەکگرتوەکان:

United Nation University:

زانکۆی نەتەوە یەکگرتوەکان دەزگایەکی لێکۆڵینەوەو مەشقپێکردنە، بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە لایەن UNESCO،UN وە سەرپەرشتی دەکرێت. بارەگای سەرەکی ئەم دەزگایە لە شاری تۆکیۆیە لە وڵاتی ژاپۆن. کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٧٣ ڕازی

بوو کە ئەم زانکۆیە بێتە میساقەکەیەوە. ئەم دەزگایە بەرنامەی گرنگو دیارەکانی ناخاتە بەردەم یەکە ئەکادیمیەکان، لەجیاتی ئەوە، هاوکاری لەگەڵ دەزگای خوێندنی باڵا لە هەموو شوێنێکی دونیادا دەکات، بۆ یارمەتیدان لە چارەسەرکردنی کێشە جیهانیەکان. لەو بابەتانەی کە ئەم دەزگایە گرنگی پێدەدات: ئابووری جیهانی، زانست و تەکنەلوجیا، داینامیکیەتی زیادبوونی دانیشتوان، ئەو هۆکارانەی ئاسوودەیی بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکەن.

زانکۆکە کارو چالاکیەکانی خۆی بەڕێوەدەبات لە ڕێگای تۆڕێکی تایبەتی لێکۆڵینەوەو سەنتەر، یان پرۆگرامی گەشەسەندن ، تۆڕەکەش بریتیە لە پەیمانگای جیهانی بۆ لیکۆڵینەوەی گەشەسەندنی ئابوری لە شاری هلسنکی لە وڵاتی فنلەندە، پەیمانگای تەکنەلۆجیای نوێ لە شاری ماستەریخت لە وڵاتی هۆڵندا، پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ بەرنامەی تەکنەلۆجی لە ماکاو لە وڵاتی چین، پەیمانگای سەرچاوە سروشتیەکان لە ئەفریقا کە کەوتوەتە ئاکرە لە وڵاتی غانا.



### ٧. ئۆفیسی یارمەتیدانی کارەساتەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان

United Nation disaster Relief Office

ڕێکخراوێکە لە ساڵی ١٩٧١ لە لایەن ئەنجومەنی گشتی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانەوە دامەزراوە، بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی چالاکیە کۆمەکیەکان لە سەرچاوە جیاوازەکان لە کاتی جەنگدا. UNDRO دروستکرا بۆ ڕێکخستنی یارمەتیەکانی UN لەگەڵ ئەو یارمەتیانەی کە لە لایەن ڕێکخراوە حکومیو ناحکومیەکانەوە دەدرێن، بە تایبەت لە لایەن خاچی سوری نێودەوڵەتیو بزوتنەوەی مانگی سورەوە. ئەم ڕێکخراوە کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەیی ، بەتایبەت لە دەوڵەتانی جیهانی سێهەمو ڕێگەگرتن لە کارەساتەکان بە هۆی نەخشە خۆپارێزیەکانەوە لە هەندێ ناوچەدا وەکو گەشەکردنە زانستی و تەکنەلۆجیەکان.

لە کاتی کارەساتەکاندا ئەم ڕێکخراوە وەکو سەنتەرێکی زانیاری ڕۆڵ دەبینێت، بە دڵنیاکردنەوەی ئەوەی زانیاریە گرنگو بەسودەکان بگەنە ناوچەی کارەساتەکەو ئەو کۆمەکانە پێشکەش بکرێن. UNDRO لەگەڵ UN کار دەکات بۆ هاندانی یارمەتیە نێودەوڵەتیەکان لە ئەنجامی

لێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوای ڕێگاکانی کەمکردنەوەی تێچون و کەمکردنەوەی ئەگەرو کاریگەریەکانی کارەساتەکان. UNDRO خەرجی بۆ دەکرێت بە میزانیەی سیستەمی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەم ڕێکخراوە بارەگای سەرەکی هەیە کە لەگەڵ بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکانە لە شاری نیویۆرك لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

### ٨. پرۆگرامی خۆراکی جیهانی World Food Program:

یەکەیەکی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە، لە ساڵی ١٩٦١ لە لایەن کۆمەڵەی گشتیەوە وەك پرۆژەیەکی تەجریبی سێ ساڵی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان، دامەزرا. لە ساڵی ١٩٦٥ کۆمەڵە دەنگی بۆ فراوانکردنی پرۆگرامەکە دا (بۆ زیاترکردنی کاری یارمەتیە خۆراکیە هەمەلایەنەکان) کە بە شێوەیەکی گونجاو و خوازراو دروستکراوە. مەبەست لە WFP بۆ خێراکردنی کاری یارمەتی حاڵەتی کتوپڕ یان ناوچە کارەساتبارە سروشتیەکانە. لە هاوکاری کردنی لەگەڵ FAO و هەندێ وەکالاتی تری نەتەوە یەکگرتوەکان.



ئەم وەکالەتە خۆراك ئامادە دەکات و صندوقی خەرجی ئامادە دەکات بۆ حاڵەتە کتوپڕەکان و کرێی ئەو کارکەرانەی کاری ڕزگارکردن ئەنجام ئەدەن یان بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی پرۆژەکان. سەرچاوەی خەرجی پرۆژەکانیش لە ڕێگای بەشداریکردنی خۆبەخشانەی حکومەتەکانەوە لە کەلوپەل پارەو یارمەتی وەك بارکردنی دەریایی، دابیندەکرێت، کە ئەو بڕەش پێویستە ١/٣ کۆی خەرجیە دراوەکان بێت.

### ٩. نەتەوە بێ نوێنەرەکان و ڕێکخراوە میللییەکان: UNPO

نەتەوە بێ نوێنەرەکان و ڕێکخراوە میللیەکان (UNPO)، کە بە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ نەتەوە زوڵملێکراوەکان ناسراوە، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیە لە ساڵی ١٩٩١ دامەزراوە بۆ نوێنەریکردن و هاندانی بەرژەوەندیەکانی گروپە کەمایەتیەکانی ئەو هەرێمە داگیرکراوانەی کە بە فەرمی لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە نەناسراون. UNPO ئەزمونەکان بۆ چاسەرکردنی ململانێیەکان پێشکەش دەکات، ڕێنمایی دەدات بۆ جێبەجێکردنی چاکسازیی دیموکراتی و پاڵپشتی لەسەر دیاردەی پارێزگاری کردنی ژینگە پێشکەش دەکات.

ئەندامێتی لەم رێکخراوە ڕێپێدراوە بۆ گروپەکان و زمانە جیاوازەکان و ئیرسە کلتوریەکان بۆ ئەوانەی کە ئەندام نین لە نەتەوە یەکگرتوەکان، لە لایەکی ترەوە هەمو ئەوانەی کە ڕوخسەتی چونە ناو دامودەزگاکانیان نیە بەهۆی ئەوەوە کە ناونیشانیان جالیەی نێودەوڵەتیە. میساقی پێکهێنانی UNPO لەلایەن نوێنەرەکانی هەر یەك لە "ئەرمینیا، کریمیا، ئیستیوانیا، جۆرجیا، تورکمانستان و هەرێمی ڤۆلگا و لە لایەن ئوستورالیە بنەڕەت نەژادەکان(ABORIGINAL)، ئەمریکایە نەتەوەییەکان، پاپوانسی رۆژئاوا، کوردەکان، کەمایەتی کۆردیلێرا لە فلیپین، کەمایەتیە یۆنانیەکان لە ئەلبانیا، ناچینیەکان لە تایوان و تبت"، ئیمزا کرا. هەندێك لە ئەندامانی ئەم رێکخراوە دەوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندو بونە ئەندامی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان. لە ئەپرێلی ١٩٩٧ ئەندامێتی ئەم گروپە خۆی لە ٤٧ گروپ و هەرێمی کەمایەتیدا بینیەوە. کۆمەڵەی گشتی UNPO ساڵانە کۆدەبێتەوەو لیژنەیەکی سەرکردایەتی دەستنیشان دەکات کە ١٥ ئەندامی لەخۆ گرتوە. سکرتاریەتی UNPO لە "هاگ"ە لە ولاتی هۆڵەندا.



## ١٠. ئۆفیسی کۆمیسیاری باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەوکگرتوەکان: UNHCR

ئۆرگانێکی یاریدەدەری سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکانە، بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی یارمەتیە نێودەوڵەتیەکانە بۆ پاراستنی پەنابەران‌و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ خۆیان‌و بۆ کێشەکانیان، لەوانەش کێشەی بێجێگایی، نەخۆشی، نەخۆشی مەتریسیدارو شۆکی دەرونی. ئۆفیسەکە لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٥١ دامەزرا بە بڕیارێکی کۆمەڵەی گشتی. پێش دامەزراندنی، ناسنامە، تۆمارکردن، پۆلێنکردن، چاودێری، پاراستنی یاسایی ، گەرانەوەی پەنابەران بۆ ولاتی خۆیان‌و ژیانەوەی پەنابەران‌و خەڵکانی بێ ماڵ و حاڵ لە بەرپرسیارێتیەکانی رێکخراوەی پەنابەرانی نێودەوڵەتی بوو، ئەم رێکخراوە وەکالەتێکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو.

ئەم رێکخراوە لە لایەن کۆمیسیارێکی بالاوە بەڕێوە دەچێت ، ئەوان هەڵدەبژێردرێن و ڕاپۆرت ئامادە دەکەن بۆ کۆمەڵەی گشتی، ئەمەش بە یارمەتی کۆمیتەیەکی جێبەجێکردن کە پێکهاتوە لە نوێنەری ٤٦ دەوڵەت. بارەگای سەرەکی ئەم وەکالەتە لە جێنێوایە لە ولاتی سویسرا. لیژنەکەکە لە لایەن هاوکاریە داراییە

خۆبەخشەکانەوە پاڵپشت دەکرێت، بە تایبەت لەلایەن دەوڵەتانی پیشەسازی رۆژئاواوە. لە ١٩٩٢دا UNHCR زیاتر لە یەك بلیۆن دۆلاری سەرف کردوە. ئەم وەکالەتە یارمەتیدانی پاراستنو مادیی پێشکەش بە پەنابەران دەکات تەنها لەسەر بنچینەیەکی مرۆڤانەو کۆمەڵایەتیانەو ناسیاسیانە.

سەرپشککردنێکی جیهانی هەیە کە هەموو پەنابەرانی گرتۆتەوە، بەدەر لەوانەی کە کۆمەكو دارایی لە وەکالاتەکانی تری نەتەوە یەکگرتوەکانەوە وەردەگرن، هەروەها ئەو خەڵکە بێشوێنانەشی گرتۆتەوە کە بە هۆی کارەساتی شەری ناوخۆی وێرانکاریەوە توشی دەردەسەری بوون.

کاتێك کە ئەم ئۆفیسە دامەزرا بە شێوەیەکی گشتی بایەخی دەدا بە کێشەکانی پەنابەرانی دەولەتانی ئەوروپا. ئیدی لەو کاتەوەو لە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٩٥٠وە بەهۆی زۆریی کێشەکان لە ئەفریقا، ئاسیاو ئەمریکای لاتین، ژمارەی پەنابەران لە دەولەتانی ئەوروپی زۆر زیادی کردوە.

لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٥٠ بە دواوە بوارە نەگونجاوەکانی یوگوسلافیای پێشوو، ڕواندا و سۆماڵ، ملیۆنانی لە پەنابەران دروست کرد کە پێویسیان بە



یارمەتی هەبوو، کە جەنگ لە یوگوسلافیا بە شێوەیەکی کتوپر، دەستی پێکرد لە ١٩٩١ ئەم وەکالەتە پێویستیەکانی وەکو خواردەمەنیو هاوکاری پزیشکی بۆ خەڵکانی پەنابەرە بێجێگاکان دابین دەکرد، هەروەها ئیشکردن لەگەڵ هەندێ وەکالەتی تر وای کرد ئەم وەکالەتە یارمەتی پێشکەش بە زیاتر بە چوار ملیۆن مرۆڤ بکات، بە دروستککردنی شوێنی حەوانەوەی بێ مەترسی بۆ پاراستنی خەلکە سیڤیلەکانو جیاکردنەوەیان لە ناوچەکانی جەنگ. لە ١٩٩٢ بۆ ١٩٩٤ ئەم وەکالەتە لە نێو گروپە مرۆڤدۆستەکان یارمەتی بۆ لێقەوماوانی سۆماڵ ئامادە دەکرد، کە توشی باری نائاسایی زۆر خراپ ببوونەوە لە کەمی خواردنو برسێتیو هەژاری.

کاتێك لە ١٩٩٤دا جەنگ لە نێوان ئەتنیکە جیاوازەکانی ڕواندا دروست بوو ئەم رێکخراوە بەشێك بوو لە تیمێکی رێکخراوەکان کە کۆمەك و دارایی پێشکەش بە زیاتر لە دوو ملیۆن خەڵکی هەژار کرد. کەمپەکانی پەنابەران لە نێوان سنووری هەردوو وڵاتی رواندا و زایر (کۆماری کۆنگۆی دیموکرات) دامەزران. کە بەبێ ئەم کەمپانە وڵاتی زایر بە شێوەیەکی زۆر خراپ کاول کرابوو بە هۆی هەڵپرژانی ڕەمەکی خەڵکەکەوە.

لـە ١٩٩٥ UNHCR کۆمـەك و دارایـی پێـشکەش بـە زیاتر لە نۆزدە ملیۆن مرۆڤ کردوە لەسەر ئاستی جیهان.

لە بەرامبەر کارە مرۆڤدۆستانەکانی UNHCR خەڵاتی ئاشتی نۆبڵی بەدەست هێنا لـە ١٩٥٤ و ١٩٨١دا، هـەروەها ژمارەیـەکی زۆریـش خـەڵاتی تـری لـە سـەر هـەمان مەبەسـت وەرگرتوە.

کۆتایی ...



ئەم کتێبە لەم سەرچاوە ئینگلیزییانەوە ئامادەکراوە و وەرگێڕدراوە:


* www.un.org

* Microsoft Encarta Reference